# یەکێتی لە مەخموور بەگومانە لە پارتی

**ڕووداو- هەولێر**

بەرپرسێکی یەکێتی لە مەخموور دەڵێت پارتی هێزێکی زۆری هێناوەتە سنووری قەزای مەخموور، ئامانجەکەشی ئەوەیە دەست بەسەر بیرە نەوتەکانی ئەو ناوچەیەدا بگرێ.

ڕەشاد گەلالی، لێپرسراوی کۆمیتەی مەخمووری یەکێتی بە (ڕووداو)ی گوت "هێزێکی پێشمەرگەی سەر بە پارتی لە سنووری مەخموور کۆکراونەتەوە، هێزەکە بۆ دوو ئامانج هاتوون، یەکەمیان دەستگرتن بەسەر بیرە نەوتەکان و دووەمیشیان ڕووبەڕووبوونەوەی گەریلاکانی پەکەکە".

بەڵام بەرپرسانی پێشمەرگە لەو سنوورە دەڵێن هیچ هێزێکی زیادە نەبراوەتە میحوەری مەخموور و ئەو ئیدیعایە ڕەتدەکەنەوە.

سیروان بارزانی، سەرپەرشتیاری میحوەرەکانی گوێر-مەخمووری هێزی پێشمەرگە لەوبارەیەوە گوتی: "لە سنووری مەخموور هیچ کێشەیەک لە نێوان پێشمەرگە و گەریلادا نییە و هیچ هێزێکیش لەو سنوورە کۆنەکراوەتەوە، ئەوەی کە کراوە تەنیا کێومالکردنێک بووە لەلایەن فەرماندەکانی پێشمەرگەوە لە سنوورەکە وەکو ئامادەکارییەک بۆ ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی حەویجە".

ئەو قسانە لەکاتێکدایە کە بەگوتەی ڕزگار محەممەد، قائیمقامی قەزای مەخموور، ئیدارەی کەمپی ئاوارەکانی باکووری کوردستان لەو سنوورە کە سەر بە پەکەکەن، ماوەیەکە لەڕووی کارگێڕییەوە خۆی لە قایمقامیەتی ئەو قەزایە جیاکردووەتەوە و ئەنجوومەنێک بەنێوی "ئەنجوومەنی خۆپارێزی" سەرپەرشتیی دەکات.

هەر لەوبارەوە کرمانج عەبدوڵڵا، بەرپرسی لقی 23ی پارتی لە مەخموور گوتی: "ئەوەی لەبارەی بردنی هێز بۆ مەخموور دەگوترێ ڕاست نییە، ئەوانەی ئەو قسانە دەکەن هیچ لە مەسەلەی سەربازی نازانن، ئەگەر بیانزانیبا جێگۆڕکێ و کێومالکردنیان لێ نەدەبووە کۆکردنەوەی هێز".

«4

# ڕووداو
# RÛDAW

ژمارە (449) دووشەممە 2017/3/13 - 22ی ڕەشەمێ 2716 (750) دینار

**مەجید نیزامەدین گلی**

## دەرفەتێکی دیبلۆماسیی دەگمەن بۆ کورد

16

## خاوەنی کتێبی "چیاکان تاکە هاوڕێمان" ماڵئاوایی کرد

14

## سەرکردەیەکی عێراقی پڕۆژەی دەوڵەتی کوردستان ئامادە دەکات

3

**بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی بۆ (ڕووداو):**

# هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا دەکرێت و سەرووی 42 کورسی دێنین

« 5

## دەنگەکانی گۆڕان و یەکێتی وەکو یەک دەبن




**بە 15 کاندید بەشداری هەڵبژاردنی شارەوانییەکان دەکەن**

## کورد دەبنە بەربژێری نەژادپەرستەکانی فینلاند

« 11

**ژنان** 12

### "خوشکی شەهید" پڕۆژەی بۆ شیفا گەردی هەیە



**ڕاپۆرتە هەواڵ** 2

### هاککەری ئینستاگرامی کچان دەستگیر دەکرێت

**ئابووری** 8

### مانگا بۆرەکە بەقاچاخ گەیشتە کوردستان



**تاراوگە** 11

### هاوڕەگەزخوازانی کورد بە فەرمی دەبنە هاوژین





## هەشت قومارچی دەستگیردەکرێن

رووداو- دهۆک

بەرپرسی راگەیاندنی پۆلیسی دهۆک رایگەیاند: لەشاری دهۆک 8 قومارچی دەستگیرکران کە لەنێو دوو باخدا قوماریان کردووە. رائید هێمن سلێمان، بەرپرسی راگەیاندنی پۆلیسی دهۆک بە (رووداو)ی راگەیاند:" لە شاری دهۆک سێ هاووڵاتی هەرێمی کوردستان و پێنج کەسی بیانیان دەستگیرکرد کە لە نێو دوو خانوودا لە باخەکانی دەوروبەری دهۆک قوماریان دەکرد". رائید هێمن سلێمان گوتیشی "زۆر کەرستە و ئامێری پێشکەوتوویان بۆ قومارکردن بەکارهێناوە ، ئامێرەکانی قوماریان پێدەکرێت ئێستا لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی دهۆکە". رووداو زانیویەتی ئەو ئامێرانەی بۆ قومار بەکارهێنراون بایی نزیکەی 2 ملیۆن دۆلارن.

# لە کوردستان 250 کەس سزای لە سێدارەدانیان هەیە



مەحموود یاسین کوردی

رووداو- هەولێر

نوێنەری راوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لەگەڵ خێزانی مەلا کوژراوەکەی هەولێر کۆدەبێتەوە، داواکاری ئەوانیش لە نوێنەرەکەی راوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایش ئەوە بووە کە بکوژانی کوڕەکەیان لە سێدارە بدرێن.

پێشتر هەفتەنامەی (رووداو) زانیاری لەسەر ئەو باندە بڵاوکردبووەوە کە شەوی 2017/1/31 کەسێکیان بەناوی مەلا مەحموود عوسمان لە گەڕەکی منارەی شاری هەولێر کوشت و پارەکەیان برد.

دوای سێ رۆژ لە بڵاوبوونەوەی راپۆرتەکەی رووداو، بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر لە رۆژی 2017/2/23 لە راگەیەندراوێکدا دەستگیرکردنی گرووپێکی شەش کەسیی راگەیاند کە سێ کەس لەو گرووپە بە ناوەکانی (محەممەد سابیر عەبدوڵڵا، تارق عەزیز مەحموود، سەرکەوت کەریم حەمەد) چەندین تاوانیان ئەنجامدابوو، دوایین تاوانیشیان کوشتنی مەحموود عوسمان بوو.

کاژێر 22:30ی شەوی 2017/1/31 ، مەحموود عوسمان محەممەد ئەمین، تەمەن 34 ساڵ، خاوەنی نووسینگەی ئاڵوگۆڕی دراو و گوتارخوێن و پێشنوێژی پێشووی مزگەوتی سلێمان محەممەد، لەبەردەم ماڵەکەی خۆی لە گەڕەکی منارەی شاری هەولێر کوژرا. قوربانییەکە خوێندکاری ماستەر بوو لە شەریعەتی ئیسلامی.

هەفتەی رابردوو، کەسێک بە نوێنەرایەتی مەسروور بارزانی، راوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، سەردانی خانەوادەی مەلا مەحموودی کرد.

عەبدوڵڵا عوسمان، برای مەحموود عوسمان بە (رووداو)ی راگەیاند: "نوێنەری کاک مەسرور بارزانی لەگەڵ ئێمە کۆبووەوە و بەڵێنی پێداین بە زووترین کات ئەو تاوانبارانە دادگایی بکرێن، هەر کاتێک سزای لە سێدارەدان بۆ ئەو بکوژانەی برامان دەرچوو ئەوان لە رێگای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان رێکارە یاساییەکان دەگرنەبەر بۆ ئەوەی بە سزای خۆیان بگەن".

عەبدوڵڵا عوسمان گوتیشی "داوامان لە نوێنەری کاک مەسرور کرد ئەو تاوانبارانە لە سێدارە بدرێن و کاک مەسعود بارزانی واژۆ لە سەر حوکمەکانیان بکات، ئەوانیش گوتیان کاک مەسروور بارزانی خۆی لە نزیکەوە لەسەر خەتە و ئامادەین بۆ هەموو هاوکارییەک و جێبەجێکردنی داوارییەکی ئێوە".

### گروپەکە دوای 7 ساڵ ئاشکرا بوون

د.هۆگر غەریب هاوڕێیەکی نزیکی مەحموود عوسمانە بە (رووداو)ی گوت "شەهیدکردنی مامۆستا عوسمان تاوانێکی گەورە بوو بەرامبەر شکۆی پایتەختی کوردستان و ئاسایشی کۆمەڵایەتی هەولێر، بۆیە زۆر گرنگە دەستی ئەو جۆرە تاوانانە بە ئاشکرا ببڕدرێت".

د.هۆگر غەریب پێیوایە سزای لەسێدارەدان کەمترین سزایە بۆ ئەو سێ کەسە، چونکە دەڵێت: "ئەو گروپە ماوەی حەوت ساڵە تاوانی جۆراوجۆر ئەنجام دەدەن لە شاری هەولێر.

(رووداو) زانیویەتی ئاسایشی هەولێر داوای لە تاوانلێکراوەکان کردووە سکاڵاکانیان لە پۆلیسەوە بگوازنەوە بۆ ئاسایش، پەراوی

## برای مەلا مەحموود:
## نوێنەری بارزانی بەڵێنی پێداین رێکارەکانی لەسێدارەدانی بکوژانی مەلا مەحموود جێبەجێ بکەن

لێکۆڵینەوەکان لە قۆناغی کۆتاییدایە و بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا دۆسیەکە رادەستی دادگای تاوانەکانی هەولێر، بکرێت.

جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان لە هەرێمی کوردستان هەڵپەسێردراوە. بەپێی بڕگە 7 لە مادده 10ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان- عێراق، ژمارە یەکی ساڵی 2005ی هەموارکراو، پێویستە سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەرسوومی سزای لە سێدارەدان واژۆ بکات، بەڵام لە دوای وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە لایەن مەسعود بارزانییەوە لە حوزەیرانی 2005 تاوەکو ئێستا تەنیا واژۆی لەسەر لەسێدارەدانی چوار کەس کردووە.

دوایین سزای لەسێدارەدان کە بارزانی واژۆی لەسەر کردووە لە رۆژی 2016/11/27 ئەویش بۆ بکوژی کچێکی تەمەن 18 مانگ بوو بەناوی مینا.

سزای لەسێدارەدان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی نوێنەری یەکێتی زانایان و پارێزەری تاوانلێکراو جێبەجێ دەکرێ.

### داعش ئامارەی لە سێدارەدانی بەرزکردووەتەوە

محەممەد هاودیانی، وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارەی ئەو تاوانبارانەی ئاشکراکرد کە سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووە و بە (رووداو)ی راگەیاند :"250 کەس لە لای ئێمە لە چاکسازییەکان بە تاوانانی جۆراوجۆران سزای لە سێدارەدانیان بۆ دەرچووە و سزاکەیان جێبەجێ نەکراوە". بەڵام (رووداو) زانیویەتی ژمارەکە زۆر لەوە زیاترە، چونکە هەندێک لەوانەی بەهۆی ئەنجامدانی تاوانی تیرۆرەوە سزای لە سێدارەدانیان بۆ دەرچووە، هەر لەلای ئاسایش ماونەتەوە و ئیحالەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاکسازیی سەر بە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی نەکراون.

# لە هەولێر هاککەرێک دەستگیر دەکرێت

دیمەن بورهان

رووداو- هەولێر

عەبدوڵڵا شەو تا بەیانی سەری لەسەر مۆبایل و کۆمپیوتەر بوو، تا وای لێهات بووە کەسێکی شارەزا لە بوارەکانی تەکنەلۆژیا بەگشتی و جۆرەکانی هاککردن بەتایبەتی، بەڵام تواناکەی بووە بەڵا بۆ چەندین کچ و پەیجی گشتی و تایبەتی.

عەبدوڵڵا ئەحمەد، 22 ساڵ، خەڵکی دەوروبەری شاری هەولێرە، بۆ (رووداو)ی باس دەکات کە چۆن پەیوەست بووە بە مۆبایلەوە "وەک تلیاک گیرۆدەی مۆبایل بووم، دوای ئەوەی ناوم لە پەیمانگا دەرچوو، کە خواستی من نەبوو. دەمویست بچمە کۆلێژ. زیاتر ئاڵوودە بووم، بەجۆرێک لەماوەی ساڵێکدا توانیم لەڕێگەی یوتوب تەواو خۆم فێربکەم و داونلۆدی هەموو بەرنامە هاککەرەکان بکەم. شەوان دوو بۆ سێ سەعات دەنووستم، ژیانم بوو بە هاککردن".

عەبدوڵڵا هۆکاری بوون بە هاککەر بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە هیچ کارێکی نەبووە بیکات و سەرەتا وەک حەزێک بووە "تەنیا حەزم لە دەستگرتن بوو بەسەر پەیجەکاندا، چێژم لەوە دەبینی کە تکام لێبکەن تا بۆیان بگەڕێنمەوە، بۆیە چەندین ئینستاگرامی کچم هاک دەکرد، بەڵام دوای ئەوەی داوایان دەکرد و دەگریان، دەمدانەوە". عەبدوڵڵا دەشڵێت "ئەو گەنجانەی خەریکی دروستکردنی باند و هاککردنن، ئەگەر وەک من زیندانی نەکرێن واز ناهێنن، چونکە تێکەڵی خوێنمان بووە".

### عەبدوڵڵای هاککەر:
### چێژ لە هاککردن وەردەگرم

عەبدوڵڵا باس لە جۆرەکانی هاککردن دەکات "هاک باک ئارچ و هاک باک تراک کە یەکەمیان بۆ شکاندنی کۆدی ئینتەرنێت و دووەمیشیان بۆ پارازیت خستنە سەرکەناڵ و دەزگاکانە، ئەگەرچی بەهەزاران کۆدی تێدایە و ئیشی کەم نییە، بەڵام ئاسانە ئەگەر مێشکێکی فراوانت هەبێت. جۆری سێیەمیش هاککردنە لەڕێگەی ئیمەیڵی کەسەکانەوە کە کارێکی زۆر ئاسانە لەلای من. ئەویش بە ناردنی لینکێک کە خاوەن پەیجەکە یاخود کەسەکە وادەزانێت لە کۆمپانیاکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بۆی هاتووە".

عەبدوڵڵا خۆی دەکات بە خاوەنی یەکێک لەو کۆمپانیایانە و دوای لێدەکات لەماوەی 24 کاژێر ئینستاگرام کۆمفێرن بکە، ئەگینا پەیجەکەت دادەخرێت، کەسەکەش دەچێتە نێو لینکەکە و پاسۆردی خۆی لێدەدات، راستەوخۆ بۆ ئەو دەچێت. عەبدوڵڵا دەڵێت "ئەوە کاری من بوو، حەزی خۆم بوو، پێم خۆش نەبوو کەسێک لە تەکنەلۆیا نەزانێت و ئیشی پێبکات، چونکە هەر کەسێک تەکنەلۆژیا بزانێ، دەبێت بزانێت هاککەر چەندە فێڵی هەیە".

(ش) یەکێکە لە خاوەنی وێنەگرە بەناوبانگ و ناسراوەکانی هەرێمی کوردستان. کە زیاتر لە 330 هەزار لایک بۆ ئینستاگرامەکەی هاتووە، کە تایبەتە بە ئاهەنگی بووکگواستنەوە و ماوەی چوار رۆژە ئەکاونتەکەی نەماوە.

(ش) لەبارەی نەمانی ئەکاونتەکەیەوە دەڵێت "بەیانی بوو ئەکاونتەکەم نەما، دواتر بۆ شەو هاتەوە، بەڵام دوای 10 کاژێر دووبارە نەمایەوە، لینکێک هات بەناوی ئینستاگرام، ئێمەش کە خاوەن فۆلۆیەکی زۆرین وامانزانی کۆمپانیای ئینستاگرام ناردوویەتی، بەڵام لەڕێگەی هاوڕێکانمەوە ئاگادارکرامەوە کە ئەکاونتەکە هەر بە ناوی خۆمان کراوەتەوە، ئێمەش دایرێکتمان بۆ کرد و نووسیمان تۆ کێی، ئەویش گوتی من ئەم ئەکاونتەم لە کەسێکی خەڵکی سلێمانی کڕیوەتەوە بە 410 دۆلار، منیش پێمگوت ئەمە هی ئێمەیە و ناکرێت دەستی لێبدەی، چونکە وێنەی هەزاران کەسی تێدایە، کە لای ئێمە ماونەتەوە، بۆیە هیچکام لەم وێنانە بڵاونەکەیتەوە و کێشەمان پارە نابێت. ئەویش گوتی من ئیشم بەم پەیجە نییە، تەنیا پارەکەم بدەنەوە و هیچی دیکەم ناوێت".

(ش) دەشڵێت "زۆر هەوڵمدا لەگەڵی دابنیشم، بۆیە دوای چەند رۆژێک رازی بوو ببینم و ئەکاونتەکەی لێبکڕمەوە بە 500 دۆلار، بۆیە رۆژی 2017/3/12 هاتم بۆ هەولێر، سەرەتا ناونیشانێکی پێدام، بەڵام کە چووم لەوێ نەبوو، بە تەلەفۆن ئاگاداری کردمەوە کە بچمە ناونیشانێکی دیکە، بەڵام لەوێش نەبوو، دواتر پێیگوتم کە بڕۆمە ناونیشانێکی دیکە، کە چووم لەوێ عەبدوڵڵام بینی، بۆیە پێموایە کە عەبدوڵڵا بەتەنیا نییە و ئەوان باندن، چونکە ناونیشانی یەکەم و دووەمی پێ گۆڕیم، دیارە کەسی لەو ناونیشانانە داناوە و بۆ ئەوەی دڵنیابێت کە کەسم لەگەڵ نییە، چونکە دەیزانی بەتەنیا نیم".

عەبدوڵڵا شارەزا بووە لە هاککردن، بەڵام سەرەرای گۆڕینی چەندین ناونیشان. نەیتوانیوە شارەزایانە لە دوای هێزە ئەمنییەکان خۆی دەرباز بکات.

(ش) گوتی "عەبدوڵڵا لەو ماوەیە بە زیاتر لە 10 ژمارە پەیوەندی پێوەکردم. دوای ئەوەی ناونیشانی سێیەمی پێدام بە تەنیا چوومە شوێنەکە. هاوڕێکانم و پۆلیسی شارەوانی کە پێشتر ئاگادارم کردبوونەوە، لە دوورەوە چاودێریان دەکرد، دوای ئەوەی کە بینیم و رێککەوتین، لەکاتی مامەڵەکە و پێدانی پارەکە بە سوپاسەوە لەلایەن پۆلیسی شارەوانییەوە دەستگیرکرا". مقەدەم فەخرەدین نوری، بەڕێوەبەری پۆلیسی شارەوانیی هەولێر لەبارەی ئەم کەیسەوە بە (رووداو)ی گوت "پاش ئەوەی لەلایەن هاووڵاتییەکی شاری سلێمانی ئاگادار کراینەوە کە کەسێک لە هەولێر پەیجەکەیانی کە تایبەتە بە وێنەگرتن هاککردووە و لە بەرامبەر دانەوەیدا داوای پارە دەکات، ئێمەش لەڕێگەی پۆلیسی شارەوانییەوە لەکاتی مامەڵەی رادەستکردنی پارەکە لەلایەن خاوەن پەیجەکەوە، توانیمان کەسی تۆمەتبار دەستگیربکەین".

### کەسوکارەکەی دەڵێن خەتای پزیشکە

# ژنێک بە نەشتەرگەریی بچووککردنەوەی گەدە دەمرێت

دیمەن بورهان

رووداو- هەولێر

نەرمین چەند جارێک نەشتەرگەریی لابردنی چەوری کردبوو، دواتر بە گرەنتی چوو بۆ لای پزیشکێک بۆ ئەوەی گەدەی بچووک بکاتەوە و بە لەشولارێکی رێک بگات، بەڵام مەرگ نەیهێشت بە خەونەکەی بگات، دوای چەند رۆژێک لە ئەنجامدانی نەشتەرگەری، گیانی دەرچوو.

نەرمین محەممەد غەریب، تەمەن 46 ساڵ، پاش هەفتەیەک لە نەشتەرگەریی بچوککردنەوەی گەدەی، لە کۆتا رۆژی مانگی رابردوودا گیانی سپارد. هادی عەبدوڵڵا کە پێشمەرگەیە و هاوژینی نەرمینە، بە (رووداو)ی گوت "هاوژینەکەم بەردەوام خەمی قەڵەوی و زۆریی کێشی دەخوارد، دوو ساڵ لەمەوپێش لە هەولێر دووجار نەشتەرگەری لابردنی چەوریم بۆ کرد، بەو هۆیەوە 15 کیلۆ چەوری سکیان لابرد و کێشی دابەزی. بەڵام هێشتا دەیویست لەو چەورییە زیادەی رزگاری بێت و کێشی کەمتر ببێتەوە، بۆیە ئەمساڵ دووبارە ویستی نەشتەرگەری بکات، بەڵام رێگەم پێنەدا، وەک ئەوەی دڵم خەبەری دابێت شتێکی بەسەردێ. بەڵام ئەو لەڕێگەی خزمێکیەوە چوو بۆ سلێمانی بۆ لای دکتۆر (ئە، ە) و بڕیاری نەشتەرگەری دا".

بە گوتەی هاوژینەکەی، نەرمین هیچ نەخۆشییەکی نەبوو. پشکنینەکانی تەواو بوو، ئەو رۆژەی بڕیاری نەشتەرگەری دا ئەو لە دەوام بووە، وەکو کەسوکاری واژۆی لەسەر نەشتەرگەرییەکە نەکردووە، بەڵام هاوژینەکەی تەلەفۆنی بۆ کردووە کە بچێ بۆ لای، ئەویش لە دەوامەوە چووە بۆ لای "زۆر تکام لێکرد کە نەشتەرگەرییەکە نەکات، بەڵام ئەو سوور بوو لەسەر ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکە".

هاوژینی نەرمین دەشڵێت لەبارەی نەشتەرگەرییەکەوە پرسیاری لە پزیشکەکە کرد و پێمگوت "ئەگەر نەشتەرگەرییەکە مەترسی تێدایە مەیکە، بەڵام پزیشکەکە گوتی نەشتەرگەریمان بۆ سەدان کەس کردووە، کەسیان هیچ کێشەی نەبووە، پێویست بە ترس ناکات".

وەک هاوژینەکەی باسی دەکات نەرمین بڕی پێنج هەزار دۆلاری بۆ نەشتەرگەرییەکەی قەرز کردووە "بەڵام بەهۆی ئەم نەشتەرگەرییەوە هەم ماڵ و هەم هاوژین و ژیانیشم رۆیشت". هادی وایگوت.

نەرمین شەش منداڵی لەدوای خۆی بۆ هادی جێهێشت. هادی کە کرێچییە، زیاتر باسی ئەو نەشتەرگەرییە و دەرکەوتە و کاریگەرییەکانی لەسەر هاوژینەکەی دەکات "کاژێر 9ی بەیانی تاوەکو کاژێر یەکی پاش نیوەڕۆ لە ژووری نەشتەرگەری بوو 50%ی گەدەیان بڕی، دوای شەوێک مانەوە لە نەخۆشخانە دکتۆر (ا. ە) گوتی هاوژینەکەت هیچ کێشەی نییە و بیبەنەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام کاتێک هێنامانەوە بۆ ماڵەوە هاوژینەکەم دەرشایەوە و خوێنی لەگەڵ بوو، بۆیە پەیوەندیمان بە پزیشکەکەوە کرد، بەڵام ئەو گوتی ئەوە پاشماوەی خوێنی نێو گەدەیەتی و هیچ کێشەی نییە، بەڵام پاش هەفتەیەک بۆ دەرکردنی تەقەڵەکانی بیهێننەوە بۆ لام، بەڵام نەرمینی هاوژینم بەردەوام خوێنی هەڵدەهێنایەوە، ئەو رۆژەش کە بردمانەوە بۆ لای پزیشکەکەی هیچ پشکنین و سۆنارێکی بۆ نەکرد، تەنیا تەقەڵی دەرکرد و گوتی هیچ کێشەی نییە، لە نۆهەمین رۆژی نەشتەرگەریدا نەرمین دوای نوستنی شەو، بۆ بەیانی بەخەبەرنەهات و گیانی لەدەستدا".

هاوژینی نەرمین دەڵێت "دکتۆر (ئە.ە) هاوژینەکەی منی کوشت، هەر ئەویش ژیانی خێزانی منی تێکدا". سەبارەت بە تۆمارکردنی سکاڵا لەسەر ئەو پزیشکەی کە بە مردنی هاوژینەکەی تۆمەتباری دەکات. هادی گوتی "من باوەڕم بە یاسا و حکومەت نییە، من لە رێگەی عەشارییەوە مافی هاوژینەکەمی لێوەردەگرمەوە".

(رووداو) چەند جارێک پەیوەندی بەو پزیشکەوە کرد کە نەشتەرگەرییەکەی بۆ نەرمین ئەنجام دابوو، بەڵام مۆبایلەکەی داخرابوو.



## باڤڵ تاڵەبانی: کێشەکانی نێو یەکێتی بەرەو چارەسەرن

ڕووداو- سلێمانی

باڤڵ تاڵەبانی، لێپرسراوی کاروباری دژایەتی تیرۆر لە پەیجی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک سەبارەت بە دۆخی ناوخۆیی یەکێتی ڕایگەیاند: "کێشەکانی نێو یەکێتی بە تەواویی بەرەو چارەسەر دەچن و هەموو هەوڵەکان لەپێناو یەکێتی ناو یەکێتی بەرەوپێشچوونی باشی بەخۆیەوە بینیوە". باڤڵ تاڵەبانی، کە لەماوەی ڕابردوو ڕۆڵی بینیوە لە نزیککردنەوەی لایەنە ناکۆکەکانی نێو یەکێتی، هەروەها دەڵێت "ئێستا، سەرجەم سەرکردەکانی یەکێتی کۆکن لەسەر پاراستنی یەکێتی ناو یەکێتی و خزمەتکردن بە کۆمەڵانی خەڵک و تێپەڕاندنی قەیرانەکانی نێو یەکێتی و هەرێمی کوردستان".



ڕاپۆرت

ڕووداو

ژمارە (449) - دووشەممە 2017/3/13

# سەرکردەیەکی عێراقی پرۆژەی دەوڵەتی کوردستان ئامادە دەکات

## شیروان وائیلی: کۆبوونەوەکەی بارزانی زۆر ڕاشکاوانە بوو

## عەبدولکەریم خەسرۆ: بارزانی بە شاندە عێراقیەکەی گوت جگە لە سەربەخۆیی هیچ بژارەیەکی دیکەمان نییە



نەهرۆ محەممەد
ڕووداو- هەولێر

سەرکردەیەکی سیاسی عێراقی دەڵێت پرۆژەیەکی بۆ دەوڵەتی کوردستان ئامادە کردووە و لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیش باسی پرۆژەکەی کردووە. بەشداربوویەکی کۆبوونەوەکەی ناوەندی ڕافیدەین لەگەڵ بارزانیش دەڵێت، بە بارزانییان ڕاگەیاندووە کە عێراق بەبێ کوردستان، بێ ڕەنگ و بێ تام دەبێ.

ناوەندی ڕافیدەین بۆ دیالۆگ کە لەکۆتایی ساڵی 2013 دامەزراوە، ئۆفیسی سەرەکی لە شاری نەجەفە، کۆمەڵێک کەسایەتی ئەکادیمی، سیاسی، ڕۆشنبیر و دەستەبژێری عێراقی و پێکهاتە جیاوازەکانی لەخۆگرتووە، خۆیان وەک ناوەندێکی سەربەخۆ دەناسێنن و ئامانجیان ئەنجامدان و پەرەپێدانی دیالۆگە.

ئەو ناوەندە پێشتر لەگەڵ هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق، موقتەدا سەدر، ڕێبەری ڕەوتی سەدر، عەمار حەکیم، سەرۆکی هاوپەیمانی نیشتمانی و چەندین بەرپرسی دیکە کۆبوونەتەوە. ڕۆژی شەممە 2017/3/11 لەگەڵ مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش، پرسی ئایندەی هەرێمی کوردستانیان لە عێراقی نوێدا تاوتوێ کرد.

د.تالب محەممەد، گوتەبێژی ناوەندی ڕافیدەین بۆ دیالۆگ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە دیدارەکەدا جەختی لەسەر دوو خاڵی گرنگ کردەوە، یەکەم: بەغدا قووڵایی ستراتیژیانە. دووەم: سنوورەکان بە خوێن ناکێشرێن، بەڵکو بە دیالۆگ و گفتوگۆ دەبێت".

بارزانی بە ئەندامانی ناوەندەکەی ڕاگەیاندووە "بەپێی پرەنسیپەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان گەلی کورد مافی خۆیەتی بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات".

گوتەبێژی ناوەندی ڕافیدەین بۆ دیالۆگ پێیوایە دوای کۆبوونەوەکە گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە ئەگەر جدییەت هەبێت، دەکرێت کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بە دیالۆگ چارەسەر بکرێن.

د.تالب دەڵێت ئەوە یەکەمین دانیشتنیان نابێ بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا "ڕێککەوتووین کە دانیشتنی دیکەی لەو شێوەیە بکرێ. ئێمە پەیامی هەرێمی کوردستان دەگەیەنینە شەقامی عێراقی و بڕیار بەدەستان".

د. نەدیم جابری، ئەمینداری پێشووی حزبی فەزیلە، یەکێک لە بەشداربووانی کۆبوونەوەکە بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی گوت، لە کۆبوونەوەکەدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێیگوتوون لە سەردەمی مەلا مستەفا بارزانیدا ئەوان دروشمی حوکمی زاتی بۆ کوردستان و دیموکراسی- بۆ عێراقیان بەرز کردەوە، بەڵام بەغدا پێوەی پابەند نەبوو. لە دوای 2003وە دەسەڵاتدارانی بەغداش پابەندی دەستوور نەبوون، بۆیە گەیشتوونەتە قۆناغی نائومێدبوون لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا و لە ڕووی دیفاکتۆوە عێراق ئێستا دابەش بووە".

لەکۆبوونەکەدا چەندین بیروبۆچوونی جیاواز خرانەڕوو، لەوانە پاراستنی یەکێتیی خاکی عێراق و پەنا نەبردن بۆ جیابوونەوە. دەستکردن بە گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. خستنەڕووی سیستەمی کۆنفیدرالی وەک دوو دەوڵەت. خواستی کورد لە بەدیهێنانی سەربەخۆیی. هەندێکی دیکە داوایان کرد ڕاگەیاندنی دەوڵەت لە ڕێگەی بەغداوە بێت نەک بە فاکتەری دەرەوە.

جابری، کە ئەندامی پێشووی پەرلەمانی عێراق بووە، دەڵێت "لەبارەی ڕاگەیاندنی دەوڵەت بارزانی جەختی لەسەر دوو خاڵی گرنگ کردەوە، یەکەم: بەبێ ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا نابێت و دووەم: پەنا بۆ بەکارهێنانی هێز نابەن بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو پرسە، بەڵکو بە ئاشتیخوازانە دەبێ".

نەدیم جابری باسی هەڵوێستی خۆی لە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان کرد و گوتی "ئێستا هاوسۆزییەک بۆ سەربەخۆیی کوردستان هەیە، کوردیش وەک تەواوی گەلان مافی خۆیەتی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەبێت".

نەدیم جابری ئاشکرای کرد "پرۆژەیەکم لەبارەی سەربەخۆیی کوردستان ئامادە کردووە و تەواوی وردەکارییەکانی ئەو دەوڵەتە، هەنگاوەکانی، پێدانی گرەنتی و پەیوەندییەکان لەگەڵ عێراق و ناوچەکەی لەخۆگرتووە و لەگەڵ د.فوئاد حوسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان باسم کردووە. لە دیدارێکی دیکەدا لە داهاتوو، وردەکاریی ئەو پرۆژەیە دەخەمەڕوو".

شیروان وائیلی، ڕاوێژکاری سەرۆککۆماری عێراق، یەکێکی دیکە بوو لە بەشداربووانی کۆبوونەوەکە و بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کۆبوونەوەکە زۆر ڕاشکاوانە بوو، باسی جیابوونەوە و ئایندەی هەرێمی کوردستان کرا لە دوای داعش، بارزانی باسی ئەو پاساوانەی کرد کە بۆ جیابوونەوە لە عێراق هەیەتی".

وائیلی، وەزیری پێشووتری ئاسایشی نیشتمانی عێراقی، مافی بڕیاردانی چارەنووس، بە مافێکی ڕەوای گەلی کورد دەزانێت، بەڵام دەڵێت "ئێمە وەک بەشداربووان، مکوڕ بووین و خواستی خۆمان بۆ مانەوەی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراق دووپاتکردەوە".

هاوکات عەبدولکەریم خەسرۆ، مامۆستای زانکۆ کە یەکێک بوو لە بەشداربووانی کۆبوونەوەکە، دەڵێت "سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕاشکاوانە ڕایگەیاند، جگە لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان هیچ بژارەیەکی دیکە نابینین. بەڵام دڵنیایی دا کە پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان بە ئاشتییانە دەبێت و لەگەڵ بەغدا و لایەنە سیاسییەکان گفتوگۆ دەکەن". عەبدولکەریم خەسرۆ دەشڵێت "شاندەکە لەوە تێگەیشتن کە پرسی سەربەخۆیی کوردستان زۆر جدییە و بەهیچ شێوەیەک پروپاگەندەی میدیایی نییە، وەک هەندێک باسی دەکەن".

## عەبادی داوای ڕێککەوتن دەکات لەسەر ناوچە کوردستانییەکان

# یەکێتی هەڵبژاردن و پارتیش گشتپرسی بۆ کەرکووک بە چارەسەر دەزانن

## پارتی: پەیامەکەی عەبادی وەڵامێک بوو بۆ مالیکی

## یەکگرتوو: کورد ئامادە نییە بۆ دانوستاندن لەسەر ئەو ناوچانە

## گۆڕان: ئێستا باشترین کاتە بۆ چارەسەری پرسی کەرکووک

مەحموود یاسین کوردی
ڕووداو- هەولێر

بەرپرسێکی پارتی دەڵێت ئەو پێشنیازەی حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق لە پێنجەمین دیداری سلێمانی کردی بۆ چارەسەری کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، پەیامێک بوو بۆ نووری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق. بەرپرسێکی یەکێتیش دەڵێت باشترین چارەسەر بۆ کێشەی ئەو ناوچانە، ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانە لەو ناوچانە.

لە پێنجەمین دیداری سلێمانیدا کە هەفتەی ڕابردوو لە زانکۆی ئەمریکی لە شاری سلێمانی بەڕێوەچوو، حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق، پەیامێکی نوێی ئاراستەی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان کرد، کاتێک لەبارەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانەوە گوتی "ئەو ناوچە ناکۆکی لەسەرانە دەکەینە ناوچەی ڕێککەوتن لەسەر".

### "پەیامێکە بۆ مالیکی"

شاخەوان عەبدوڵڵا، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق پێیوایە ئەو قسەیەی عەبادی، پەیامێکی ناڕاستەوخۆ بوو بۆ نووری مالیکی کە دەیەوێ کێشە بۆ ئەو ناوچانە دروست بکات.

شاخەوان عەبدوڵڵا کە یەکێکە لە نوێنەرانی کەرکووک لە پەرلەمانی عێراق، دەڵێت "عەبادی باش دەزانێت کە پێشمەرگە لە دوای ڕێککەوتنی 2016/10/17 جارێکی دیکە ناکشێتەوە، بەڵام ناوێرێت لەبەر شەقامی عێراقی، ئەو ڕێککەوتنەی بە ئامادەبوونی ئەمریکییەکان لەگەڵ بارزانی کردی بۆ ئازادکردنی موسڵ، ئاشکرا بکات".

شاخەوان عەبدوڵڵا ئاماژە بە یەکێکی دیکە لە نیشانەکانی بێئومێدبوونی حکومەتی عێراق لەو ناوچانە دەکات و دەڵێت "عەبادی تێگەیشتووە کە جارێکی دیکە ئەو ناوچانە ناگەڕێنەوە بۆ پێش 2014، بۆیە هیچ هەنگاوێکی بۆ ئاوەدانکردنەوە و دابینکردنی بودجە بۆ گەڕاندنەوەی یەکە کارگێڕییەکان بۆ ئەو ناوچانە نەناوە و ئێستاش داوا دەکات ئەو ناوچانە بە هاوبەشی بەڕێوەببردرێن".

بەبڕوای ئەو پەرلەمانتارەی پارتی، باشترین بژارە بۆ چارەسەری کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان "هاتنی هێزێکی نێودەوڵەتییە بۆ ئەنجامدانی گشتپرسی لەسەر چارەنووسی ئەو ناوچانە، بەتایبەت دەشتی نەینەوا کە فرە پێکهاتەیە".

### یەکگرتوو: کورد بۆ دانوستاندن ئامادە نییە

بەرپرسێکی یەکگرتوو پێیوایە کورد ئامادە نییە بۆ ئەوەی دانوستاندن لەسەر خاکی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان بکات.

موسەننا ئەمین، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی عێراق دەڵێت "کورد ئامادە نییە بۆ ئەو دانوستاندنە، پەرتەوازەیی و دوورییەکی زۆر لە نێوان لایەنە کوردستانییەکان هەیە، بۆیە دەبێ نێوماڵی خۆی یەکبخات، ئینجا لەگەڵ بەغدا دانوستاندن لەسەر ئەو ناوچانە بکات، ئەگەر بارودۆخەکە بەو شێوەیە بێ، سلێمانی بە سیاسەتێک و هەولێریش بە سیاسەتێک بێت، کورد سفر بە دەست دەبێت".

موسەننا ئەمین پێیوایە عەبادی دەیەوێ تۆپەکە بخاتە گۆڕەپانی لایەنە کوردستانییەکان و بڵێ من ئامادەم بۆ ڕێککەوتن، بەڵام ئێوە ناکۆک و فرە بۆچوونن.

### یەکێتی: هەڵبژاردن چارەسەرە

یەکێتی پێیوایە دەبێ بە سەپاندنی ئەمری واقیع لەگەڵ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان مامەڵە بکرێت، باشترین بژارەش ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانە لەو ناوچانە.

گۆران ئازاد، پەرلەمانتاری یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان، بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو ناوچانەی کە بەپێی دەستووری عێراق کێشە لەسەرن، لەلایەن پێشمەرگەوە دەپارێزرێن، بە خوێنی خۆمان ڕزگارمان کردوون و نەوتەکەشی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەفرۆشرێت، ئەمە مانای ئەوەیە کە لەڕووی سەربازی و ئابوورییەوە لە ژێر کۆنترۆڵی کوردە، کەواتە لەڕووی سیاسییەوە مافی خۆمانە ماددەی 140 بە تەواوەتی جێبەجێ بکەین".

بەبڕوای گۆران ئازاد، باشترین بژارە ئەنجامدانی هەڵبژاردنە لەو ناوچانە "باشترین بژارە بە بڕوای یەکێتی، هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانە لەو ناوچانە کە بکرێتە ئەمری واقع و دەستکاری یاسای هەڵبژاردن بکەین، کورسی عەرەبی ڕەسەن دیاری بکەین و کۆتای نەتەوە و پێکهاتەکانی ئەو ناوچانە دەستکاریی بکەین".

هاوکات پەرلەمانتارێکی بزووتنەوەی گۆڕان لە بەغدا پێیوایە ئێستا باشترین کاتە بۆ یەکلاکردنەوەی پرسی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان.

ئەمین بەکر، لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی گوت :"ئێستا باشترین کاتە بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنووسی ئەم ناوچانە بە ڕێگای یاسایی، چونکە لە ڕووی واقیعییەوە کورد ئیدارەی ئەو ناوچانە دەکات. پێویستە دڵنیایی بدرێتە خەڵکی ئەم ناوچانە کە مافەکانیان پارێزراوە، بە تایبەتی عەرەبی سوننە کە ئێستا زۆربەیان ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون، ئەگەر گوشاریان لەسەر نەکرێت ئامادەنین بە گەڕانەوەی ناوچەکانی ماددەی 140 بۆ سەر هەرێمی کوردستان".

ئەو پەرلەمانتارەی گۆڕان پێیوایە عەبادی بە لایەوە گرنگە کێشە و شەڕ لەو ناوچانە دروست نەبێ، بۆیە ئامادەیی خۆی دەربڕی کە ڕێککەوتن لەسەر ناوچە جێناکۆکەکان بکات. گوتیشی "یەکلاکردنەوەی چارەنووسی ئەم ناوچانە بە ڕێککەوتن لەگەڵ شیعەکانی عێراق و بە گوشار لەسەر سوننەکان دەبێ".

### هاتن و چوونی شاندەکان

دوای سەردانی شاندی باڵای سیاسیی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی بارزانی لە کۆتایی ئەیلوولی ساڵی ڕابردوو بۆ بەغدا، دوو شاندی باڵا لە بەغداوە لە مانگی دوو و سێی ئەمساڵ هاتنە هەولێر.

جاری یەکەم عەمار حەکیم بە پرۆژەیەکی سیاسییەوە هاتە هەولێر و پێشنیازی دروستکردنی چەند لیژنەیەکی هاوبەشی لە نێوان هەولێر و بەغدا خستە بەردەم لایەنەکان. جاری دووەمیش شاندێکی دیکە لە خەڵکی دەستەبژێر و کەسایەتی و ڕووناکبیر لە بەغداوە هاتنە هەولێر. بڕیاریشە دوو شاندی سیاسی و حکومیی هەرێمی کوردستان بۆ گفتگۆکردن لەسەر کێشە و ناکۆکییەکان سەردانی بەغدا بکەن. (ڕووداو) زانیویەتی لە هەموو ئەو کۆبوونەوانەدا پرسی سەربەخۆیی و دۆزینەوەی شێوازێکی نوێی حوکمڕانی بۆ عێراق لە دوای داعش گفتوگۆیان لەبارەیەوە کراوە.

بارزانی لە دیداری شاندی ناوەندی دیالۆگی ڕافیدەین کە ڕۆژی 2017/3/11 لە پیرمام بەڕێوەچوو، لەبارەی ئایندەی ناوچە کوردستانییەکان گوتی :"هیچ کەس و لایەنێک بۆی نییە سیغەیەکی دیاریکراو بەسەر خەڵکەکەیدا بسەپێنێ".

ئەگەرچی بەپێی ماددەی 140ی دەستووری عێراق دەبوو پێش 10 ساڵ پرسی چارەنووسی ناوچە کوردستانییەکان یەکلایی کرابایەوە، بەڵام لە ماوەی یەک ساڵی حوکمڕانی ئیبراهیم جەعفەری و هەشت ساڵی نووری مالیکی کە هەردووکیان سەر بە حیزبی دەعوەی ئیسلامی بوون، ماددەی 140ی دەستوور یەکێک بوو لە کێشە سەرەکییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا.



## سوننەکانی کەرکووک داوای پێشمەرگە دەکەن

**رووداو- کەرکووک**

دوای پێکهێنانی هێزێکی هەزار و 200 کەسی، عەرەبە سوننەکانی کەرکووک هێشتا چاویان لەوەیە پێشمەرگە بەشداری شەڕی کۆنترۆڵکردنەوەی حەویجەیان لەگەڵدا بکات. مەسروور ناجی، سەرۆک هۆزی جبووری بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند "ئێمە پۆلیسی قەزا و ناحیەکان و پێشمەرگەمان هەیە، کە داوای ئازادکردنی حەویجەیان لێبکەین. هیوادارین حەویجە کۆنترۆڵبکرێتەوە، بۆیە داوا لەسەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەین کاری جددی و هەوڵی خۆی بدات تاوەکو بە زووترین کات ئازادبکرێت". حەشدی شەعبی لە باشووری کەرکووک خۆی بە خاوەنی شەڕی حەویجە دەزانێت و دەڵێت "رێگە نادەن هیچ هێزێک لەبەردەم بەشداریکردنیان لەو شەڕە ببێتە بەربەست.

# یەکێتی لە مەخموور لە هێزەکەی پارتی بە گومانە

**بەرپرسی میحوەری مەخموور -گوێر:**

### ئامانجی هێزەکە تەنیا کێوماڵکردنە بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی حەویجە

**بەرپرسی کۆمیتەی یەکێتی لە مەخموور:**

### پارتی بۆ دوو مەبەست هێزی لە مەخموور کۆکردووەتەوە

**قائیمقامی مەخموور:**

### ئەنجوومەنی کەمپی مەخموور رێگە نادەن سەر بە ئێمە بن

**بەرپرسی لقی پارتی لە مەخموور:**

### یوئێن دژی ئەوەیە کەمپی مەخموور بکرێتە کەمپێکی سەربازی



(فۆتۆ: رووداو)

**سیروان عەباس**
**رووداو- هەولێر**

بەرپرسێکی یەکێتی لە مەخموور دەڵێت پارتی هێزێکی زۆری هێناوەتە سنووری قەزای مەخموور، ئامانجەکەشی ئەوەیە دەست بەسەر بیرە نەوتەکانی ئەو ناوچەیەدا بگرێ، بەڵام بەرپرسی میحوەری مەخموور-گوێری هێزی پێشمەرگە دەڵێت ئامانج لە کۆکردنەوەی هێز لە مەخموور ئامادەکارییە بۆ ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی حەویجە.

ئەو گرژییەی لە خانەسۆر لە نێوان پێشمەرگەی رۆژئاوا و یەکینەکانی بەرخودانی شنگال روویدا، دوور نییە لە مەخموریش دووبارە ببێتەوە، بە تایبەتی دوای ئەوەی گەریلاکانی پەکەکە چەندین سەنگەریان لەسەر چیای قەرەچوغ لێدا و هێزێکی زۆری پێشمەرگەش رەوانەی ناوچەکە کران.

لە شارۆچکەی مەخموور کامپێکی تایبەت بە کوردی باکووری کوردستان هەیە کە زیاتر لە 12 هەزار کەسی تێدا دەژی، هەرچەندە پێشتر ئەو کامپە سەر بە ئیدارەی قەزاکە بوو، بەڵام وەک قائیمقامی شارەکە دەڵێت، کامپەکە لەدەستی ئەوان دەرچووە و ئەنجوومەنێک بەنێوی "ئەنجوومەنی خۆپارێزی" سەرپەرشتیی دەکات.

رزگار محەممەد، قائیمقامی قەزای مەخموور بە (رووداو)ی راگەیاند: "دوو ساڵ و نیوە پێشمەرگە ئەمنیەتی قەزای مەخموور و سنوورەکەی دەپارێزێت، ئەو هێزەی کە داعشی لە مەخموور دەرکرد، هەمان ئەو هێزەیە کە ئێستاش لەوێ ماوەتەوە و هیچ هێزێکی دیکەی بۆ نەبراوە".

سەبارەت بە بوونی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە کەمپەکەدا، قائیمقامی قەزای مەخموور گوتی "زۆربەی ئەو کەسانەی لەنێو کامپی مەخموورن، گەریلای پەکەکەن، پێشتر ئەو کەمپە لە رووی کارگێڕییەوە سەر بە قائیمقامیەت بوو، بەڵام ئێستا ئەنجوومەنی کامپەکە، خۆی لە ئیدارەی ئێمە جیاکردووەتەوە و سەربەخۆیانە مامەڵە دەکەن".

لەدوای رزگارکردنی قەزای مەخموور لە دەستی داعش، ئیدارەی کەمپەکە خەندەقێکی بەچوار دەوری کەمپەکەدا دروستکرد و ناوی لێنا "شووړای خۆپارێزی" هەروەها ژمارەیەک بنکەیان لە چواردەوری کەمپەکە و چیای قەرەچوغ دامەزراندووە.

قائیمقامی مەخموور دەڵێت "چەندین کۆبوونەوەمان لەگەڵ ئەنجوومەنی کامپەکەدا کردووە، بەڵام هیچ ئاکامی نەبووە، ئەمەش بەو واتایە نایەت کە ئیدی کۆنابینەوە، بەڵکو بەردەوام دەبین تاوەکو دەگەینە چارەسەرێکی ریشەیی".

مەخموور میحوەرێکی گرنگی شەڕی دژ بە داعش بوو، لە نزیک سەنتەری شارەکە کامپێکی ئاوارەی باکوور هەیە کە ئەندام و لایەنگری پەکەکەن و ئەوەش مەترسی سەرهەڵدانی پشێویی زیاتر کردووە، هاوشێوەی ئەوەی لە خانەسۆر لە سنووری شنگال روویدا.

رەشاد گەلالی، لێپرسراوی کۆمیتەی مەخمووری یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە (رووداو)ی گوت "هێزێکی پێشمەرگەی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان لە سنووری مەخموور کۆکراونەتەوە، هێزەکە بۆ دوو ئامانج هاتوون، یەکەمیان دەستگرتن بەسەر کۆمپانیا نەوتییەکان و دووەمیشیان رووبەڕووبوونەوەی گەریلاکانی پەکەکە".

بەرپرسەکەی یەکێتی بەدووری دەزانێت پەکەکە مەترسی بێت بۆ سەر ناوچەکە و دەڵێت "ئەوان هەرگیز مەترسی و رێگر نەبوون، نەک تەنیا خۆیان، بەڵکو بەرگری لە تەواوی سنوورەکەش دەکەن. شانبەشانی پێشمەرگە لە شەڕی دژی داعشدا شەهیدیان داوە".

دانیشتووانی کامپەکە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە تێکەڵاوی خەڵکی مەخموور بوون، ژن و ژنخوازی لەنێویاندا هەیە. بەرپرسەکەی یەکێتی بە دووری دەزانێت شەڕ لە نێوان پێشمەرگە و گەریلا لە کەمپی مەخموور روو بدات: "هەر گرژییەک روو بدا ئەمریکا دێتە سەر هێڵ، چونکە لەلایەن ئەمریکاوە پەیام گەیشتووەتە پارتی و هێورکردنەوەی شەڕەکەی خانەسۆریش کاریگەری پەیامی ئەمریکای لەسەر بوو".

بەرپرسی لقی پارتی لەو ناوچەیە دەڵێت هیچ پەیوەندییەکی حیزبییان لەگەڵ پەکەکەدا نییە، بەڵام پەیوەندیی سەربازی لە نێوانیاندا هەیە.

کرمانج عەبدوڵڵا، بەرپرسی لقی 23ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە مەخموور بە (رووداو)ی گوت "لە مەخموور پارتی و پەکەکە لەڕووی حیزبییەوە هیچ پەیوەندییەکیان نییە، بەڵام لیژنەیەکی سەربازی لە هەردوولا بەردەوام کۆدەبنەوە".

سەبارەت بە چوونی هێزی پێشمەرگە بۆ مەخموور، بەرپرسەکەی پارتی گوتی "ئەوەی لەبارەی بردنی هێز بۆ مەخموور دەگوترێ راست نییە، ئەوانەی ئەو قسانە دەکەن هیچ لە مەسەلەی سەربازی نازانن، ئەگەر بیانزانیبا جێگۆڕکێ و کێوماڵکردنیان لێ نەدەبووە کۆکردنەوەی هێز".

لەبارەی کەمپی مەخمووریش کە پەکەکە دەستی بەسەردا گرتووە، کرمانج عەبدوڵڵا گوتی "پەیوەندیی نێوان پەکەکە و رێکخراوی UN باش نییە، چونکە UN پێیوایە نابێت کامپی مەخموور لە کەمپێکی سڤیلەوە بکرێتە سەربازی".

هەرچەندە بەرپرسەکەی یەکێتی دەڵێت پارتی هێزێکی زۆری هێناوەتە قەزای مەخموور، بەڵام بەرپرسانی پێشمەرگە لەو سنوورە دەڵێن هیچ هێزێکی زیادە نەبراوەتە میحوەری مەخموور.

سیروان بارزانی، سەرپەرشتیاری میحوەرەکانی گوێر-مەخمووری هێزی پێشمەرگە دەڵێت: "لە سنووری مەخموور هیچ کێشەیەک لە نێوان پێشمەرگە و گەریلادا نییە و هیچ هێزێکیش لەو سنوورە کۆنەکراوەتەوە، ئەوەی کە کراوە تەنیا کێوماڵکردنێک بووە لەلایەن فەرماندەکانی پێشمەرگەوە لە سنوورەکە وەکو ئامادەکارییەک بۆ ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی حەویجە".

بەڵام بەرپرسەکەی یەکێتی دەڵێت "وای نابینم کۆکردنەوەی ئەو هێزە لە مەخموور بۆ شەڕی داعش بێت".

هەر لەوبارەوە عەزیز وەیسی، فەرماندەی فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی رەتیکردەوە هیچ هێزێکی سەر بە فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی جووڵەی پێ کرابێ بەرەو سنوورەکانی کەرکووک و مەخموور. عەزیز وەیسی بە (رووداو)ی گوت "هێزەکانی زێرەڤانی لەو شوێنانەن کە لە شەڕی دژ بە داعشدا کۆنترۆڵ کراونەتەوە و سنووری خاکی باشووری کوردستانە، ئەمەش ئامانجێکی دیارە کە دوورخستنەوەی زیاتری داعش و تیرۆرە لە هەرێمی کوردستان".

# 700 کوردی ئێزدی بوونەتە پەکەکە

**بەڕێوەبەری ئاسایشی شنگال:**

### پەکەکە 200 منداڵی کوردی ئێزدی هەڵخەڵەتاندووە

**فەرماندەیەکی یەبەشە لە شنگال:**

### کەس بەزۆر نەکراوەتە شەڕڤان



**ناسر عەلی**
**رووداو- شنگال**

لەسەرەتای هاتنی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە بۆ شنگال و دەوروبەری، نزیکەی 700 کوردی ئێزدی پەیوەندیان بە ریزەکانی ئەو حیزبەوە کردووە و بوونەتە شەڕڤان. بەرپرسی ئاسایشی شنگال دەڵێت 200 کەس لەوانە منداڵن و پەکەکە بە فێڵ بردوونی و مێشکی پڕکردوون، بەڵام بەرپرسێکی یەکینەکانی بەرخودانی شنگال زانیارییەکەی بەرپرسی ئاسایش رەتدەکاتەوە و دەشڵێ ئەوانەی بوونەتە شەڕڤان لە 700 کەس زیاترن.

چیرۆکی هاتنی کچ و کوڕە قات بۆرەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان کە بە "گەریلا" ناسراون بۆ دوای هێرشی داعش بۆ سەر شنگال لە 2014/8/3 دەگەڕێتەوە، کاتێک ژمارەیەک لە گەریلاکان لە سنووری رۆژئاوای کوردستانەوە هاتنە نێو خاکی باشووری کوردستان بۆ رزگارکردنی خەڵکی شنگال کە لە چیای شنگال گیریان خواردبوو. ئێستا ئەوان خۆیان بە خانەخوێ دەزانن، چەند هێزێکیشیان لە خەڵکی ناوچەکە دروستکردووە کە دیارترینیان یەکینەکانی بەرخودانی شنگال و یەکینەکانی پاراستنی ژنانی شنگالە.

یەکەم شوێن کە پەکەکە لە باشووری کوردستان شوێنپێی خۆی لێ قایم کرد، کۆمەڵگەی خانەسۆر بوو کە بە یەکێک لە گەورەترین کۆمەڵگەکانی سەر بە قەزای شنگال دادەنرێ و هاوسنوورە لەگەڵ رۆژئاوای کوردستان. گەریلاکانی پەکەکە خۆیان لە دەروازەی چیای شنگال لە ناوچەی کەرسێ جێگیر بوون، بەڵام زۆربەی ئەوانەی لە خانەسۆرن شەڕڤانانی یەکینەکانی بەرخودانی شنگالن کە زۆربەیان ئێزدین.

بەرپرسانی ناوچەکە دەڵێن پەکەکە مەشغوڵبوونی هێزی پێشمەرگەی بە شەڕی سەنتەری شنگالەوە بە دەرفەت زانی، بۆ ئەوەی هێزەکانیان لە کۆمەڵگەی خانەسۆر جێگیر بکەن. بەهۆی ئەوەی خانەسۆر مەترسیی داعشی لەسەر نەمابوو، ژمارەیەکی زۆر کەم لە هێزەکانی پێشمەرگەی تێدا جێگیر بوون.

سەرۆکی یەکێک لە گەورەترین هۆزی کوردی ئێزدی لە خانەسۆر چەند زانیارییەکی لەبارەی رەوشی ئەو کۆمەڵگایە بۆ (رووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "زاڵبوونی هێزەکانی سەر بە پەکەکە لە خانەسۆر لەبەر خەڵکی ئەو کۆمەڵگایە نەبوو کە لایەنگرانی ئەوان بوون، بەڵکو لە سەرەتای کۆنترۆڵکردنەوەی ئەو کۆمەڵگایە لە کانوونی یەکەمی 2014، هێزەکانی پێشمەرگە زیاتر لە سەنتەری شنگال جێگربوون، لەبەرئەوەی خانەسۆر هیچ مەترسیی داعشی لەسەر نەبوو، ژمارەیەکی کەم لە هێزەکانی پێشمەرگە لەنێو کۆمەڵگاکەدا مانەوە، پەکەکەش ئەو بۆشاییەی قۆستەوە و چەند بازگەیەکی لەسەر رێگای خانەسۆر دانا".

کۆمەڵگەی خانەسۆر گەورەترین کۆمەڵگای سەر بە ناحیەی سنوونێیە، پێش هێرشی داعش، ژمارەی دانیشتووانی 41 هەزار کەس بوو، بەڵام لە دوای ئازادکردنی تەنیا 700 خێزان گەڕانەوە کۆمەڵگاکە، بەڵام بەهۆی شەڕی ئەمدواییەی نێوان پێشمەرگەکانی رۆژئاوای کوردستان و شەڕڤانانی یەبەشە، ئێستا تەنیا 50 ماڵی تێدا ماوە.

دەخیل مردار، سەرۆکی هۆزی ئالدەخیلە لە خانەسۆر بە (رووداو)ی گوت "لەو 700 ماڵەی پێش شەڕەکەی نێوان شەڕڤانان و پێشمەرگە لە خانەسۆر بوون، ژمارەیەکی کەمیان لایەنگری پەکەکە بوون، بەپێی زانیاریی ئێمە تەنیا 73 کەسیان سەر بە پەکەکە بوون، زۆربەیان تەمەنیان لە نێوان 13 — 35 ساڵاندایە".

ئەو سەرۆک عەشیرەتە نیگەرانە لە بوونی ئەو هێزانە لە خانەسۆر و دەڵێت "با پێشمەرگە و شەڕڤان، خانەسۆر نەکەنە شوێنی یەکلاکردنەوەی ململانێکانیان، با لە جیاتی ئەوە شنگال ئاوەدان بکەنەوە".

قاسم سمۆ، بەڕێوەبەری ئاسایشی قەزای شنگال لەبارەی ژمارەی کوردی ئێزدی لە ریزەکانی پەکەکەدا دەڵێت "نزیکەی 700 کوردی ئێزدی لەنێو ئەو هێزانەن کە پەکەکە لە شنگال دروستی کردوون. لەوانەش 200یان تەمەنیان لە خوار 18 ساڵانە کە بە فێڵ بردوویانن و مێشکیان پڕکردوون".

قاسم سمۆ، ژمارەی ئافرەتانی کوردی ئێزدی لە ریزەکانی پەکەکە ئاشکرا کرد و گوتی "نزیکەی 10%ی ئەوانەی پەیوەندییان بە هێزەکانی پەکەکەوە کردووە، کچ و ژنی کوردی ئێزدین. زانیاریمان هەیە بەشێک لەو کچ و کوڕە ئێزدیانە ئێستا لە قەندیل و رۆژئاوای کوردستانن".

بەڕێوەبەری ئاسایشی شنگال، خەڵکی گوندی کۆچۆیە کە زۆرترین ئەو ئافرەتانەی کەوتوونەتە دەستی داعش خەڵکی ئەو گوندەن، ئەو زانیاری لەبارەی بەشێک لەو کچانە هەیە کە رزگارکراون و دەڵێت "ناو و زانیاریی وردمان لەبەردەستە، ژمارەیەک لە کچ و کوڕی ئێزدی ئەوانەی لە سووریا رزگار دەبن، گەیشتوونەتە لای هێزەکانی پەکەکە، بەڵام ئەوان نەیانهێشتووە بگەنەوە نێو کەسوکاریان و پێیانگوتوون دەبێ بەرگری بکەن، دواتر رەوانەی سەربازگەکانیان کردوون و چەکیان پێداون".

### "کەس بەزۆر نەکراوەتە شەڕڤان"

بەڵام بەرپرسێکی پەکەکە، هەموو ئەو زانیاریانە رەتدەکاتەوە کە لەبارەی هێزەکانیان لە شنگال دەگوترێن.

زەردەشت شنگال، فەرماندەی یەکینەکانی بەرخودانی شنگال بە (رووداو)ی گوت "ئەو ژمارەیە راست نییە کە لەبارەی شەڕڤانان بڵاوکراوەتەوە، ژمارەکە زۆر لە 700 شەڕڤان زیاترە". هەروەها گوتی "هیچ کەسێک بە زۆر نەبووە بە شەڕڤان، هەموو ئەوانە بە رەزامەندی خۆیان بوونەتە شەڕڤان و بەرگری لە خاکی خۆیان دەکەن".

## خەسرۆ گۆران، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی بۆ ڕووداو:

# بۆ پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان پارتی بێ کاندید نابێت



خەسرۆ گۆران، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی و بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی ئەو حیزبە لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ هەفتەنامەی (ڕووداو) باسی ئامادەکارییەکان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان دەکات و ئاشکرای دەکات کە حیزبەکەی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بێ کاندید نابێ. خەسرۆ گۆران بە نومێدە حیزبەکەی زیاتر لە 42 کورسی بهێنێ و لەبارەی پێگەی جەماوەری گۆڕانیش دەڵێ "جارێکی دیکە 24 کورسی ناهێننەوە".

**هەڤپەیڤین: مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

پێمباشە پارتی و یەکێتی بە لیستی هاوبەش بەشداری هەڵبژاردن بکەن

وەکو پارتی خوازیارین هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا بکرێ

هەموو لایەنەکان لەسەر گۆڕانکاری لە یاسای هەڵبژاردن کۆکن

**ڕووداو: دوای دابینکردنی بودجەی هەڵبژاردن لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، پرۆسەکە چۆن بەڕێوەدەچێت؟**

**خەسرۆ گۆران:** ساردییەک لە دامەزراندنی پەیکەری کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا هەبوو، بەڵام لە سەرەتای ئەمساڵەوە دەست بە دامەزراندنی بەڕێوەبەرە گشتییەکان و بەرپرسی بەشەکان لەسەر بنەمای ئاماری هەڵبژاردنەکانی 2014 لە نێوان لایەنەکان کراوە و حکومەت ڕەزامەندی لەسەر دامەزراندنی 400 فەرمانبەر و بودجەی هەڵبژاردن داوە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە جدییەتێک لە ئەنجامدانی هەڵبژاردندا هەیە.

**ڕووداو: پێتانوایە لەو دۆخەدا، سەرەڕای شەڕی داعش و قەیرانی سیاسی و ئابووری، هەڵبژاردن لە وادەی خۆی بەڕێوەبچێت؟**

**خەسرۆ گۆران:** پێویستە هەڵبژاردن لە کاتی خۆی بەڕێوەبچێت، بۆ ئەوەی بۆشایی یاسایی دروست نەبێ، لە عێراق سەرەڕای نالەباریی دۆخی ئەمنی و تەقینەوە و شەڕ، بەڵام هەڵبژاردنەکان دوانەکەوتوون، وەکو پارتی خوازیارین هەڵبژاردن لە کاتی خۆی بکرێ، بەڵام پارتی تاکە یاریزانی سیاسی نییە و دەبێ لایەنەکانیش لەسەر ئەو پرسە قسە بکەن. ئێمە لەگەڵ دواخستنی هەڵبژاردن نین.

**ڕووداو: هەندێک لایەن داوایان کردووە بۆ زەمینەسازی و ئاساییکردنەوەی دۆخەکە هەڵبژاردنەکانی کوردستان بۆ ساڵی 2018 دوابخرێ، لەگەڵ هەڵبژاردنی عێراق بکرێت. پارتی ڕازییە؟**

**خەسرۆ گۆران:** ناتوانین لە یەک ڕۆژدا لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی عێراق هەڵبژاردنی کوردستان بکەین، چونکە ئێمە کۆمسیۆنی خۆمان هەیە، جگە لەوەش وادەی هەڵبژاردنی ئێمە جیایە و یاسای هەڵبژاردنەکانیشمان جیاوازە.

**ڕووداو: ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان پێویستی بە کاراکردنەوەی پەرلەمان هەیە؟**

**خەسرۆ گۆران:** کاراکردنەوەی پەرلەمان کارێکی باشە و خزمەت بە لێکنزیککردنەوەی لایەنەکان دەکات، وا دەکات کە هەڵبژاردنەکان لە کەشوهەوایەکی ئاسایی بەڕێوەبچن. لەوانەیە یاسای هەڵبژاردن پێویستی بە گۆڕانکاری بێت، هەموو لایەنەکان بەو یاسایەی ئێستا ڕازی نین، ئەگەر لایەنەکان لەسەر هەمووو شتێک ناکۆک بن، لەسەر هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن کۆکن.

**ڕووداو: ئەی ئەگەر یاساکە هەموار نەکرێتەوە، بەبێ کاراکردنەوەی پەرلەمان هەڵبژاردن لە ڕووی یاساییەوە دەکرێت؟**

**خەسرۆ گۆران:** ئەگەر نەگەینە تەوافوق، بەپێی یاسا کۆنەکە هەڵبژاردن بەڕێوەدەچێت و پێویستی بە پەرلەمان نییە. سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوا لە کۆمسیۆن دەکات لە ماوەی 60 ڕۆژدا ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن بکات، چونکە هیچ دەرچەیەک نییە، تەنیا بە هەڵبژاردن دەتوانین قوفڵی ئەو دەرگایە بشکێنین کە هەمووومان کلیلەکەمان ون کردووە. ئەگەر بمانەوێ یاساکە هەموار بکەینەوە، ئەوکات پێویستمان بە پەرلەمان هەیە، جگە لەوە کاراکردنەوەی پەرلەمان عوقدەیەکی ئەوەندە گەورە نییە، ئەگەر عەمر لەوێ نەبوو با زەید سەرۆکایەتی دانیشتنەکە بکات، گرنگ ئەوەیە لایەنەکان لەسەر یاساکە ڕێکبکەون.

**ڕووداو: پارتی ڤیتۆی لەسەر سەرۆکایەتی ئێستای پەرلەمانی کوردستان هەیە بۆ ئیدارەی دانیشتنەکان بۆ هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن؟**

**خەسرۆ گۆران:** بەڵێ ڤیتیۆمان هەیە و پێمانوایە سەرۆکایەتی ئێستای پەرلەمانی کوردستان قوفڵ بووە، سەرۆکایەتی پەرلەمان هۆکارێک بووە بۆ تێکدانی سازان و بەهیچ شێوەیەک پەرلەمان بەو سەرۆکایەتییەی ئێستا کارا ناکرێتەوە. دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان موقەددەس نییە بە دەنگدان و تەوافوقی لایەنەکان دانراوە، هەر بەوەش لادەچێت. ئێمە لەگەڵ گۆڕان ڕێککەوتنمان هەبوو، ئەوان پابەندی ئەرکی شەراکەت نەبوون

تەنیا بە هەڵبژاردن دەتوانین قوفڵی ئەو دەرگایە بشکێنین کە هەمووومان کلیلەکەیمان ون کردووە

لە زۆربەی خاڵەکانی هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن لەگەڵ گۆڕان ناکۆکین

گۆڕان نایەوێ حیزبە بچووکەکان بگەنە پەرلەمان

و فەشەلمان هێنا، ناکرێ لێرە شەریکی پارتی بن لە سلێمانی و بەغدا دژی پارتی بن، بەرەو هەڵبژاردن دەڕۆین با ئەوان ببنە ئۆپۆزسیۆن، ئێمەش دەبینە حوکمڕان.

**ڕووداو: چەندینجار لە ئاستی باڵا داوا کراوە کەسی یەکەم و سەرکردەی باڵای حیزبەکان بچنە پەرلەمان، چۆن گۆڕانکاری لە یاسای هەڵبژاردن دەکەن، تا چارەسەری ئەو پرسە نەکەن؟**

**خەسرۆ گۆران:** ئێمەش وەکو پارتی هاوڕاین کە پێویستە کەسی یەکەم و سەرکردەی حیزبە سیاسییەکان بچنە پەرلەمان. لە هەموو جیهان هەر وایە، من دەرچووی زانکۆی ستۆکهۆڵمم لە سوید. لەو وڵاتە سەرکردە هەرە گەورەکانی حیزبەکان لە پەرلەمانن، لە عێراقیش بە هەمانشێوە سەرکردەی دیاری سوننە و شیعە لە پەرلەمانن، دەبێ ئەوانەی دەچنە پەرلەمان بڕیار بەدەست بن و کێشەکان لە پەرلەمان چارەسەر بکەن.

**ڕووداو: لەگەڵ گۆڕان لەسەر یاسای هەڵبژاردن گەیشتوونەتە هیچ خاڵێکی هاوبەش؟**

**خەسرۆ گۆران:** لە زۆربەی خاڵەکان ناکۆکین، ئێمە لەگەڵ ئەوەین کوردستان یەک بازنەی هەڵبژاردن بێت، گۆڕان لەگەڵ فرە بازنەییە، چونکە حیزبە تێکۆشەر و بچووکان دەنگ ناهێنن و لە هەموو بازنەکان دەنگیان دەفەوتێ. ئێمە و گۆڕان تێڕوانینمان بۆ کورسی کۆتاکان جیایە، ئەوان بەشێوازێکی دیکە سەیری کۆتا دەکەن، ئێمەش لەگەڵ هێشتنەوەی کورسی کۆتاکانین. گۆڕان لەگەڵ دانانی بەربەستی هەڵبژاردنە، تاوەکو هەموو حیزبێک نەچێتە پەرلەمان. ئێمە دژی ئەوەین، چونکە بۆ پرۆسەی دیموکراتی کوردستان گرنگە حیزبە کوردستانییەکانی دیکەش، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ناتوانین لەگەڵ گۆڕان بگەینە ڕێککەوتن.

**ڕووداو: پارتی زۆر ڕەخنە لەم خولەی پەرلەمان دەگرێت و پێیوایە کەسانی بڕیار بەدەستی تێدا نییە، ئەگەر یاساکە هەموار بکرێتەوە داوای لیستی داخراو دەکەن؟**

**خەسرۆ گۆران:** وەکو سەرکردەیەکی پارتی پێم باشە لیستی داخراو بێت، چونکە کوردستان تاوەکو دوو سێ خولی دیکەی هەڵبژاردن پێویستی بە لیستی داخراوە، لە وڵاتی ئێمە خەڵک لەسەر بنەمای عاتیفی دەنگ دەدات، لەلای ئێمە مەحسوبیەت و عەشایری و خزمایەتی هەر ماوە، خەڵک هەبوو پرۆفیسۆر بوو دەنگی نەهێنا، بەڵام کەسێکی عەشایر دەنگێکی زۆری هێناوە. لایەنێکی دیکەی باشی لیستی داخراو دانانی کەسانی لێهاتوو و پسپۆڕە لە ڕیزی پێشەوە، بۆ نموونە یەکێک لە کێشەکانی ئەم خولەی پەرلەمانی عێراق کەمیی پسپۆڕ و شارەزای داراییە، بۆیە دەبێ پەرلەمانی کوردستان سەرجەم پسپۆڕی و شارەزاییەکانی تێدا بێت، چونکە بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشوکاری لیژنەکان لە حەقیقەتدا لیستی کراوە دیموکراتیە، بەڵام بۆ وڵاتی ئێمە لیستی دەخراو باشترە، بە تایبەت لای ئێمە کە ڕۆشنبیریی هەڵبژاردن لاوازە.

**ڕووداو: بارزانی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ میدیایەکی فەرەنسی ئاشکرای کردووە کە خۆی بۆ سەرۆکایەتی کاندید ناکاتەوە، پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان سیادی و پرسێکی هەستیارە، ئێوە کاندیدتان دەبێ؟**

**خەسرۆ گۆران:** جارێ هەشت نۆ مانگ بۆ هەڵبژاردن ماوە، بێگومان پارتی بێ کاندید نابێت، پارتی بۆ پەرلەمان، سەرۆکایەتی و حکومەت بیرۆکە و بەرنامەی خۆی هەیە.

ڕووداو: لایەنە سیاسییەکان، زۆربەی قەیرانەکان دەخەنە ئەستۆی پارتی، پێتوایە لەم هەڵبژاردنە پارتی دەنگەکانی خۆی لە 2013 بهێنێتەوە، یان سوپرایزتان دەبێت؟

خەسرۆ گۆران: پارتی دارێکی بە بەرە، بۆیە لە هەموو لایەکەوە بەردی تێدەگرن. پارتی خاوەن پرۆژەیەکی نیشتمانی و نەتەوەییە، بۆیە بەردەوام بەردی تێدەگرن، بەڵام پارتی باکی نییە و ناترسێ. بە پێچەوانەوە خاڵ تۆمار دەکەین و هەموو هەوڵێکمان بۆ ئەوەیە ژمارەی کورسییەکانمان زیاتر بکەین.

**ڕووداو: جەعفەر ئیمینکی، بەرپرسی پێشووی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی بە ڕووداوی گوتبوو کە ئەوان 42 کورسی دەهێنن، ئەو ژمارەیە دەهێنن؟**

**خەسرۆ گۆران:** ئومێدی کاک جەعفەر، من و هەموو سەرکردایەتیی پارتی ئەوەیە کە 42 کورسی زیاتر بهێنین، دەنگەکانی پارتی زیاتر دەبێت، بەڵام کەمتر نابێ، دۆخی سیاسی و ئابووری کوردستانیش ڕۆڵی خۆی دەبینێ و

گۆڕان جارێکی دیکە 24 کورسی ناهێنێتەوە

یەکگرتووجەماوەری جێگیری هەیە و دەنگەکانی مسۆگەرە

یەکێتی لەم هەڵبژاردنەدا دۆخی باش دەبێت و جیاوازیی زۆری نابێ لەگەڵ گۆڕان

کاریگەریی لەسەر کەم و زیادبوونی دەنگەکان دەبێت.

**ڕووداو: دۆخی ڕێکخستن و جەماوەری پارتی لە سلێمانی چۆنە، چاوەڕێ دەکەن دەنگەکانتان زیاد بکات؟**

**خەسرۆ گۆران:** ڕۆژگارێک سلێمانی قەڵای پارتی بوو، بەڵام ئیشی زۆر دژی پارتی کرا و قەڵاکە لاواز کرا. سەرەڕای ئەو هەڵمەتەی دژی پارتی دەکرێت لە سلێمانی، ئێستا خەڵکێکی زۆر لەگەڵ پارتین.. دەنگەکانی پارتی لەسەر ئاستی عێراق بە پلەی یەکەم لە پارێزگای نەینەوایە. بەپێی ڕیزبەندیش لە دهۆک، هەولێر، دیالە، کەرکووک و بە پلەی شەشەم لە پارێزگای سلێمانییە.

**ڕووداو: بەپێی توێژینەوە و بەدواچوونەکانی ئێوە وەکو دەزگای هەڵبژاردنی پارتی، گۆڕانکاری گەورە لە دەنگی لایەنەکان ڕوودەدات؟**

**خەسرۆ گۆران:** گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەی ئێمە زۆر زەحمەتە، گۆڕانکاری لە دەنگەکان زۆر گەورە نییە بۆ نموونە 50% نابێتە 10%. بەڵام دڵنیام لایەنێکی وەکو بزووتنەوەی گۆڕان جارێکی دیکە 24 کورسی ناهێنێتەوە، چونکە دروشم و بەڵێنەکانی بە خەڵک و دەنگدەران زۆر گەورە بوو، نەیتوانی کوردستان بگۆڕێت.

**ڕوووداو: بەهۆی دانیشتنی 19ی ئابی پەرلەمانی کوردستانەوە لە سلێمانی باسی کەمبوونەوەی دەنگی یەکگرتوو دەکرێ. دەڵێن هەرچی لە پارتی نزیک ببێتەوە، دەنگی کەم دەکات. ئایا دەنگەکانی یەکگرتوو کەم دەکات؟**

**خەسرۆ گۆران:** ئەو قسەیە ڕاست نییە. بەپێی داتا و ئامارەکانی ئێمە، یەکگرتوو وەکو پارتی جەماوەری جێگیری خۆی هەیە، دەنگەکانی مسۆگەرە، خۆیان حیزبێکی هاوسەنگن و دەنگی 2013ی خۆیان دەهێننەوە، چونکە بەڵێنی گەورە نادات و بەپێی قەبارەی خۆی سیاسەت دەکات. بە بۆچوونی من ئەو ڕێژە نەگۆڕەی دەنگەکانی یەکگرتوو لە دهۆک، سلێمانی، هەولێر دەمێنێتەوە.

**ڕووداو: دەنگەکانی یەکێتی دوای ڕێککەوتنی لەگەڵ گۆڕان دێتەوە شوێنی خۆی؟**

**خەسرۆ گۆران:** یەکێتی حیزبێکی گەورە و کاریگەرە، ئەگەر بەراوردی بکەی، لە هەڵبژاردنی 2013ی پەرلەمانی کوردستان تاوەکو هەڵبژاردنی 2014ی پەرلەمانی عێراق بارودۆخیان زۆر باش بوو، دەنگەکانی خۆیان هێنایەوە، تەنانەت لە پارێزگای سلێمانیش وەزعیان باش بوو، بۆیە پێشبینی دەکەم لە هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی کوردستان کورسییەکانی یەکێتی لەگەڵ گۆڕان زۆریان جیاواز نەبێ.

**ڕووداو: پارتی ئامادەیە بە یەک لیست لەگەڵ یەکێتی بەشداری هەڵبژاردن بکات؟**

**خەسرۆ گۆران:** پێمباشە پارتی و یەکێتی بە لیستێک بەشداری هەڵبژاردن بۆ ئەم خولە و خولێکی دیکە بکەن، چونکە دەرکەوت کاتێک بە یەک لیست بووین لێکتێگەیشتن هەبوو، چارەسەری کێشەکانمان دەکرد و بە یەکەوە ئەم وڵاتەمان بەڕێوەدەبرد، یەکڕیزیی کورد لە بەغدا و هەرێمی کوردستان پتەو بوو، بۆیە لیستی هاوبەش لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان و ئەزموونەکەماندایە.

**ڕووداو: هەندێک لە سەرکردەکانی پارتی باس لە بایکۆتکردنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دەکەن. ئەو بۆچوونە هیچ هەنگاوێک چووەتە پێش بۆ ئەوەی ببێتە بڕیاری فەرمی حیزب؟**

**خەسرۆ گۆران:** پارتی بە جددی بیر لەوە دەکاتەوە بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق

ئومێدمان هەیە زیاتر لە 42 کورسی بهێنین

بەشدارینەکردنی پارتی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق ئەگەرێکی بەهێزە

نەکات. ئەمەش دوای شکستهێنانی زۆربەی فۆرم و شێوازەکانی حوکمڕانی لە عێراق. پارتی پاشکۆیەتی لەلایەنە سیاسییەکانی عێراق قبوڵ ناکات، یان بە هاوبەشی عێراق بەڕێوەدەبەین یان نابینە هاووڵاتیی پلە دوو، لە ساڵی 2003 کە عێراقمان دامەزراندەوە بە تەوافوق ئەم وڵاتەمان بەڕێوەبردووە لە پرسی بودجە، نەوت، سوپا و سیاسەتی دەرەوە و دابەشکردنی داهات و زۆر بواری دیکە نەک بە سیاسەتی زۆرینە و کەمینە.

ئەگەر بنەمای زۆرینە و کەمینە بێت، نەک پارتی بەڵکو هەموو کورد دەنگ بە یاسایەک بدات زۆرینە ناهێنێ، چونکە کورد 20%ی پەرلەمانی عێراقە. ئەگەر بەغدا بەردەوام بێت لە سەپاندنی سیاسەتی ئەمری واقیع بەسەر هەرێمی کوردستاندا، یان کەسانێکی وەکو مالیکی کە دەیانەوێ عێراق بە زۆرینە و کەمینە بەڕێوەببەن، ئێمە لە عێراق دەکشێینەوە، بۆیە بەشدارینەکردنی پارتی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق ئەگەرێکی کراوە و بەهێزە.

**ڕووداو: مالیکی ئێستا یەکێکە لە سیاسییە بەهێزەکان، لە هەندێک لایەنی کوردستانیش نزیکە، باسی حکومەتی زۆرینە بە بەشداریی کورد دەکات. ئایا کورد دەچنە پاڵ مالیکی؟**

**خەسرۆ گۆران:** ماڵی کورد لە بەغدا درزی تێکەوتووە. هەر وەکو چۆن ماڵی شیعە لە بەغدا یەک نییە و هەندێک لایەن توانییان درز بخەنە نێوان کورد و سوننە. ئەگەر کورد یەکڕیز بووایە مالیکی نەیدەتوانی هیچ بکات.

**ڕووداو: مەکتەبی سیاسی و بەرپرسانی باڵای یەکێتی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆچوونیان لە بەرامبەر بەغدا لەگەڵ پارتییە؟**

**خەسرۆ گۆران:** یەکێک لە کێشە هەرە گەورەکانمان لەگەڵ فراکسیۆنی یەکێتی لە بەغدا دووفاقییە لە بڕیاردان. زۆرجار ئەوان پێیانگوتووین دەنگ بە فلان شت دەدەن، کەچی لە واقیعدا شتێکی دیکە بووە و جێگای سەرسوڕمان بووە بۆ ئێمە.

**ڕووداو: تۆ جێگری پارێزگاری مووسڵ بووی، ماوەیەکی زۆریش بەرپرسی لقی پارتی بووی لەو شارە. چارەنووسی ئەو شارە دوای داعش چی دەبێ؟**

**خەسرۆ گۆران:** سیناریۆی جۆراوجۆر هەیە. یان هەولێر و بەغدا لەسەر ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان ڕێکدەکەون و ئەو ناوچانە دەگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، یان مووسڵ بۆ چەند پارێزگایەک دابەش دەبێت، یاخود کێشە و ململانێیەکان توندتر دەبن. چونکە هێزی جۆراوجۆر لەو ناوچانە هەن. جارێکی دیکە ئێمە ناگەڕێینەوە خاڵی سفر و ئەو ناوچانەی بە خوێنی پێشمەرگە ئازاد کراون، ڕادەستی خەڵکی دیکەی ناکەین.

**ڕووداو: پارتی چی لە پەکەکە دەوێت؟**

**خەسرۆ گۆران:** هیچمان لە پەکەکە ناوێت، تەنیا دەمانەوێ ڕێز لە تایبەتمەندی و سەروەریی هەرێمی کوردستان بگرن. پەکەکە خۆی بە خاوەنی هەموو کوردستان دەزانێ، بۆیان بگونجێ کانتۆنێک لە شنگال ڕادەگەیێنن. پەکەکە دەیەوێ ببێتە بەدیلی هەموو حیزبەکان و دەست لەکاروباری هەموو پارچەکان وەردەدات. دەمانەوێ بە گفتوگۆ خەباتیان بۆ شوێنی خۆیان بگوازنەوە شنگال و هەرێمی کوردستان شوێنی پەکەکە نییە، کوردستانی باشوور بێ خەون نییە.

ڕاپۆرت
ڕووداو
ژمارە (449) - دووشەممە 2017/3/13



## ئەنەکەسە: 41 بەرپرس و لایەنگرمان گیراون

ڕووداو- هەولێر

ئیبراهیم برۆ، سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد لە سووریا (ئەنەکەسە) بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا هێرشکراوەتە سەر نۆ بارەگایان و سووتێندراون، تاوەکو ئێستاش 41 بەرپرس، ئەندام و لایەنگری ئەنەکەسە و پارتەکانی سەر بە ئەنەکەسە لە زیندانەکانی ڕۆژئاوای کوردستاندان. ناوبراو پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD ی بە ئەنجامدانی هێرشەکان تۆمەتبارکرد. لە ڕابردوودا سەرکردە و ئەندام و بارەگاکانی ئەنەکەسە لە ڕۆژئاوای کوردستان بەردەوام کراونەتە ئامانج، بەڵام لەدوای دروستبوونی شەڕ و ئاڵۆزی لەنێوان پێشمەرگەکانی ڕۆژئاوا و شەڕڤانان لە سنووری شنگال، هێرشەکان زیاتربوون.

### ناڕەزایی لێکەوتەوە

# هێزەکەی حەیدەر شەشۆ خرایە سەر وەزارەتی پێشمەرگە

ناسر عەلی
ڕووداو- دهۆک

هێزی پاراستنی ئێزیدخان بە فەرماندەیی حەیدەر شەشۆ، بە فەرمی خرانە سەر وەزارەتی پێشمەرگە، بەڵام ژمارەیەک چەکداری ئەو هێزە کە ناویان نەهاتووەتەوە، دەڵێن واستە و واستەکاری لە بەفەرمیکردنی ئەندامانی هێزەکەدا هەبووە، حەیدەر شەشۆش سەرجەم ئەوانە دڵنیا دەکاتەوە کە ناویان نەگەڕاوەتەوە و دەڵێت لە داهاتوودا ناویان دەگەڕێتەوە.

لە سەرەتای هێرشی داعشدا بۆ سەر شنگال، حەیدەر شەشۆ، ئەندامی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان، لە نزیک مەزارگەی شێخ شەرفەدین لە چیای شنگال بەرگریی کرد، بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە کوردی ئێزدی لە دەوری کۆبوونەوە، دواتر حەیدەر شەشۆ هێزەکەی خۆی لەژێر ناوی هێزی پاراستنی ئێزیدخان کۆکردەوە.

دەمێکە قسە لەسەر بەفەرمیکردنی ئەو هێزە دەکرێ، بەتایبەتی دوای ئەوەی حەیدەر شەشۆ، فەرماندەی ئەو هێزە بەهۆی ئەوەی یارمەتیی لە بەغدا وەردەگرت، بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک دەستگیرکرا. بەرپرسانی وەزارەتی پێشمەرگە پێشتر بەڵێنیان بە حەیدەر شەشۆ دابوو ئەگەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەغدا بپچڕێنێ، ئەوا هێزەکەی دەکەنە فەرمی و دەیخەنە سەر وەزارەتی پێشمەرگە.

دوای زیاتر لە ساڵێک چاوەڕوانی، ڕۆژی 2017/3/12 وەزارەتی پێشمەرگە بەڵێنەکەی بردە سەر و بڕیاری دا 1000 چەکداری ئەو هێزە بخرێنە سەر وەزارەتی پێشمەرگە.

بەپێی ئامارەکان، ژمارەی چەکدارانی هێزی پاراستنی ئێزیدخان 4000 کەس دەبن، بۆیە بە فەرمیکردنی ئەو 1000 کەسە ناڕەزایی ئەو کەسانەی لێکەوتەوە کە نەخراونەتە سەر وەزارەتی پێشمەرگە.

خدر خالید، 34 ساڵ، یەکێک لەو چەکدارانەی ناوی لە لیستەکەدا نەبووە، ئەو بە (ڕووداو)ی گوت "هەر لەسەرەتای هێرشی داعشەوە من لە ڕیزەکانی ئەم هێزەدام و بە چەکی خۆم شەڕ دەکەم، بەڵام لەبەر ئەوەی من کەسی نزیکی حەیدەر شەشۆ نەبووم، ناوی منی تێدا نەبوو".

پێشتر دەگوترا ئەو هێزە سەر بە حەشدی شەعبییە، بەهۆی ئەوەش کە حەیدەر شەشۆ ئەندامی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی بوو، بە هێزێکی نزیک لە یەکێتی ناوی دەهات، بەڵام حەیدەر شەشۆ هەموو ئەو قسانە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت "هەتا هێرشی داعش بۆ سەر شنگال، من ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی بووم، بەڵام دوایی وەکو کوردێکی ئێزدی بەرگریم کردووە، ئەو خەڵکەی هاتوونە چوار دەوری منیش، لەبەر ئەوە نەهاتوونە کە یەکێتیم یان لایەنێکی دیکە، بەڵکو هەموویان هاتوون بەرگری لە شنگال و ئێزیدخان بکەن".



بە گوتەی حەیدەر شەشۆ، هێزەکە بەو مەرجە چووەتە سەر وەزارەتی پێشمەرگە کە بە ناو و ئاڵای خۆیەوە بمێنێتەوە. شەشۆ گوتی "وەکو چۆن پێشتر بەبێ لایەنانە بەرگریمان کردووە، هەر واش دەمێنینەوە. ئاڵا و ناو و لۆگۆی تایبەت بە خۆمان هەر دەمێنێتەوە. لەنێو وەزارەتی پێشمەرگە هێزێکی بێ لایەن دەبین".

سەبارەت بە گلەیی ئەو کەسانەی دەڵێن ناویان نەگەڕاوەتەوە، حەیدەر شەشۆ گوتی "ژمارەی هێزەکانمان 4780 کەسە، ئێستا ناوی 1000 کەس تۆمار کراوە. ئەوانەش ئەو کەسانەن کە هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ ئێمە بوون. ئەمە قۆناغی یەکەمی بە فەرمیکردنی هێزەکەمانە، لە هەفتەکانی داهاتووش ئەوانی دیکە دەبنە فەرمی. من ناهێڵم ماندووبوونی یەک شەڕڤانی ئێزدی بەفیڕۆ بچێ".

حەیدەر شەشۆ، هەروەها دەڵێت "لەمەودوا ئەم هێزە سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە دەبن، لە شەنگال هەتا خانەقین لە هەر شوێنێ ئەرکمان پێبدەن و فەرمانمان پێبکەن، ئامادەین بەرگری لە خاکی کوردستان بکەین".

# ڕێکخراوەکانی باکووری کوردستان گومان دەخەنە سەر ڕاپۆرتەکەی یوئێن

ڕێباز ئەنوەر
ڕووداو- هەولێر

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە باکووری کوردستان و تورکیا دەڵێن دەبێت ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەربارەی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و ژمارەی قوربانیان بەهۆی ئۆپەراسیۆنەکانی حکومەتی تورکیا بە هەند وەربگیرێت، هەروەها دەڵێن ژمارەی قوربانیان زۆر زیاترە لەوەی لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە و هەوڵی پەردەپۆشکردنی ڕاستییەکان دەدرێت.

نەتەوە یەکگرتووەکان لە دوایین ڕاپۆرتیدا دەربارەی ئۆپەراسیۆنەکانی حکومەتی تورکیا لە باکووری کوردستان ڕایگەیاندووە کە زیاتر لە 2000 کەس بوونەتە قوربانی.

لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە "لە نێوان مانگی تەمووزی 2015 بۆ مانگی کانوونی یەکەمی 2016 بەهۆی ئۆپەراسیۆنەکان و قەدەغەکردنی هاتوچۆوە 559 هەزار کەس ناچار کراون ماڵ و حاڵی خۆیان جێبهێڵن".

### یوئێن: لە باکووری کوردستان 2000 کەس بوونەتە قوربانی

چاودێرانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتەکەیاندا دەڵێن، لەو 2000 کەسەی لە باکووری کوردستان کوژراون، 800 کەسیان سەر بە هێزە ئەمنییەکانن و 1200 کەسیش سڤیلن.

بەڕێوەبەری کاروباری ئەورووپا لە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی ڕاپۆرتەکەی نەتەوە یەکگرتووەکانی پشتڕاست کردەوە و ڕایگەیاند "ئەنجامی ڕاپۆرتەکە، دوایین لێکۆڵینەوەکانی ئێمە دەخاتەڕوو کە بە بەڵگەوە نیشانی دەدات بەرپرسانی تورکیا لە باشووری ڕۆژئاوای وڵاتەکە هاوشێوەی سزادانی بە کۆمەڵ، کۆمەڵە پەلامارێکی بێ ویژدانانەی ئەنجامداوە کە دەکرێت بە هەوڵێک ناوزەند بکرێت بۆ وەدەرنانی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی ئەو ناوچەیە".

بەڵام ڕێکخراو و سازییەکانی کورد لە باکووری کوردستان زانیارییەکانی نێو ڕاپۆرتەکە ڕەتدەکەنەوە و دەڵێن نا شەففافیەت لە داتاکاندا هەیە.

فاروق ئۆنسال، سەرۆکی ڕێکخراوی مەزلومدەر، بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی مرۆڤ بە (ڕووداو)ی گوت "بەهۆی نەبوونی شەففافیەت ئەگەر تەرکیز لەسەر داتاکان بکەین بە هەڵەدا دەچین. داتایەکی دروست لە بەردەست نییە کە چەند کەس کوژراون، یان چەند کەس بریندار بوون. ڕێگری کرا لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سەندیکای پارێزەران بۆ دەستخستنی بەڵگەنامەکان. هەر بۆیە خاوەن زانیاری تەواو نین".

فاروق ئۆنساڵ هەروەها دەڵێت "بەهۆی ئۆپەراسیۆنەکان، هەزاران کەس ئاوارە بوون، شارەکان ڕوخێنران، بەڵام هیچ کارمەند و بەرپرسێکی حکومی دادگایی نەکرا. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستییانە، گومان لە ڕاستی و دروستی ئەو ژمارەیەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکرێ. بەبڕوای ئێمە ژمارەکان زۆر لەوەش زیاترن".

ئۆزتورک تورکدۆغان، سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ ڕایگەیاند داتاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ زانیارییەکانی بەردەستی ئەوان یەک دەگرنەوە و گوتی "لە ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکەماندا بۆ ساڵی 2006 کە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا بڵاودەکرێتەوە، هەمان داتا هەن، نەتەوە یەکگرتووەکان سوودی لە داتاکانی ئێمە و ڕێکخراوەکانی دیکە وەرگرتووە. هەر بۆیە زانیارییەکانی نێو ڕاپۆرتەکە هیچ زێدەڕۆییەکی تێدا نییە".

سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ ئاماژە بە ئاوارەبوونی زیاتر لە نیو ملیۆن کەس دەکات و دەڵێت "ئەو وێرانکارییەی ڕوویداوە، گەورەیی قەبارەی قوربانیان دەخاتەڕوو. نیشانی دەدات کە ئەو بابەتە چەندە جددییە، هەر بۆیە پێویستە ڕاپۆرتەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان بە هەند وەربگیرێت".

تورکدۆغان چەند ئامارێکی لەبارەی پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "500 هاووڵاتی سڤیل ناسنامەیان دیارە کە کوژراون، تەنیا لە جزیرە 300 هاووڵاتی کوژراون. 34 داوای یاسایی لەبارەی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ بۆ دادگای نێودەوڵەتی بەرزکراوەتەوە".

تورکدۆغان ڕاپۆرتەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ڕاستییەکی تاڵ دەبینێ، بەڵام ئومێدی هەیە ببێتە پاڵپشتییەک بۆ دەستپێکردنەوەی گفتوگۆ لە نێوان پەکەکە و دەوڵەت. تورکدۆغان گوتی "تورکیا پێویستی بە ئاشتی هەیە، ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەو چوارچێوەیەدا هەوڵێک بدات خۆشحاڵ دەبین".

پەرلەمانتارێکی پارتی دیموکراتی گەلان دەڵێت تورکیا لە داهاتوودا باجێکی زۆر قورسی ئەو تاوانانە دەکات کە دژی خەڵکی باکووری کوردستان ئەنجامی داون.

لەزگین بۆتان، پەرلەمانتاری هەدەپە بە (ڕووداو)ی گوت "سوپای تورکیا تاوانی دژی مرۆڤایەتی ئەنجام داوە، هەوڵ دەدرێت تاوانەکان پەردەپۆش بکرێن، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بە بەڵگە سەلماندوویانە کە کاری زاڵمانە بەرامبەر خەڵکی سڤیل کراوە. تورکیا لە ڕووی یاساییەوە لە مەیدانی نێودەوڵەتی بە قورسی باجی ئەو پێشێلکارییانە دەدات".

بۆتان، پێیوایە ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای تورکیا لە باکووری کوردستان بۆ پاکتاوی ئەتنیکی کراون و دەڵێت "تاوانی گەورەی دژی مرۆڤایەتی ئەنجام دراون. لە هەندێک شوێن مرۆڤەکان بە زیندوویی سووتێندراون. لە داهاتوودا دادگای نێودەوڵەتی دێتە سەر خەت".

### بەرپرسی میلیشیایەکی شیعە:

# داعش بە ناونیشانی دیکە بارەگای لە هەولێر هەیە

ڕووداو- هەولێر

ئەمینداری گشتیی بزووتنەوەی نوجەبا هێرش دەکاتە سەر هەرێمی کوردستان و دەڵێت "پارێزگای هەولێر بووەتە کارگەی وێرانکردنی عێراق و داعش بە ناونیشانی دیکە بارەگای لەو شارە هەیە". گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت "ئەو قسانە خیانەتن لە خوێنی 1700 شەهید و 10 هەزار برینداری دەستی داعش".

ئەکرەم کەعبی، ئەمینداری گشتیی بزووتنەوەی نوجەبا کە میلیشیایەکی شیعەیە، لە ڕاگەیێندراوێکدا دەڵێت "سەرەڕای شکستهێنانی هەوڵ و پلانەکانیان کە زیان بە وڵات دەگەیێنن، هێشتا سیاسییە داعشییەکانی عێراق لەگەڵ دەزگا هەواڵگرییەکانی عەرەبی و ئەمریکی کۆدەبنەوە. پارێزگای هەولێریش بووەتە کارگەیەکی وێرانکردنی عێراق و داعش بە ناونیشانی دیکە بارەگای لەنێو ئەو پارێزگایەدا هەیە".

سەفین دزەیی، گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەڵامی ئەو بەرپرسەی میلیشیای بزووتنەوەی نوجەبا دەداتەوە و دەڵێت "دیارە ئەو بەڕێزە لە عێراق ناژی و هەرێمی کوردستانی نەبینیوە، بۆیە بەو جۆرە قسەدەکات".

دزەیی بە (ڕووداو)ی گوت "هەولێر باوەشی بۆ یەک ملیۆن و 800 هەزار ئاوارەی عێراق کردووەتەوە، لەکاتێکدا پێویست بوو حکومەتی عێراق لەخۆیان بگرێ، لە هەرێمی کوردستاندا کەشوهەوایەکی ئازادانە هەیە، بەڵام هەرگیز ڕێگە بە توندوتیژی نادرێت، چونکە خۆی قوربانیی دەستی توندڕەوییە و هەزار و 700 شەهید و نزیکەی 10 هەزار برینداری لە شەڕی دژ بە داعشدا بەخشیوە".

گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت، ئەو قسانەی ئەمینداری گشتیی بزووتنەوەی نوجەبا خیانەتە لە شەهیدان "با لە قسەکانیان وردبنەوە و لەوەش تێبگەن کە ئێمە لەگەڵ توندڕەوی نەبووین و ناشبین". دزەیی وا دەڵێت.

ئەکرەم کەعبی دامەزرێنەری بزووتنەوەی نوجەبا و هێزەکانی عەسائیبی ئەهلی حەقە کە بەردەوام دژایەتی کورد و هەرێمی کوردستان دەکات. بزووتنەوەی نوجەبا لە ساڵی 2013 لە عێراق دامەزرێنراوە و ئەکرەم کەعبی خۆی سەرۆکایەتی دەکات. کەعبی دەڵێت "بزووتنەوەی نوجەبا لە ئەنجامی جیابوونەوە لە عەسائیبی ئەهلی حەق دروست نەبووە، بەڵام بەهۆی ناکۆکی لەگەڵیان، یەکیان نەگرتووە و هەردوو گرووپیش پەیوەندییەکی بەهێزیان لەنێواندا هەیە".

ماڵپەڕی بزووتنەوەی نوجەبا لە بارەی هۆکاری دامەزراندنی بزووتنەوەکە نووسیویەتی "ئێمە یەکەی بەرگریی ئیسلامین لە عێراق و، ئامانجمان پارێزگاریکردن لە وڵات و پیرۆزییەکانمانە. بەتایبەتی لە عێراق و سووریا لە دژی شەڕانگێز و هێزە تەکفیرییەکان شەڕدەکەین".

جگە لە ناوچە جیاوازەکانی عێراق، لیواکانی بزووتنەوەی نوجەبا لە چەند ناوچەیەکی ستراتیژیی سووریاش، لەوانە دیمەشق و حەلەب جێگیرکراون، چەکدارانی بزووتنەوەکە شیعەن و سەر بە چەند وڵاتێکی جیاوازی ناوچەکەن، هەروەها ڕاهێنانیان لەسەر بەکارهێنانی چەندین جۆرە چەک پێکراوە.



### خۆری خەلافەت روو لە ئاوابوونە

# چەکدارانی داعش روو دەکەنە کوێ؟

## شرۆڤەکارێکی ناوەندی رەند: دوای نەمانی خەلافەت "داعشی دوو" دروست دەکرێ

## شارەزایەکی ئەمنی: تاکە رێگەی دەربازبوونی داعش، رێککەوتنیەتی لەگەڵ ئەلقاعیدە



رووداو- هەولێر

داعش لەڕووی سەربازی و لەڕووی کاری پڕوپاگەندەییەوە روو لە شکستە. ئەوە لە کاتێکدایە کە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ (گەورەترین شاری ژێر دەسەڵاتی داعش) و رەققەی پایتەختی دیفاکتۆیان، قۆناغی باشی بڕیوە.

کەوتنی داعش لەم دوو شارە سەرەکییە بەمانای کەوتنی "خەلافەتەکەی بەغدادی"یە. بۆیە هەر لە ئێستاوە دەبێ پرسیاری ئەوە بکرێ، هەزاران چەکداری داعش لە دوای کەوتنی "خەلافەت" چی دەکەن؟ روو لە کوێ دەکەن؟ چارەنووسیان چی دەبێت؟

کۆڵن کلارک، شارەزای گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکان لە ناوەندی رەند، پێیوایە داعش کۆمەڵێک بژارەی لەبەردەستە، ئەم بژارانەش بەپێی جۆر و پلەی چەکدارەکە لەنێو داعشدا، دەگۆڕێت.

کلارک باسی چارەنووسی چەکدارە بیانییەکانی داعش دەکات و دەڵێت بە ئاراستەی جیاجیادا بڵاودەبنەوە "چەکدارە بیانییەکان توانا و شارەزایی ئەوەیان هەیە، چونکە وەکوو پێشتریش بینراوە چەکدارانی ئەم گرووپە زۆر شارەزایانە تونێلیان لێداوە و بۆ گواستنەوەی چەکدار و کەرەستەی سەربازی بەکاریان هێناون".

جگە لەمە، لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا "چەکدارانی داعش شارەزاییەکی تەواویان لە دروستکردن و رەوانەکردنی ئۆتۆمبێلە بۆمبڕێژکراوەکان پەیدا کردووە".

بەبۆچوونی کلارک "چەکدارە گرنگەکانی داعش"، فەرماندەکان و کەسانی نزیک لە ئەبووبەکر بەغدادی، لە عێراق یان لە سووریا دەمێننەوە و لەوێ بزووتنەوەیەکی نوێ بەناوی "داعشی دوو" دروست دەکەن. کۆڵن کلارک پێیوایە بۆ بەرەنگاربوونەوەی چەکدارە گرنگ و پلەدارەکانی داعش، پێویستە بەشی چالاکییە دەرەکییەکانی دەزگا هەواڵگرییەکان بەهێز بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو سەرکردانە لە عێراق و سووریا دەستگیر بکرێن یان بکوژرێن.

بەگوێرەی راپۆرتێکی رۆژنامەی (واشنتن پۆست)ی ئەمریکی، ژمارەیەکی زۆر لە چەکدارانی داعش گەڕاونەتەوە ئەو ناوچانەی پێشتر لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیاندا بوون، لەوانەش ئەنبار و سەلاحەدین، بۆ گەڕانەوە بۆ ناوچە شارنشینەکانیش "سوود لە گەندەڵیی فەرمانگە ئەمنییەکانی عێراق وەردەگرن".

لە راپۆرتەکەی (واشنتن پۆست)دا و لە زاری فەرماندەکانی سوپای عێراقەوە ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە دەزگا ئەمنییەکانی عێراق هێزی پێویستیان بۆ پاراستنی ناوچەکانیان لەبەر دەست نییە، جگە لەمەش دەزگاکانی پۆلیس لە گەندەڵی تێوەگلاون، ئەمەش بووە بە هۆکارێکی دیکەی لاوازیی ئەو دەزگا ئەمنییانە.

نموونەی ئەمە لە پارێزگای ئەنبار بەرچاو دەکەوێت. لەو پارێزگایە وەزارەتی نێوخۆی عێراق کارتی هاتوچۆی بۆ ئەو خەڵکانە دەرکردووە کە هیچ گومانێکیان لەسەر نییە، بەڵام بەرپرسانی پۆلیسی شارەکە ئاشکرایان کردووە کە هەر کەسێک بە 20 دۆلار دەتوانێ ئەو کارتە بکڕێت و بێتە نێو شار و لێی دەربچێت. جگە لەمەش، بە گوتەی بەرپرسانی پۆلیسی رومادی "ژمارەیەکی بەرچاو لەوانەی پێشتر بە تۆمەتی پەیوەندیی لەگەڵ داعش دەستگیرکرابوون، بەبێ هیچ هۆیەک ئازادکراون و لەناو شارەکەدا پیاسەیان کردووە، هیچ کەسێکیش ناوێرێ سکاڵا لە دژیان تۆمار بکات".

بەرپرسانی ئەمنی جەختیان لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە ئەوان لەوە ناترسن داعش جارێکی دیکە خەڵکی شارەکە بەکاربهێنێت بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکە، بەڵام شانە نووستووەکانی داعش و "شێرپەنجەی گەندەڵی" وا دەکەن ئەو ناوچانە بەردەوام مەترسی ئەوەیان لەسەر بێت کە ببنەوە بە ئامانجی هێرشەکانی داعش.

شرۆڤەکارەکەی ناوەندی (رەند) پێیوایە ژمارەیەک لە چەکدارانی داعش روو لە گرووپەکانی دیکەی وەکوو بەرەی فەتحی شام (لقی قاعیدە لە سووریا) و ئەحراری شام دەکەن، بەڵام بروس هافمەن، شارەزای کاروباری ئەمنی لە زانکۆی جۆرج تاون لە واشنتن، بەدووری نازانێ فەرماندەکانی داعش بیر لەوەش بکەنەوە لەگەڵ رێکخراوی ئەلقاعیدەدا رێکبکەون، چونکە ئەمە تاکە رێگەیە بۆ ئەوەی بتوانن درێژە بە چالاکی و هێرشەکانیان بدەن.

گرووپێکی دیکە لە چەکدارانی داعش ئەوانەن کە بە "نەوەی دووەمی موجاهیدین" ناسراون، واتە وەچە یان کەسانی نزیک لە "نەوەی یەکەم"ن کە لە ئەفغانستان لە دژی سۆڤیەت، لە چیچان لەدژی رووسیا و لە وڵاتانی باڵکان لە دژی سربەکان شەڕیان کردووە. ئەم چەکدارانە رێگەی گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان لێگیراوە، بۆیەش چاوەڕێ دەکرێ بە دوای وڵاتێکی دیکەدا بگەڕێن کە دەکرێ مەیدانێکی نوێ بێت بۆ چالاکیی ئەو چەکدارانە، لەوانەش یەمەن، لیبیا، رۆژئاوای ئەفریقا و ئەفغانستان.

دوایین گرووپ لە چەکدارانی داعش ئەوانەن کە دەگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان و بە "چەکدارە گەڕاوەکان" ناویان دەرکردووە. دانیەل بایمەن، لێکۆڵەری کاروباری ئەمنی لە پەیمانگای بروکینزی ئەمریکی، پێیوایە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو چەکدارانە "بوونی دەزگایەکی ئەمنیی بەهێز" گرنگە. کۆتایی مانگی پێشوو رێکخراوی ماکس هیڵ، بۆ پێداچوونەوە بە یاساکانی تیرۆر، لە راپۆرتێکدا ئاشکرای کرد "لە ساڵی 1971ەوە هیچکاتێک ئاستی هەڕەشەی تیرۆر هێندە بەرز نەبووە"، کە بەشێکی بۆ شانە نووستووەکانی داعش دەگەڕێتەوە و بەشێکی پەیوەندی بەو چەکدارانەوە هەیە کە لە عێراق و سووریا گەڕاونەتەوە بەریتانیا.

کۆڵن کلارک دەڵێت "هەموو وڵاتانی رۆژئاوایی خاوەنی دامودەزگای بەهێزی پۆلیس و هەواڵگری نین"، بۆیە چاوەڕێ دەکرێ مەترسییەکە لەسەر ئەوان زیاتر بێت، بەڵام وەکوو لە راپۆرتێکی پەیمانگەی هێزە سەربازییەکانی بەریتانیادا هاتووە "هەتا ئێستا وڵاتانی ئەورووپی نەک هەر نەیانتوانیوە لەسەر رێکارێکی هاوبەش بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم چەکدارانە رێکبکەون، بەڵکو نەشیانتوانیوە لەسەر پێناسی چەکداری بیانی رێکبکەون".

یەکێک لە کێشەکانی دەستەواژەی "چەکداری بیانی" ئەوەیە ئەو دەستەواژەیە یەک گرووپ لە خەڵک ناگرێتەوە کە هەموویان خاوەنی یەک تایبەتمەندی بن. لەبەر ئەوەی ژمارەیەک لە چەکدارانی بیانی کە گەڕاونەتەوە وڵاتەکەی خۆیان، ئەوانەن کە بڕوایان بە داعش و دروشمەکانی نەماوە، لەکاتێکدا ئەم چەکدارانە بەدوای یۆتۆپیایەک، یان گوزارشتکردن لە شوناسی ئایینی خۆیان یان بەرگریکردن لە کۆمەڵگەی سوننەی سووریا و عێراق روویان لەو دوو وڵاتە کردووە، بەڵام هەڵسوکەوتێکی جیاوازیان لە داعش بینیوە، بۆیەش پەشیمان بوونەتەوە.

زۆربەی راپۆرتە نێودەوڵەتییەکان کۆکن لەسەر ئەوەی ئەو جۆرە کەسانە هێندەی پێویستیان بە چاودێریی سایکۆلۆژی هەیە، هێندە پێویستیان بە زیندان نییە، تەنانەت لە هەندێک حاڵەتدا دەکرێ بۆ روونکردنەوەی بەرچاوی گەنجە رادیکاڵەکانیش، کەڵکیان لێ وەربگیرێ.

ژمارەیەکی دیکە لە "گەڕاوەکان" دەکرێ ئەوانە بن کە بە هۆکارێکی دەرەکی ریزەکانی داعشیان جێهێشتووە، لەوانەش زەماوەند، بیرکردنی خێزان یان قورسیی شەڕەکان. ئەم گرووپە لە "چەکدارە گەڕاوەکان" ئەگەرچی لە ریزەکانی داعش دەرچوون، بەڵام بڕوای تەواویان بە "جیهاد" ماوە.

### مەترسیدارترین چەکداری داعش

**کۆڵن کلارک، شرۆڤەکار لە ناوەندی رەند، دەڵێت مەترسیدارترین ئەو چەکدارانەی دەگەڕێنەوە وڵاتەکانیان ئەوانەن کە پێشتر لە مەیدانەکانی شەڕدا بەشدار بوون، هەوڵی راکێشانی ئەندامی دیکەیان داوە بۆ ناو داعش یان هەوڵیانداوە هێرشی خۆکوژی بکەن. هێرشبەرەکانی مانگی نۆڤەمبەری 2015ی پاریس نموونەیەکی زەقی ئەو جۆرە هێرشبەرانەن کە لە سووریا مەشقیان پێکراوە و دواتر رەوانەی فەرەنسا کرابوون. بەرپرسانی ئەمنیی رۆژئاوا لەوە نیگەرانن کە دەکرێ داعش هەر ئێستا سەتان چەکداری رەوانەی ئەورووپا کردبێ، یان لە کەمپەکانی کۆچبەران لە تورکیا چاوەڕوانی ئاودیوبوون بن.**

# 10 ئافرەت بە تۆمەتی ئەندامێتیی داعش لە گرتووخانەکانی کوردستاندان



رووداو- هەولێر

10 ئافرەت بە تۆمەتی پەیوەندییان بە رێکخراوە ئیسلامییە توندڕەوەکانەوە، لەوانەش داعش و ئەلقاعیدە، لە بەندیخانەکانی چاکسازیی هەرێمی کوردستاندا دەستبەسەرن. ژمارەیەک لەو ئافرەتانە دانیان بەوەدا ناوە کە بۆ کردەوەی خۆکوژی هاتبوونە کوردستان، بەڵام ژمارەیەکیان دەڵێن ئەوان تەنیا بەهۆی پەیوەندیی کەسوکاریان لەگەڵ داعش، دەستگیرکراون.

گۆڤاری (فۆرێن ئەفەیرز)ی ئەمریکی لە راپۆرتێکدا باس لە بارودۆخی ژمارەیەک ئافرەت لە بەندیخانەکانی کوردستان دەکات کە تۆمەتبارن بەوەی پەیوەندییان بە رێکخراوە توندئاژۆ ئیسلامییەکانەوە هەبووە. یەکێک لەو ئافرەتانەی لە راپۆرتەکەدا ئاماژەی بۆ دەکرێ، ژنێکی عێراقیی خەڵکی پارێزگای سەلاحەدینە کە لە راپۆرتەکەدا بە ناوی خوازراوی "نادیە" ناوی دەهێنرێ و تۆمەتبارە بەوەی پەیوەندی بە داعشەوە هەبووە. بەڵام نادیە ئەو تۆمەتە رەتدەکاتەوە و باس لە بەسەرهاتێکی جیاواز دەکات.

نادیە، تەمەن 22 ساڵ، لە ساڵی 2012ەوە زەماوەندی کردووە و خاوەنی کچێکە، بەڵام ماوەی یەک ساڵ دەبێ لە دەست هاوژینەکەی کە ئەندامی داعش بووە، رایکردووە و لەو کاتەشەوە چاوی بە کچەکەی نەکەوتووە. وەکوو خۆی باسی کردووە، دوو ساڵی یەکەمی ژیانیان زۆر ئاسایی بووە، بەڵام لەگەڵ هێرشەکانی داعش و گیرانی گوندەکەیان لەلایەن ئەو رێکخراوەوە، شتەکان لە نێوان خۆی و هاوژینەکەی تێکچوون.

بەگوێرەی راپۆرتەکە، لە کاتی هێرشەکانی داعشدا لە 2014 ، هاوژینەکەی نادیە، بە پێچەوانەی زۆربەی دانیشتووانی گوندەکەیان، بڕیاری داوە بۆ پاراستنی مەڕ و ماڵاتەکەی گوندەکە جێنەهێڵێت، بەڵام چەند مانگ دواتر سوپای عێراق جارێکی دیکە گوندەکەیانی گرتەوە، خەڵکی گوندیش لە کاتی گەڕانەوەیان نادیە و هاوژینەکەیان دەرکرد، بە گوتەی خۆی، خەڵکی گوند تۆمەتباریان کردوون بەوەی ئەندامی داعشن.

پاش ئەمە، نادیە و هاوژینەکەی و کچە ساواکەیان رێگەی مووسڵ دەگرنەبەر. بە گوتەی نادیە هاوژینەکەی لە مووسڵ کاری دەست نەدەکەوت، بۆیە چووبووە نێو داعش و لەوێ کردبوویان بە پاسەوانی خاڵێکی پشکنین. وەکوو نادیە باسی دەکات، هاوژینەکەی سەرەتا تەنیا بۆ بەخێوکردنی خێزانەکەی چووبووە نێو داعش، بەڵام پاش ماوەیەکی کەم "داعش مێشکی شۆردەوە و کردی بە کەسێکی گرژ و مەزاجی".

نادیە سەبارەت بەو گۆڕانکارییەی داعش لە هاوژینەکەیدا دروستی کردبوو، بە (فۆرێن ئەفەیرز)ی راگەیاندووە "هەتا نەچووبووە نێو داعش، قەت لێی نەدەدام، بەڵام ئەوان گۆڕییان، ئەوان عەقڵیان تێکدا".

بەپێی راپۆرتی گۆڤارەکە، پاش ماوەیەک داعش داوای لە هاوژینەکەی کردبوو بچێتە بەرەکانی جەنگ، بەڵام هاوژینەکەی بەمە رازی نەبووە، بۆیە داعش هاوژینەکەیان گرتووە و ئەشکەنجەیان داوە. داعش لە تشرینی دووەمی 2015 هاوژینەکەی نادیەی ئازاد کردبوو، ئەویش رۆژی دواتر رایکردبوو بۆ تورکیا. کاتێک داعش بەمەی زانیبوو، تفەنگیان لەسەر سەری نادیە دانابوو بۆ ئەوەی شوێنی هاوژینەکەی ئاشکرا بکات.

بە گوتەی نادیە، خزمەکانی هاوژینەکەی بڕیار دەدەن ئەویش رەوانەی تورکیا بکەن. بۆیە بە قاچاخ و لە رێگەی سووریاوە ئاودیوی تورکیای دەکەن. بە گوتەی خۆی، پاش چەند هەفتە دەگاتە لای هاوژینەکەی، بەڵام لەوێ بە بەردەوام بە دەست هاوژینەکەیەوە لێدانی خواردووە. بۆیە بڕیاری دابوو بگەڕێتەوە عێراق، بەڵام کاتێک هاوژینەکەی پێی زانیبوو لە شوققەکە دەریکردبوو بەبێ ئەوەی کچەکەی بداتەوە. نادیە رێگەی گەڕانەوە بۆ عێراق دەگرێتەبەر.

وەک لە راپۆرتەکەدا هاتووە، لەسەر سنووری هەرێمی کوردستان و تورکیا لە لایەن هێزەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستانەوە دەستگیر دەکرێ. چونکە لەناو مۆبایلەکەیدا وێنەیەکی نادیە دەدۆزنەوە کە تێیدا کڵاوێکی بە لۆگۆی داعشەوە لەسەر کردووە. نادیە خۆی وێنەکە بە "گاڵتەکردن" بە داعش ناوزەد دەکات. بەگوێرەی راپۆرتەکە، لە وێنەکەدا قژی رووتە و ئارایشتێکی خەستی کردووە. نادیە دەڵێت "ئەم وێنەیە بۆ سووکایەتیکردن بە داعش بووە، ئەگەر داعش ئەم وێنەیەی بینیبایە بێگومان سەریان دەبڕیم".

لە وێنەیەکی دیکەشدا هاوژینەکەی نادیە بە خۆی و ریشێکی درێژ و چەکێکەوە دەرکەوتووە. نادیە بە گۆڤارە ئەمریکییەکەی راگەیاندووە کە ئەو خۆی ئاسایشی ئاگادار کردووەتەوە لەوەی هاوژینەکەی داعشە.

نادیە نزیکەی یەک ساڵە لە بەندیخانەیەکی هەرێمی کوردستانە و تۆمەتەکەشی ئەندامێتییە لە گرووپێکی تیرۆریستی کە حوکمەکەی هەتا 15 ساڵ دەچێ.

دیندار زێباری، سەرۆکی لیژنەی وەڵامدانەوەی راپۆرتە نێودەوڵەتییەکان لە ئەنجوومەنی وەزیران، بە گۆڤارە ئەمریکییەکەی راگەیاندووە کە "وێنەکانی سەر مۆبایلی نادیە ئاماژەیەکن بۆ پشتگیریی ئەو ئافرەتە لە داعش".

نادیە یەکێکە لەو دە ئافرەتەی کە بە تۆمەتی پەیوەندی بە دۆسیەی تیرۆرەوە دەستگیرکراوە، دوو لە ئافرەتەکان دانیان بەوەدا ناوە کە هەوڵی کاری خۆکوژییان داوە. بەڵام هەشتەکەی دیکەیان لای گۆڤارە ئەمریکییەکە بانگەشەی ئەوەیان کردووە کە تاکە تاوانیان ئەوەیە بەهۆی هاوسەگیری یان پەیوەندیی خوێنییەوە دەبەسترێنەوە بە یەکێک لە ئەندامانی داعش یان قاعیدە. ژمارەیەک لەو ئافرەتانە گازندەی ئەوە دەکەن کە ماوەیەکی زۆرە لە گرتووخانەدان، بەبێ ئەوەی هیچ پارێزەرێکیان بۆ گیرابێت یان دادگایی کرابن.

لە راپۆرتەکەدا ئاماژە بە کەیسی ئافرەتێکی ئێزدیش دەکرێ بەناوی باسمە دەروێش کە دایکی سێ منداڵە و دەزگای ئاسایشی کوردستان تۆمەتباری کردووە بەوەی لە کوشتنی سێ پێشمەرگەدا دەستی لەگەڵ داعشدا تێکەڵ کردووە.

لە راپۆرتەکەدا ئاماژە بەوە دەکرێ کە دادگای هەولێر، سکاڵاکەی ئاسایشی رەتکردووەتەوە و لە راپۆرتەکەدا ئەمە بە "هەنگاوێکی باش بۆ دادپەروەری" ناوبراوە. بە گوێرەی راپۆرتەکەی (فۆرێن ئەفەیرز)، باسمە ئێستا چاوەڕێ دەکات مانگێک تێپەڕێت، بۆ ئەوەی دەرکەوێ ئاخۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای تێهەڵچوونەوە لە دۆسیەکەی دەکات یان نا.

دینداری زێباری لەبارەی ماوەی پرۆسە یاساییەکانی کەیسەکانی تیرۆر بە (فۆرێن ئەفەیرز)ی راگەیاند "پرۆسە یاساییەکانی پەیوەندیدار بە دۆسیەی تیرۆر ئاڵۆزترن لە کەیسە ئاساییەکان، بۆیەش کاتی زیاتریان دەوێ".

سەبارەت بە پارێزەری یاساییش، زێباری جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەگەر نادیە و هەموو ئەوانی دیکە خۆیان نەیانتوانی پارێزەر بگرن، ئەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان پارێزەریان بۆ دەگرێ.

ڕووداو
ژمارە (449) - دووشەممە 2017/3/13



## بازاڕی خانووبەرە لە سلێمانی جوڵەی تێدەکەوێ

ڕووداو- سلێمانی

لەگەڵ نزیکبوونەوە لە وەرزی بەهار و نەورۆز، بازاڕی خانووبەرە لە سلێمانی بوژانەوەی خێرای بەخۆیەوە بینیوە، نووسینگەکانی خانووبەرە ئاماژە بەوە دەکەن، لەماوەی مانگێکدا کڕین و فرۆشتنی خانووبەرە بە ڕێژەی 40% زیادیکردووە. نرخیش بە ڕێژەی 15% بەرزبووەتەوە. ڕێبوار نامیق، خاوەنی نووسینگەی کڕین و فرۆشتنی خانوو و زەوی لە سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لەچاو دوو ساڵی ڕابردوو لەچاو چەند مانگی پێشوشدا 40-50% مامەڵەی کڕین و فرۆشتن زیای کردووە خەڵک شت دەکڕێت و دەیفرۆشێت، نرخەکانیش نزیکەی 15-20% زیادی کردووە".

### نرخی نێرەکەی گەیشتووەتە 10 هەزار دۆلار

# کوردێک لە لێکدانی بزنی خۆماڵی و پاکستانی بزنێکی تازە دەخاتەوە



ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

چەند ئاژەڵدارێکی خەڵکی هەولێر بەهۆی لێکدانی بزنی شینی خۆماڵی لەگەڵ نێرەی کاموری پاکستانی، جۆرە بزنێکی تازەیان بەرهەم هێناوە کە کێشی زۆر لە کێشی بزنی خۆماڵی زیاترە. گوێچکەکەشی پتر لە نیو مەتر درێژە. نرخی تەگەکەی (نێرەکەی) لە بازاڕ 10 ملیۆن دینارە.

بزنی کاموری (Kamori ) یەکێکە لە باشترین جۆری بزن لە پاکستان. زێدی ڕەسەنی ئەو جۆرە بزنە هەرێمی سندی پاکستانە، بەهۆی جوانی و تایبەتمەندییە باشەکانی، ئێستا لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی و ئاسیایی بەخێودەکرێت.

ئەو بزنە مل و گوێچکەی درێژە. کێشی مێیەکەی 60 کلیۆگرامە و نێرەکەشی 80 کیلۆگرامە. زۆربەی جار جمکی دەبێ. هەندێکجاریش بە سکێک چوار بەچکەی دەبێ. کاریلەکەی زۆر بە خێرایی گەورە دەبێ، هەر بۆیە ئەو بزنە بۆ شیر، گۆشت و جوانی بەخێودەکرێ.

ئەو جۆرە بزنە هاوشێوەی بزنی شامی قەپۆزی کەمێک کەوانەییە، موویەکی تەنکی هەیە، ڕەنگەکانیشی بریتین لە قاوەیی تۆخ، قاوەیی و سپی تێکەڵ. ڕەشی خاڵ خاڵی پرتەقاڵی، سپی و سوور.

ماوەی چەند ساڵێکە ژمارەیەک لەو جۆرە بزنە لە پاکستان و ئێرانەوە بە قاچاخ هاوردەی هەرێکی کوردستان کراون. بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەو بزنە بەرگەی سەرمای کوردستان ناگرێ، بۆ گونجاندنی لەگەڵ کەشوهەوای هەرێمی کوردستان، ژمارەیەک لە ئاژەڵداران تەگەی ئەو بزنەیان لەگەڵ بزنی شینی خۆماڵی لێکداوە، بەو هۆیەشەوە بزنێکیان دەستکەوتووە کە لەڕووی تایبەتمەندییەوە لە هەردوو بزنی کاموری پاکستانی و شینی خۆماڵی باشترە. بەرگەی سەرما و گەرمای کوردستانیش دەگرێت.

خەلیل خەتاب، ئاژەڵدارێکی شاری هەولێرە، ماوەی 4 ساڵە لە کێڵگەکەی لە گوندی قەرێتاخی سەر بەناحیەی شەمامک، بزنی لێکدراوی کاموری پاکستانی و شینی حەمدانیی خۆماڵی بەخێودەکات، دەڵێت "بزنی کاموری پاکستانی بەرگەی سەرمای کوردستان ناگرێت، بۆیە نێرەی کامور لە شینی خۆماڵی دەدەین، لە ئەنجامی لێکدانەکە جۆرە بزنێکمان دەستدەکەوێ کە لە هەردوو جۆر بزنی پاکستانی و شینی خۆماڵی باشترە".

خەلیل خەتاب، باسی تایبەتمەندییەکانی بزنە لێکدراوەکەی کرد و گوتی "درێژیی گوێچکەی مێیەکەیان دەگاتە 50 تاوەکو 54 سانتیمەتر. نێرەکەشی لە نێوان 58 — 62 سانتیمەترە. ساڵانەش دووجار دەزێت. زۆربەی سکەکانی دووانەیە، هەندێجاریش بە سکێک چوار کاری دەبێت، کێشی بزنەکانیش دوو بەرامبەری بزنی خۆماڵییە".

بەگوتەی خەلیل، لە هەموو شاری هەولێر 200 بزنی جوانی لێکدراو نییە، بۆیە بزنە جوانەکان لەنێوان 10 بۆ 15 ئاژەڵداری پارەداردا ئاڵوگۆڕ دەکرێن، ئەمەش وای کردووە بەردەوام نرخیان بەرز بێ. خەلیل یەکێک لە نێرەکانی ئەو جۆرە بزنەی بە 10 ملیۆن دینار فرۆشتووە، ئێستا 13 ملیۆن دیناریان داوەتە خاوەنەکەی نایفرۆشێ. خەلیل دەڵێت "نرخی مێیەی ئەو جۆرە بزنە لە نێوان 3 — 5 ملیۆن دینارە".

خەلیل ئامۆژگاریی ئاژەڵداران دەکات کە ئەو جۆرە بزنە بەخێوبکەن "چونکە سوودە ئابوورییەکەی زۆر زیاترە لەو بزنە ڕەشۆکییەی خۆمان".

گرفتی ئەم ئاژەڵدارانە لەم جۆرە لێکدانە ئەوەیە ڕێژەی مردنی بێچووەکانی زۆرە، خەلیل خەتاب پێیوایە زیادبوونی ڕێژەی مردن، بەشێکی بۆ ناشارەزایی ئاژەڵداران و بەشێکی دیکەشیان بۆ بەلێشاو هێنانی ئاژەڵی سووری بۆ کوردستان دەگەڕێتەوە کە بووەتە هۆی بڵاوبوونەوەی چەندین نەخۆشی.

ئەو جۆرە بزنە لێکدراوانە لە زۆربەی شارەکانی هەرێمی کوردستان هەن، بەڵام لە هەولێر زیاتر خواستی لەسەرە. بەو هۆیەشەوە نرخەکەی بەردەوام لەهەڵکشاندایە.

بەشدار ئەحمەد تاهیر، دەڵاڵێکی کڕین و فرۆشتنی ئاژەڵە لە مەیدانی فرۆشتنی ئاژەڵان لە هەولێر، دەڵێت "بەر لەوەی بزن و تەگەی پاکستانی بهێنرێتە کوردستان، نرخی جووتێک بزنی شینی خۆماڵی بەگوێرەی جوانییەکەی لەنێوان ملیۆنێک تاوەکو دوو ملیۆن دینار بوو، بەڵام نرخی جووتێک بزنی لێکدراو ئەگەر جوان بێ لە نێوان سێ تاوەکو شەش ملیۆن دینارە. نێرەکەشی 10 ملیۆن دینار دەکات".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی سامانی ئاژەڵ و ڤێترنەری، نزیکەی میلۆنێک و 224 هەزار سەر بزن لە هەرێمی کوردستان هەن، بەڵام هیچ ئامارێک سەبارەت بە جۆری بزن لە کوردستان نییە. بۆیە نازانرێت چەند بزنی شینی حەمدانی لەکوردستان ماون.

د.یوسف بەرزنجی، سەرۆکی بەشی سامانی ئاژەڵ لە کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سەلاحەددین، دەڵێت "بزنی شین یەکێکە لە جۆرە بزنە باشەکانی کوردستان، بزنێکی خۆماڵییە و پێشتر لەکوردستان هەبووە، بەڵام لە توێژینەوەکانەوە بۆمان دەرکەوتووە ژمارەی ئەم بزنە لە کوردستان زۆر کەم بووەتەوە".

ئەو کارەی ئەو ئاژەڵدارانە کردوویانە کە تەگەی کاموریان لە بزنی شینی خۆماڵی داوە، بەلای د.یوسفەوە کارێکی زۆر باشە. چونکە تایبەتمەندییە باشەکانی هەردوو بزنەکە لە یەک بزندا کۆکراونەتەوە. گوتیشی "ئەگەر ژمارەیەکی باش لەم جۆرە بزنە لێکدراوانە لە کوردستان هەبن و ئاژەڵداران هاوکارمان بن، ئامادەین توێژینەوەی لەسەر بکەین و تایبەتمەندییەکانی بەشێوەیەکی زانستی دەستنیشان بکەین".

ئاماری ژمارەی بزن لە هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی پارێزگاکان

| هەولێر | سلێمانی | دهۆک | گەرمیان | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| 507.000 | 354.805 | 273.223 | 88.921 | 1.223.949 |

### بزنە شین لەنێودەچێ؟

د.یوسف دەڵێت "لێکدانی جۆرە بزنە جیاوازەکان بەمەبەستی گواستنەوەی تایبەتمەندییە باشەکان کارێکی زانستییە. بەڵام بێ گرفتیش نییە. بۆیە پێویستە ئەو جۆرە لێکدانە لەژێر ڕێنمایی و چاودێریی پسپۆڕانی تایبەتمەند بکرێ، چونکە بە هەڕەمەکی لێکبدرێت و تەنیا لایەنە بازرگانییەکەی ڕەچاو بکرێت. لەوانەیە دواجار ببێتە هۆی لەناوچوونی بزنی شینی خۆماڵی".

### یەکێکە لە باشترین مانگاکانی شیر لە جیهاندا

# مانگای بۆکانی بە قاچاخ هاوردەی کوردستان دەکرێت

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

کۆماری ئیسلامیی ئێران هەموو ڕێگایەکی گرتووەتەبەر بۆ ئەوەی ڕێگە لە بەقاچاخبردنی جۆرە مانگایەک لە وڵاتەکەی بگرێ کە بە مانگای بۆکانی ناسراوە، بەڵام بەهۆی ئەو خواستە زۆرەی لەسەر ئەو جۆرە مانگایە هەیە لە کوردستان، بازرگانان بە هەر جۆرێک بێ هاوردەی دەکەن.

زێدی ڕەسەنی مانگای بۆکانی بۆ دوورگەیەکی بەریتانیا بەناوی جێرسی دەگەڕێتەوە. ئەو مانگایە بە یەکێک لە بەناوبانگترین جۆرەکانی مانگای شیر لە جیهاندا ناسراوە.

ئەم مانگایە لە جیهاندا بە جێرسی (Jersey cattle) ناسراوە، بەڵام ئێران لە بەریتانیاوە هاوردەی کردووە و لە شارەکانی ئێران بەگشتی و شاری بۆکان بەتایبەتی پەرەی پێداوە، بۆیە لای ئاژەڵدارانی هەرێمی کوردستان بە مانگای بۆکانی ناسراوە.

لوقمان عوسمان، بازرگانی فرۆشتنی مانگا و ئاژەڵی بچووک لە مەیدانی ئاژەڵانی هەولێر، بە (ڕووداو)ی گوت "مانگای بۆکانی چەند ساڵێکە لە ئێرانەوە بەقاچاخ دەهێنرێتە هەرێمی کوردستان، بەهۆی تایبەتمەندییە باشەکانی لە شیر و گۆشت، زۆر بەخێرایی لەکوردستان ناسرا، ئێستا لە بازاڕ خواستێکی زۆری لەسەرە".

بە گوتەی ئەو بازرگانە، ئێران هەموو ڕێوشوێنێکی گرتووەتەبەر بۆ ئەوەی ڕێگە لە بەقاچاخبردنی ئەو جۆرە مانگایە بگرێ، بەڵام بەهۆی ئەو خواستە زۆرەی لەسەر ئەو مانگایە هەیە، بازرگانان بەبێ گوێدانە مەترسییەکانی ڕێگەی قاچاخ، بەردەوامن لە هاوردەکردنی مانگای بۆکانی.

لوقمان گوتی :"بەهۆی سەختیی ئەو ڕێگا قاچاخەی مانگاکانی لێوە دەهێنرێ، زۆربەی مانگاکان سەرەتا تووشی نەخۆشیی زەرتک و شەلکە و دەمکوڵی دێن، تەنانەت هەندێجار لە ڕێگادا مردار دەبنەوە، یان لە سنوورەکان دەستیان بەسەردا دەگیرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی پارە دەکات، بازرگانان ساڵانە 500 تاوەکو 600 دانەی لێ هاوردە دەکەن".

ئەو مانگایە لە کوردستان بە مانگایەکی هێمن و لەسەرخۆ ناسراوە، بۆیە ئاژەڵداران حەز لە بەخێوکردنی دەکەن.

لوقمان عوسمان دەڵێت "ئەو مانگایە وەکو مانگای خۆماڵی وایە، بەرگەی گەرما و سەرمای کوردستان دەگرێت، شیرێکی باش و زۆر بەتامی هەیە. قەبارەی لە مانگای فریزی بچووکترە و دەتوانرێت لە ڕووبەرێکی بچووکدا بەخێوبکرێت، بۆیە بەخێوکردنی لە مانگای فریزی زۆر ئابوورییانەترە".

ڕەنگی ئەم مانگایە بەگشتی بۆرە و هەندێجاریش خۆی بە زەرد نیشان دەدات، بۆیە جگە لەناوی بۆکانی بە مانگا بۆرەش ناسراوە. بەرهەمی ساڵانەی ئەم مانگایە دەگاتە نزیکەی 5 هەزار کیلۆ شیر، ئەگەر بەباشی پەروەردە بکرێ و ئالیکی باشی بدرێتێ، تاوەکو 9 هەزار کیلۆ شیر لە ساڵێکدا دەدات.

شوکر ئەحمەد، ئاژەڵدارێکی پێشکەوتووی شاری هەولێرە، ماوەی 25 ساڵە پڕۆژەی بەخێوکردنی مانگای هەیە، کێڵگەکەی 30 مانگای تێدایە کە سێ دانەیان لە جۆری بۆکانین، شوان دەڵێت "ئەو مانگا بۆکانیانەی لە ئێرانەوە دەهێنرێن بەشێکیان توخمی دیکەیان لەگەڵ تێکەڵ بووە و لە جۆری باش نین، ڕۆژانە تەنیا 6 تاوەکو 7 کیلۆ شیر دەدەن، بەڵام ئەوانەی من لە جۆری باشن و بەیانیان 12 کیلۆ و ئێواران 8 کیلۆ شیریان هەیە، ڕۆژی واش هەیە دەگاتە 25 کیلۆ".

نرخی مانگای بۆکانی بەگوێرەی ڕەسەنی و بڕی شیر و جوانی و تەمەنی، نرخەکەی لە نێوان 3 بۆ 6 ملیۆن دیناردایە.

لوقمان عوسمان گوتی "ئێستا بۆ شیر و گۆشت مانگای بۆکانی و هەروەها جۆرە مانگایەکی دیکە کە سمیتاڵی پێدەڵێن، باشترین جۆرن لە هەرێمی کوردستان".

ڕەمەزان محەممەد، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، دەڵێت "ئێمە ڕێگر نین لە هاوردەکردنی ئەم جۆرە مانگایە، چونکە یەکێکە لە مانگا باشەکانی شیر و گونجاویشە لەگەڵ کەشوهەوای کوردستان، بەڵام ئێران حەز ناکات ئەم مانگە باشانە لە وڵاتەکەی بچنە دەرەوە، بۆیە ئاسانکاری بۆ بازرگانان ناکات، بازرگانانیش ناچارن بە قاچاخ هاوردەی بکەن.

وەزارەتی کشتوکاڵ مەرجی هەیە بۆ هاوردەکردنی مانگا. ڕەمەزان محەممەد باسی ئەو مەرجانەی کرد و گوتی "ئێمە هەندێ مۆڵەتی هاوردەکردنی مانگامان لەئێران داوە، بەو مەرجەی ئەو مانگایەی دەهێنرێ بۆ بەخێوکردن بێت، مانگاکەش یەکەم سکی بێت، یان ئاوس بێت، نەخۆشیش نەبێ".

ئاوارە کەریم، خاوەن پڕۆژەیەکی بەخێوکردنی مانگایە لە قەزای چۆمان، مانگی ڕابردوو ژمارەیەک مانگای لە ئێرانەوە هاوردە کرد، ئاوارە دەڵێت "وەرگرتنی مۆڵەتی هاوردەکردنی مانگا لەئێران گرفت و خەرجیی زۆرە. ئێران وەک پێویست ئاسانکاری بۆ بازرگانان ناکات. دوای 5 مانگ ئینجا توانیم مۆڵەتی هاوردەکردنی 250 مانگا وەربگرم".

ئاوارە، هاوردەکردنی مانگای لە ئێرانەوە بە "قومار" وەسف کرد و گوتی "جگە لەوەی کات و خەرجیی زۆرت دەوێت بۆ کۆکردنەوەی مانگاکان و گرتنی هۆڵی کەرەنتین و پشکنین، حکومەتی ئێران بە ئارەزووی خۆی هەناردە ڕادەگرێت. بۆ نموونە جارێک هەشت مانگ هەناردەیان ڕاگرت، منیش مانگاکانم کڕیبوو، خەرجییەکی زۆرم چوو، بەهۆی سەرماشەوە ژمارەیەک مانگام مردن".



### تایبەتمەندییەکانی مانگای بۆکانی

مانگای بۆکانی بە بەراورد بە مانگاکانی دیکە، کێشی کەمە و نزیکەی 400 - 500 کیلۆ دەبێ. ڕێژەی چەوری لە شیرەکەیدا زۆرە کە دەکاتە 4.84٪، ئەوەش بە بەراورد بە شیری مانگای ئاسایی 25٪ زیاترە. ڕێژەی پڕۆتینی شیرەکەی دەگاتە 3.95٪ کە 18٪ لە شیری ئاسایی زیاترە. ڕێژەی کالیسیۆمەکەشی 25٪ زیاترە لەو کالیسیۆمەی لە شیری مانگای ئاساییدا هەیە. تایبەتمەندی هەرە باشی مانگای بۆکانی ئەوەیە مانگای شیر و گۆشتە. نێرەکەی زۆر خێرا گەشە دەکات. مێیەکەشی لە تەمەنی 19 مانگی ئامادەیە بۆ زاوزێ. کێشی بێچووەکەی لەکاتی لەدایکبوونیدا تەنیا 25 کیلۆگرامە، بۆیە زۆر بەئاسایی لەدایک دەبێ.

هەرێمی کوردستان دەکەوێتە کوێی ئەو ڕێککەوتنە!

# مۆسکۆ و ئەنکەرە جیۆپۆلەتیکی گازی سرووشتی دەگۆڕن





دەروون ڕەحیم*

پەیوەندییەکانی ڕووسیا (گەورەترین بەرهەمهێنی گازی سرووشتی لە جیهاندا) لەگەڵ تورکیا کە یەکێکە لە گەورەترین بەکارهێنەرانی گازی سرووشتی لە ئەورووپا، لەوە خێراتر بەرەو پێش دەچن کە چاوەڕوان دەکرا. لە ماوەیەکی پێوانەییدا کە کەمتر لە ساڵێکە، هەردوو وڵات ژمارەیەک پڕۆژەی ستراتیژییان واژۆ کردووە لە بواری گازی سرووشتی و وزەی ئەتۆمدا. لە بواری گازی سرووشتیدا، هەردوولا پڕۆژەی تورکیش ستریمیان هێنایەوە سەر نەخشە کە بەهۆی ڕووداوی خستنە خوارەوەی فڕۆکە ڕووسیەکەی سەر ئاسمانی سووریاوە ڕاگیرابوو. پڕۆژەکە بریتییە لە ڕاکێشانی بۆڕییەک کە لە ڕووسیاوە گازی سرووشتی بەژێر دەریای ڕەشدا دەگوازێتەوە بۆ تورکیا و لەوێشەوە بۆ ئەورووپا. هەروەها لە بواری وزەی ئەتۆمدا، ڕووسیا وێستگەیەکی ئەتۆمی بۆ تورکیا دروست دەکات.

ئەو ئاستەی ئێستای پەیوەندیی تورکیا و ڕووسیا، گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە جیۆپۆلەتیکی وزە دەهێنێتە ئاراوە. پێشتر تورکەکان هەموو هەوڵێکی خۆیان دەدا بۆ ئەوەی ببنە ڕاڕەوێکی ئارام بۆ گواستنەوەی گازی سروشتی بۆ ئەورووپا، ئامادە بوون لە سەرجەم پڕۆژەکانی ئەورووپادا بەشدار بن. بە واتایەکی دیکە ئەوانیش وەک ئەورووپییەکان دەیانویست سەرچاوەی جێگرەوە بۆ گازی سرووشتیی ڕووسیا بدۆزنەوە.

ئەورووپییەکانیش تورکیایان وەک ڕاڕەوێکی جێگرەوە بۆ ئۆکراینا تەماشا دەکرد کە گازی سرووشتیی قەوقاز و ناوەڕاستی ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لێوە هاوردە بکرێت، بێ ئەوەی ناچار بن پشت بە ڕووسیا ببەستن.

هەموو ئەم پلانانە لەگەڵ ئەندازەی پەیوەندیی ئێستای مۆسکۆ و ئەنکەرەدا دەبنە بەشێک لە ڕابردوو. ئەوەی تورکەکان بەدەستی دەهێنن لەم پەیوەندییەدا لە بواری وزە، بریتییە لە گازی سرووشتیی زیاتر لە ڕووسیاوە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیی بازاڕی تورکیا کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پێویستی بە گازی سروشتیی زیاتر هەیە، ئەمە لە پاڵ چەند دەستکەوتی سیاسی لە سوریا و ڕۆژئاوای کوردستان. لە کاتێکدا ڕووسەکان ئەم پەیوەندییە وەک کلیلی لەباربردنی پڕۆژەکانی ئەورووپا دەزانن بۆ کەمکردنەوەی پشتبەستن بە گازی سرووشتیی ڕووسیا.

ئەم پەیوەندییە هەنگوینییەی نێوان ڕووسیا و تورکیا لە بواری وزەدا بەشێوەیەکە ڕووسەکان بڕێکی زیاتر لە گازی سروشتی بە تورکیا دەفرۆشن کە بریتییە لە 16 ملیار مەتر سێجا گازی سروشتی لە ڕێگەی بۆڕیی تورکیش ستریمەوە، هەروەها وێستگەیەکی ئەتۆمی بۆ تورکیا دروست دەکات. لە بەرامبەردا تورکیا خزمەتگوزارییەکی بێوێنە پێشکەشی ڕووسەکان دەکات، ئەویش لەڕێگەی پشتکردنە پڕۆژی بۆڕییە ئەورووپییەکان و ڕێگەدان بە ڕووسیا بۆ ئەوەی خاکی تورکیا وەک جێگرەوەی ئۆکراینا بەکاربهێنن لە گواستنەوەی گازی سروشتیی ڕووسی بۆ ئەورووپا.

ئەو ڕۆڵەی ئەورووپییەکان دەیانویست تورکیا بیگێڕێت لە چوارچێوەی ستراتیژی دەربازبوون لە هەژموونی گازی سرووشتیی ڕووسیا، ئەنکەرە پێشکەشی ڕووسەکانی دەکات. تورکیا لە پڕۆژەی تورکیش ستریمدا، بۆڕیی گازی (تاپ) و (تاناپ)ی خستە خزمەت گازی سرووشتیی ڕووسیاوە، لە کاتێکدا هەردوو بۆڕییەکە بۆ خۆلادان لە گازی سرووشتیی ڕووسیا دیزاین کرابوون، بۆ ئەوەی گازی سرووشتی لە سەرچاوەی دیکەوە بۆ ئەورووپا بگوازنەوە بە خاکی تورکیادا.

ئەم پەیوەندییە دراماتیکییەی تورکیا و ڕووسیا تەنها کاریگەری لەسەر ئەورووپا نابێت، بەڵکو گازی سرووشتیی هەرێمی کوردستانیش بەشێکە لە بابەتەکانی سەرمێزی گفتوگۆی هەردوو وڵات. شتێکی شاراوە نییە کە کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان لە مەداری تورکیادایە و ڕاستەوخۆ بە تورکیاوە بەستراوەتەوە، هۆکاریش زۆرە بۆ ئەم وابەستەبوونە، لەوانە نەبوونی دەرچەی دیکە بۆ هەناردەکردن، یاخود هۆکاری سیاسی (زیان و سوودی ئەم پەیوەندییە بابەتێکی دیکەی گفتوگۆیە بۆیە لێرەدا باس نەکراوە). سرووشت و دەرئەنجامی پەیوەندیی وزەی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان وای کردووە کە ستراتیژ و پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ بەرهەمهێنەران و بازاڕی گازی سرووشتی، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر هەرێمی کوردستان هەبێت. لەکۆی گشتیی پەیوەندی نێوان تورکیا و ڕووسیاوە دەکرێت ئەوە بخوێنرێتەوە کە هەردوولا بە لێکتێگەیشتنێک گەیشتوون دەربارەی ئەوەی گازی سرووشتیی هەرێمی کوردستان دەست بە بەرهەمهێنانی بکرێت و هاوردە بکرێت. بەڵام بەشێوەیەک کە زیان لە بازاڕی گازی سرووشتیی ڕووسیا نەدات، یان ڕوونتر بڵێین: ڕووسیا نایەوێت گازی سرووشتیی هەرێمی کوردستان تورکیا ببڕێت بەرەو بازاڕەکانی ئەورووپا. ڕەنگە ڕووسەکان کێشەیان لەگەڵ ئەوە نەبێت کە ساڵانە هەرێمی کوردستان 10 ملیار مەتر سێجا گازی سرووشتی بۆ بازاڕەکانی تورکیا بنێرێت، بەڵام بەو مەرجەی تورکیا گازی سرووشتیی هەرێمی کوردستان لە پێداویستی ناوخۆی خۆیدا بەکاربهێنێ و هاوکار نەبێت بۆ ئەوەی بگاتە ئەورووپا یان دووبارە بیفرۆشێتەوە.

بۆیە لە مانگی ڕابردوودا ڕووسەکان زۆر بە چالاکی لە کەرتی وزەی هەرێمی کوردستاندا دەرکەوتن، یەکێک لە کۆمپانیا گەورەکانی بواری وزە، گرێبەستی کڕینی نەوتی لەگەڵ هەرێمی کوردستان واژۆ کردووە و سێ ملیار دۆلار پێشەکیی کڕینی نەوت دەدات، وەفدی گازپرۆمیش زیاتر لە جارێک سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیان کردووە. لە دوایین سەردانی بارزانیشدا بۆ تورکیا، باسی خێراترکردنی پڕۆسەی بەرهەهێنان و هەناردەکردنی گازی سرووشتی کراوە. پێشتریش گەنێل ئینێرجی ڕایگەیاندبوو کە گرێبەستەکانیان بۆ بەرهەمهێنانی هاوبەشی گازی سرووشتی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا تەواو کردووە. دەکرێت بڵێین خێرایی بەرەوپێشچوونی پەیوەندیی نێوان مۆسکۆ و ئەنکەرە، هەنگاوەکانی بەرهەمهێنانی گازی سرووشتیی هەرێمی کوردستانی خێراتر کردووە.

لە کۆتاییدا، هەرچەندە گرنگە گازی سرووشتیی هەرێمی کوردستان سەرپێ بکەوێت و ڕێگای خۆی بەرەو بازاڕەکانی وزەی دەرەوە بدۆزێتەوە، بەڵام گرنگە بزانین گازی سرووشتیی هەرێمی کوردستان تا کوێ دەڕوات. ئەگەر لە تورکیا قەتیس بمێنێت، کورد تەواوی بەهای ستراتیژیی گازی سرووشتی دەست ناکەوێت. لەگەڵ ئەوەی تورکیا هاوبەشێکی گرنگی هەرێمی کوردستانە، بەڵام دەبێت گازی سرووشتیی کوردستان لە نێوان بازاڕە تینووەکانی گازی سرووشتیدا دابەش بکرێ. دەبێت لە ئێستاوە بیر لە بازاڕی دوای تورکیا بکرێتەوە کە ئەورووپا و بازاڕە خێرا گەشەکردووەکانی ئاسیایە.

*شارەزا لە کاروباری وزە

نرخی نەوت ڕوو لە دابەزینە

# ئۆپێک دەرەقەتی نەوتی ئەمریکا نایەت



ڕووداو- هەولێر

ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو نرخی نەوت گەیشتە خوار 50 دۆلار، دوای کانوونی یەکەمی ئەمساڵ، ئەوە یەکەمجارە نەوت بەو نرخە مامەڵەی پێوە بکرێ. پرسیارەکە ئەوە نییە کە ئایا ئەو دابەزینە بەردەوام دەبێ یان نا، بەڵکو پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئایا کاردانەوەی ئۆپێک چی دەبێ؟

لە کۆتایی تشرینی دووەمی ساڵی پارەوە ئەندامانی ئۆپێک، پاش حەوت مانگ کۆبوونەوە و مشتومڕ، دواجار ڕازی بوون لەسەر ئەوەی ئاستی بەرهەمی ڕۆژانەی ڕێکخراوەکە بە ڕادەی 1.2 ملیۆن بەرمیل کەم بکەنەوە. 10 ڕۆژ دواتر 13 وڵاتەکەی بەرهەمێنەری نەوت لە دەرەوەی ئۆپێک، گرنگترینیشیان ڕووسیا، ڕازی بوون ڕۆژانە 558 بەرمیل نەوت کەمتر بەرهەمبهێنن. ئامانج لەو دوو ڕێککەوتنە مێژووییە ئەوە بوو نرخەکانی نەوت جۆرێک بن هاوسەنگییان بۆ بگەڕێتەوە، بەڵام ڕووداوەکانی ئەمدواییە دەریدەخات کە ئۆپێک و بڕیارەکانی ئەم ڕێکخراوە چیدی یەکلاکەرەوە نین لە دیاریکردنی نرخەکانی نەوتدا، ئەگەرچی ئاستی پابەندیی بە ڕێککەوتنەکە لە مانگی شوباتی ئەمساڵ نزیکەی 94% بوو.

لە کاتی دابەزینی نرخەکانی نەوت لە نێوەڕاستی 2014وە، سعودیە بۆ ماوەی دوو ساڵ ئامادە نەبوو ئاستی بەرهەمهێنان و هەناردەی وڵاتەکەی کەم بکاتەوە، بیانووی سەرەکیی سعودییەکان ئەوە بوو کە بازاڕ دەبێ خۆی هاوسەنگ ببێتەوە. دوو هۆکار دەیانتوانی یارمەتیدەر بن: یەکەمیان بەرزبوونەوەی ئاستی گەشەی ئابووری و دووەمیان دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لەو وڵاتانەی تەکنۆلۆژیای بەرهەمهێنانی نەوتیان زۆر پێشکەوتوو نییە، یان دەرهێنانی نەوتی وڵاتەکەیان گران دەکەوێت، بە تایبەتیش نەوتی لیتەیی ئەمریکی.

بەڵام پێشبینییەکانی سعودیە ڕاست دەرنەچوون، ئاستی گەشەی ئابووریی جیهان بەرز نەبووەوە. ئەو ساڵانەش کە نرخەکانی نەوت لەسەرووی 100 دۆلار بوون، توانایان بە پیشەسازیی نەوتی لیتەیی ئەمریکا دابوو ژێرخانێکی پتەوی بەرهەمهێنان بە تەکنۆلۆژیایەکی پێشکەوتوو دامەزرێنێ کە خەرجییەکانی گەڕان و دەرهێنان کەمدەکاتەوە. ئەو تەکنیکە نوێیانە نەک هەر ئاستی بەرهەمهێنانی بیرەکانی بەرزکردەوە، بەڵکو بەهۆی ئەم تەکنیکە نوێیانەوە بیرەکان خێراتر لە جاران دەکەوتنەوە کارکردن. بۆ نموونە کێڵگەی باکین لە ئەمریکا لە ساڵی 2007وە بۆ 2016 بە ڕێژەی شەش هێندە بەرز بووەوە.

کاریگەریی نێگەتیڤی نەوتی لیتەیی بۆ یەکەمجار لە نێوەڕاستی ساڵی 2014 لەسەر نرخەکانی نەوت دەرکەوت. شکانی نرخەکانی نەوت بەهۆی بەرزبوونەوەی بەرهەمی نەوتی لیتەیی کاردانەوەیەکی پێچەوانەی جارانی لەلایەن ئۆپێکەوە لێکەوتەوە. هەموو جارێک کە نرخەکانی نەوت دابەزیبایە، ئۆپێک بۆ بەرزکردنەوەی نرخەکان ئاستی بەرهەمهێنانی کەم دەکردەوە، بەڵام لە 2014 ڕێگەیەکی پێچەوانەی گرتەبەر، ڕادەی دەرهێنانی نەوتی زیاد کرد، ئەمەش بەو بیانووەی دەیانەوێ پشکەکانی خۆیان لە بازاڕەکاندا بپارێزن، بەڵام ئامانجی ڕاستەقینەیان ئەوە بوو پیشەسازیی نەوتی لیتەیی بەچۆکدا بهێنن، بەڵام ئامانجەکە سەری نەگرت و ئۆپێک دواجار ناچار بوو پەنا بۆ سیاسەتە کۆنەکەی خۆی بەرێتەوە کە دابەزاندنی ئاستی بەرهەمهێنان بوو.

ئادام سیامینسکی، توێژەری بازاڕی وزە لە ناوەندی توێژینەوەی ستراتیژی و نێودەوڵەتی (CSIS) بە بلومبێرگی ڕاگەیاند "خەڵکانی بازاڕی نەوت نیگەرانن، چونکە خستنەڕوو و داوا خەریکە جارێکی دیکە لاسەنگ دەبنەوە. نەوتی لیتە (بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخەکانی نەوت) خەریکە جارێکی دیکە هەڵدەستێتەوە سەر پێ، ئێستاش هیچکەس نازانێ ئاخۆ ئۆپێک ڕێککەوتنەکەی ئێستای هەڵدەوەشێنێتەوە یان نا".

هەفتەی پێشوو بەرپرسانی نەوتی سعودیە لەگەڵ سەرۆکی کۆمپانیاکانی نەوتی ئەمریکا کۆبوونەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا، کە لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە بەڕێوەچوو، حکومەتی سعودیە بە ئەمریکییەکانی ڕاگەیاندووە بە تەما نەبن ئۆپێک ماوەی ڕێککەوتنە شەش مانگییەکە درێژ بکاتەوە، چونکە ئەمە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی لیتەیی بەرزدەکاتەوە.

دوو بەرپرسی کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەمریکا بە (ڕۆیتەرز)یان ڕاگەیاندووە "ئۆپێک بەرپرسیار نییە لەوەی پیشەسازیی نەوتی لیتەیی ئاستی بەرهەمهێنانی خۆیان بەرزکردووەتەوە (لەوێشەوە ئەگەری ئەوە هەیە نرخەکانی نەوت کەم بکاتەوە)، ئەو گوتی کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەمریکا نابێ چاوەڕێی ئەوەمان لێبکەن کە ئێمە ماوەی ڕێککەوتنە نەوتییەکەی ئۆپێک و 13 وڵاتی دەرەوەی ئۆپێک درێژ بکەینەوە".

ئامانج لە کۆبوونەوەکەی نێوان سعودیە و کۆمپانیا ئەمریکییەکان ئەوە بوو هەڵسەنگاندنێک بۆ ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی لیتەیی و کاریگەرییەکانی لەسەر بازاڕی نەوت بکەن.

بەر لەو کۆبوونەوەیە، محەممەد بارکیندۆ، ئەمینداری گشتیی ئۆپێکیش لەگەڵ ژمارەیەک کۆمپانیای نەوتی لیتەیی ئەمریکا کۆببووەوە. بەرزبوونەوەی بڕی نەوتی نێو بازاڕەکان تەوەری سەرەکیی کۆبوونەوەکە بووە.

بڕیارە ئەندامانی ئۆپێک ڕۆژی 25ی ئایاری ئەمساڵ لە بارەگای سەرەکیی ڕێکخراوەکە لە ڤیەننا کۆببنەوە، بۆ ئەوەی باس لە سیاسەتی داهاتووی ڕێکخراوەکە بکەن. چاوەڕێش دەکرێ یەکێک لە پرسە هەرە گەرمەکان ئەوە بێ ئایا ماوەی ڕێککەوتنەکەی 30ی تشرینی دووەم و 10ی کانوونی یەکەمی ساڵی ڕابردوو درێژ دەکەنەوە یان نا. بۆیە دوور نییە کۆبوونەوەی بەرپرسانی سعودیە و ئەمینداری گشتیی ئۆپێک لەگەڵ بەرپرسانی کۆمپانیا نەوتییەکان بۆ وەرگرتنی بەرچاوڕوونییەک بووبێت سەبارەت بەوەی ئاخۆ ئەمریکییەکان هەتا چەندە بایەخ بە کاریگەریی سیاسەتەکانیان لەسەر بازاڕی نەوت دەدەن و سیاسەتی درێژخایەنی ئەوان بۆ هاوسەنگکردنەوەی نرخەکانی نەوت چی دەبێ.

حکومەتی ئەمریکا چاوەڕێ دەکات ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی وڵاتەکەی بە ڕادەی 330 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرز ببێتەوە، بەڵام ژمارەیەک ناوەندی سەربەخۆ پێشبینی دەکەن بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمی نەوتی ئەو وڵاتە هەتا 660 هەزار بەرمیلیش بڕوات کە زۆربەشی نەوتی لیتەیی دەبێ. بەپێچەوانەی ئۆپێک و ژمارەیەک لە وڵاتانی دەرەوەی ئۆپێک، کۆمپانیا سەربەخۆکانی نەوتی ئەمریکا هیچ میکانیزمێکیان بۆ دابەزاندنی ئاستی دەرهێنانی نەوت دیاری نەکردووە، چاوەڕێش ناکرێت بەمزووانە بیر لە هەنگاوێکی لەم شێوەیە بکەنەوە، بە تایبەتیش لە کاتێکدا سیاسەتی وزەی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا کە بە سیاسەتی سەربەخۆیی وزە ناسراوە، پشتگیری لە بەرزکردنەوەی خێراتری بەرهەمهێنانی نێوخۆیی نەوت لە ئەمریکا دەکات.

ئەگەرچی هێشتا زیاتر لە دوو مانگ بۆ کۆبوونەوەی داهاتووی ئۆپێک ماوە، بەڵام وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوەکە لە ئێستاوە ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە بوونەتەوە کە ئاخۆ ئامادەن ڕێککەوتنێک بکەن براوەی سەرەکیی تێیدا نەوتی لیتەیی ئەمریکا بێت؟

پرسیاری ستراتیژی ئەوەیە ئاخۆ وڵاتانی ئۆپێک چ گۆڕانێکی ستروکتوری لە سیاسەتی نێوخۆیی خۆیاندا دەکەن، بۆ ئەوەی ئابوورییەکەیان هێندە وابەستەی نەوت نەبێت و ئازادانەتر لە ئێستا مامەڵە لەگەڵ بازاڕەکانی نەوتدا بکەن؟

## نیکۆن دەبێتە سپۆنسەری سابیر



هیوا سەلاح / ڕووداو- هەولێر

سابیر دری، فۆتۆگرافەری کورد، بە وێنەیەک بەشداری لە پێشەنگای نێودەوڵەتی پاوسترایل لە دوبەی دەکات، کە کۆمپانیای نیکۆن سپۆنسەری پێشەنگاکەیە.

سابیر دری بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بڕیارە ڕۆژی 16ی ئادار تاوەکو 22ی هەمان مانگ، گەورەترین پێشەنگای فۆتۆگرافی لە دوبەی بکرێتەوە، منیش بە وێنەیەک شانبەشانی 29 فۆتۆگرافەری جیهانی بەشداری دەکەم. پێشانگاکەش بە سپۆنسەری کۆمپانیای نیکۆن بەڕێوەدەچێت".

سابیر گوتیشی "زیاتر لە 100 هەزار فۆتۆ بۆ ئەم پێشەنگایە ڕەوانەکرابوون، بەڵام تەنیا 30 وێنە هەڵبژێردران بۆ نمایشکردن، خۆشبەختانە وێنەکەی من یەکێکە لەو 30 وێنەیە کە بڕیارە خەڵات بکرێن".

### دەڵێت جیهان پێویستی بە کوردستانێکی سەربەخۆیە

# فیلمەکەی بێرنار لیڤی لەبارەی سەربەخۆیی کوردستانە



## ● مانەوەی کورد موعجیزەی مێژووە

ئەیوب نووری
ڕووداو ـ هەولێر

ڕۆژێک دوای یەکەم نمایشی فیلمی "شەڕی مووسڵ" (ڕووداو) لەگەڵ بێرنار هێنری لیڤی، نووسەر و فەیلەسووفی فەرەنسی و دەرهێنەری فیلمەکە دانیشت، بۆ ئەوەی باس لە ناوەڕۆک و پەیامی ئەو فیلمە بکەن کە بە گوتەی خۆی "ئەوە تەنیا نەبووە هۆی ئەوەی سەرنجی جیهان بۆ لای شەڕی کورد لەدژی داعش ڕابکێشن، بەڵکو دەیەوێ داوایەکی بەهێزتر ئاراستەی جیهان بکات بۆ ئەوەی پشتگیری لە سەربەخۆیی کوردستان بکەن".

فیلمەکە شەوی سێشەممە 2017/3/7 بۆ یەکەمجار لە هەولێر نمایش کرا، لە مەراسیمی نمایشکردنەکەشدا نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان، بەرپرسانی حکومی و ژمارەیەک دیپلۆماتی بیانی ئامادە بوون.

لە گوتاری پێش نمایشی فیلمەکەیدا، لیڤی بەو جۆرە ئاماژەی بە جیاوازیی ئەم فیلمە لەگەڵ فیلمەکەی پێشووی (فیلمی پێشمەرگە) کرد: "ئەگەر بمەوێ باسی جیاوازیی ئەو فیلمە لەگەڵ فیلمی پێشمەرگە بکەم، دەبێ بڵێم لەو فیلمەیاندا داوایەکی بەهێزتر دەکەم، ئەمەش نەک هەر بۆ کورد، بەڵکو بۆ دۆزی سەربەخۆیی کوردستانیش".

لیڤی خۆی گێڕەرەوەی فیلمی شەڕی مووسڵ (La Batille De Mossoul)ـەو ژێرنووسی ئینگلیزیشی لەگەڵە. فیلمەکە باسی ڕۆڵی پێشمەرگە لە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵدا دەکات. لیڤی بە (ڕووداو)ی گوت "ئێوەی کورد لە بەرەکانی پێشەوەی جەنگن و کۆنترۆڵی بەرەکان دەکەن، ئێوە بە ئازایەتی و جەربەزەیییەکی زۆرەوە دەجەنگن، لە نێوان هەموو ئەوانەی لە دژی داعش شەڕ دەکەن، ئێوە لە هەموویان باشتر دەزانن کە بۆچی (لە دژی داعش) شەڕ دەکەن".

دەرهێنەر و تیمی ئامادەکاری فیلمەکە لەگەڵ هێزەکانی سوپای عێراق چوونەتە هەندێک لە بەشەکانی مووسڵ و وێنەی شەڕی ماڵەو ماڵی هێزەکانی عێراقیان لەگەڵ چەکدارانی داعش گرتووە. بەڵام کارەکتەری سەرەکیی فیلمەکە هێزەکانی پێشمەرگەن کە لە کاتی ئازادکردنی شارۆچکە ئێزدی و مەسیحییەکاندا هەوڵی چاککردنەوەی شوێنە ئاینییەکان دەدەن. لیڤی پێیوایە ئەوە خاڵێکە دەبێت جیهان ببینێ.

فەیلەسووفە فەرەنسییەکە دەڵێت "ئێوە دەزانن کە لە پێناوی دیموکراسی، بەها مرۆییەکان، یەکسانیی پیاو و ئافرەت، لێبوردەیی و پاراستنی کۆمەڵگەکانی دیکە ئەم شەڕە دەکەن". بە گوتەی خۆی "ئەمە ئەو شتەیە کە لە گەلی کورددا سەرنجی منی ڕاکێشاوە".

لیڤی کە پێشتر بە فیلمی "پێشمەرگە" بەشداری فێستیڤاڵی کان لە فەرەنسا بووە، گەشبینە بەوەی دەوڵەتی کوردستان ئەستێرەیەکی درەوشاوە دەبێ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، ئەم ڕووداوەش زۆری نەماوە و نزیکە. ئەو بەپێچەوانەی خەڵکانی سیاسیی ئەورووپی پێیوایە دەوڵەتی کوردستان سەقامگیری بە ناوچەکە دەبەخشێت، چونکە "سەقامگیری بریتییە لە دیموکراسی و ڕێزلێنان لەوانی دی، ئەمانەش ئەو شتانەن کە خەڵکی کوردستان پێوەی پابەندن... خەڵکێک کە سەربازەکانی بە خاچێکەوە بە کڵێساکاندا هەڵدەگەڕێن (بۆ ئەوەی خاچەکە بخەنەوە شوێنی خۆی)، ئەم خەڵکە سەقامگیری بە ناوچەکە دەبەخشن، نەک ناسەقامگیری".

بەبۆچوونی لیڤی، یەکێک لە نیشانەکانی گەورەیی گەلی کورد ئەوەیە بەرگەی هەموو ئەو ئازارانەی گرتووە کە ستەمکارانی وەکوو سەدام حوسێن تووشی کوردیان کردووە، بەم حاڵەشەوە خۆی ماوەتەوە و دوژمنەکانی ئێستا لە گۆڕدان. لیڤی گوتی "بەڕای من ئەمە نیشانەی گەلێکی مەزنە. کورد کۆمەڵکوژ کراوە، ڕاپێچی مەرگ کراوە و ئەوە یەک سەدەیە (دوژمنەکانی کورد) دەڵێن کورد دواجار ناچار دەبێ کۆڵ بدات و ڕووحییەتی نەتەوەییان دەمرێت، بەڵام شتە سەیرەکە ئەوەیە ئێوە هەتا ئێستا بەرگری دەکەن و ڕۆحی نیشتمانپەروەری لە ئێوەی کورددا زیندووە".

لیڤی پێیوایە مانەوەی کورد لەلایەکەوە "یەکێکە لە موعجیزە مەزنەکانی مێژوو"، لەلایەکی دیکەشەوە "یەکێکە لەو بنەمایانەی شەرعیەت بە کورد دەدات ببێتە خاوەنی دەوڵەت".

سەربەخۆیی کوردستان تێرم و بابەتی سەرەکیی فیلمی "شەڕی مووسڵ"ە، بۆیەش ئەگەرچی فیلمەکە پڕە لە دیمەنی شەهیدبوون و دڵشکان، بەڵام لیڤی بە دڵنیاییەوە باسی ئەوەی بۆ (ڕووداو) دەکرد کە کاتی دەوڵەتی کوردستان هاتووە، سەبارەت بە هەستی خۆی بەرامبەر ئەو دەوڵەتەش گوتی "هەست دەکەم کاتی هاتووە، چونکە ئێوە ماوەیەکی درێژ بەرگریتان کردووە و بەرگەتان گرتووە، چونکە ئێوە باڵاترین بەهاکانی شارستانییەتی مرۆیی بەرجەستە دەکەن، جیهانی ئەمڕۆش پێویستی بە کوردستانێکی سەربەخۆیە. ئەگەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستێکی سەقامگیرمان بوێ، ئەوە پێویستمان بە کوردستانێکی سەربەخۆشە".

> دەوڵەتی کوردستان ئەستێرەیەکی درەوشاوە دەبێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

## بۆران دەبێتە شا

هیوا سەلاح
ڕووداو- هەولێر

بۆران محەممەد زازا، کچە هونەرمەندی ڕۆژئاوای کوردستان، لە کەنەدا بەشداری لە کۆنسێرتێکی میوزیک و کۆراڵی یاری تەختی شاهانەکان (Game of Thrones) دا کرد.

دکتۆر محەممەد زازا، باوکی هونەرمەند بۆران لەبارەی ئەم کۆنسێرتەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بۆران بەهۆی زیرەکی و لێهاتوویی لە بواری میوزیک و کۆراڵی جیهانی، تاکە هونەرمەندی کوردە بەشداری لەم کۆنسێرتە مەزنەدا دەکات. کۆنسێرتەکە تایبەتە بە میوزیکی درامای ناوداری جیهانی "Game of Thrones"، ساڵانە لە چەند وڵاتێک بەڕێوەدەچێت و پێشوازییەکی زۆری لێدەکرێت.

بۆران دەرچووی بەشی میوزیکی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی هەولێرە و لە لوبنان کۆلیژی هونەری تەواو کردووە. ئێستاش قوتابی ماستەرە لە کەنەدا.



## لانە دەیکات بە سورپرایز



هیوا سەلاح
ڕووداو- هەولێر

لانە شەمس، کچە گۆرانیبێژی کورد کە لە سوید دەژیت، دووەمین گۆرانیی خۆی بەزمانی ئینگلیزی تۆمار کرد.

لانە لەبارەی ئەم گۆرانییە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێستا کار بۆ وێنەگرتنی دووەمین ڤیدیۆکلیپ دەکەم کە بە زمانی ئینگلیزی تۆمارکراوە"

دەربارەی ناوەڕۆکی گۆرانییەکەی، لانە شەمس ئامادە نییە زانیاری زیاتر بدرکێنی و دەڵێت "نامەوێت جارێ ناوەڕۆکی گۆرانییەکە ئاشکرا بکەم، حەز دەکەم بۆ خەڵک ببێتە سورپرایز، چونکە کارێکی زۆر ناوازە و جیاوازم کردووە، هیوادارم بە دڵی هەمووان بێت". لانە شەمس، یەکەمین گۆرانیی خۆی بە زمانی ئینگلیزی پار ساڵ بەناوی "What's the Score" بڵاوکردەوە.



## دڵی زەردی لە نەورۆزدا لێدەدات

ڕووداو- هەولێر

بڕیارە یەکەمین ڕۆژی نەورۆز، نەوید زەردی هونەرمەندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڤیدیۆکلیپی "دڵەکەم" بڵاوبکاتەوە، دەرهێنەری ڤیدیۆکلیپەکە دەڵێت بۆ یەکەمجار لە (ڕووداو) بڵاودەبێتەوە.

فرمێسک مستەفا کە کاری دەرهێنانی بۆ چەند هونەرمەندێکی کورد کردووە، پێیوایە ئەم کلیپەی نەوید جیاوازییەکی زۆری دەبێت "ڤیدیۆکلیپی دڵەکەم کارێکی زۆر تایبەتی بۆ کراوە، ئێستا ئامادەیە بۆ بڵاوکردنەوە، بەڵام دەمانەوێت وەک جەژنانەیەک لە جەژنی نەورۆزدا بڵاوی بکەینەوە، بڕیاریشە بۆ یەکەمجار لە ڕێگەی ڕووداو بڵاوبکرێتەوە".

گۆرانیی "دڵەکەم" لە ئاوازی نەوید زەردیە و هۆنراوەی سیمین چایچییە، مەجید کازمی کاری دابەشکردنی میوزیکی بۆ کردووە و فرمێسک محەممەد و ڕۆژبە میربەگی کاری دەرهێنانیان بۆ کردووە.



## جەژنانەی نینا گەیشتە سلێمانی

ڕووداو- هەولێر

نینا موراد، بەشداربووی کێبڕکێی (Pageant of the World) لە ئوستراليا، بەبۆنەی ڕاپەڕین و یادەکانی ئادارەوە پێداویستیی 400 قوتابی کۆکردووەتەوە و ئێستا گەیشتووەتە دەستی منداڵپارێزانی کوردستان.

نینا موراد بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو بەڵێنەی دابووم بە منداڵانی کوردستان، لە بەرنامەی یەکەممدا سەرکەوتووانە جێبەجێم کرد. پێداویستیی 400 خوێندکارم لە جلوبەرگ، جانتا، پێڵاو، کورسی، پەرتووکی تایبەت و دەفتەر و قەڵەم و بۆردی سپی و چەند ئامێرێکی نەخۆشخانە و چەند مەکینەیەکی دوورمان بۆ کوردستان ناردەوە".

نینا گوتیشی "سەرکەوتووانە هەموو کەلوپەلەکان گەیشتنە دەستی منداڵپارێزانی کوردستان لە سلێمانی، بڕیارە لە ڕۆژانی داهاتوودا دابەش بکرێن".

نینا موراد تەمەن 22 ساڵ کە لە دایکبووی شارۆچکەی ڕانیەیە، ساڵی ڕابردوو بەشداری کێبڕکێی شاجوانی pageant of the world ی 2016ی کرد لە ئوستراليا و پلەی دووەمی هێنا.

تاراوگە
ڕووداو
ژمارە ( 449 ) - دووشەممە 2017/3/13

## سوێد کۆچبەرە دەستبەسەرکراوەکان ئازاد دەکات




**ڕووداو- ستۆکهۆڵم**

پۆلیسی سوید ناچار بووە لانیکەم 12 جار، کەسانێک کە مافی پەنابەرییان نەدراوەتێ و لە چاوەڕوانیی ناردنەوەیاندا دەستبەسەرکراون لە گرتووخانە ئازادیان بکات. سەرۆکی پۆلیسی سەرسنوور پاتریک ئێنگستروێم دەڵێت هەتا دێت ئەم گرفتە زیاتر و زیاتر دەبێ. دەزگای کۆچی سوێد بەمدواییە 100 جێگای بۆ دەستبەسەرکردنی ئەو کۆچبەرانە دابینکردووە کە مافی مانەوەیان لەو وڵاتە ڕەتدەکرێتەوە، بەڵام جێگاکان هەر کەمن. هۆی ئەمەش بۆ توندکردنەوەی کارەکانی دەزگای کۆچ و پۆلیسی سەر سنوور دەگەڕێتەوە. ئێستا جەختی زیاتر دەخرێتە سەر دەرکردنی ئەو پەناخوازانەی کە وەڵامی ڕەد و دەرکردنیان وەرگرتووە.

## مانگی داهاتوو هەڵبژاردنە

# 15 کورد بەربژێری هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی فینلاندن

**ڕووداو – هێلسنکی**




کۆتایی هەفتەی ڕابردوو، هەڵمەتی پڕوپاگەندە بۆ هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی فینلاند دەستی پێکرد کە بڕیارە سەرەتای مانگی داهاتوو بەڕێوەبچێ. زیاتر لە 15 بەربژێری کوردیش لەچوارچێوەی پارتە ڕکابەرەکانی فینلاند، چاویان بڕیوەتە دەنگی ئەو 30 هەزار کوردەی مافی بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردن هەیە.

یەکەمین هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ئەو وڵاتە لە سایەی دەسەڵاتی کۆڵۆنیالیی ڕووسی و سوێدی لە ساڵی 1873 بەڕێوەچووە. تەنیا پیاوانی سەرووی 25 ساڵ بۆیان هەبووە بەپێی دانی باج، خۆیان کاندید بکەن، یان دەنگ بدەن. بەڵام لە ساڵی 1917و دوای سەربەخۆیی فینلاند، یاساکانی هەڵبژاردن گۆڕانکارییان بەسەردا هات.

هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی فینلاند، ئەمساڵ هاوکاتە لەگەڵ یادی سەت ساڵەی دامەزراندنی ئەو وڵاتە. پێشبینی زۆر گۆڕانکاری دەکرێت، بەتایبەت کە لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردووی پەرلەماندا، چەپەکان شکستیان هێنا و بۆ یەکەمینجار پارتە نەژادپەرستەکان هاتنە پەرلەمان، پارتە ڕاستەکانیش بوونە فەرمانڕەوا.

### کورد نەژادپەرستن؟

کوردی فینلاند کە بە ڕەوەندێکی نوێی ئەو وڵاتە دادەنرێ، زۆرتر لە ڕەوەندی نەتەوەکانی دیکە خۆیان بەو هەڵبژاردنەوە سەرقاڵ کردووە. بەپێی بەدواداچوونی (ڕووداو)، تەنیا لە شاری هێلسینکی پایتەخت تاوەکو ئێستا پێنج کورد بەربژێرن لە پارتەکانی چەپ و سۆسیال دیموکرات و ژینگە.

لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردووی شارەوانییەکاندا کە لە ساڵی 2012 بەڕێوەچوو، 16 هەزار کورد مافی دەنگدانیان هەبوو، بەڵام لەو نۆ بەربژێرە کوردەی هەبوون، تەنیا یەکێکیان لە شارەوانیی تۆرکۆ، دەرچوو.

بۆ خودی بەربژێران و کوردی دانیشتووی ئەو وڵاتەش، بوونی کورد بۆ دووەمجار لە نێو بەربژێرەکانی پارتی فینلاندییە ڕەسەنەکان کە بە پارتێکی نەژادپەرست ناسراوە، جێی سەرسوڕمانە.

بۆ ئەمساڵ گەنجێکی باشووری کوردستان کە تەمەنی 24 ساڵە، بەربژێری ئەو پارتەیە. لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردووشدا کچێکی 18 ساڵانی دانیشتووی هێلسنکی بەربژێر بوو کە هەردووکیان ڕەخنەباران کران.

ئاریان مستەفا کە بە ڕەچەڵەک خەڵکی شاری هەولێرە و بەربژێری ئەو پارتە بوو، لە هەڵبژاردنی ڕابردوودا بووە جێی بایەخی میدیاکانی فینلاند. ئاریان ئەوکات بە ڕۆژنامەیەکی فینلاندی ڕاگەیاندبوو: "ڕاستە لە نێو ئەو پارتەدا خەڵکانی خاوەن بیروڕای جیاواز و ڕاسترەویش هەیە، بەڵام لە بەرنامەی ئەو پارتەدا نییە دژایەتی بیانییەکان بکات".

کوردی فینلاند هێرشێکی زۆریان کردە سەر ئاریان، بەڵام ئەو بە سیمینارێک وەڵامی دانەوە و پێیگوتن "ئەو پارتە ڕۆژ بەڕۆژ پێشدەکەوێت و کاریگەریی دەبێت و بیانیشی هەر تێدا دەبێت".

ئاریان مستەفا کە بە ڕێکەوت و لەنێو میترۆ لەلایەن بەرپرسێکی ئەو پارتەوە داوای خۆکاندیدکردنی لێ کرابوو، ئامادە نەبوو لەسەر داوای کوردی فینلاند پاشەکشە بکات، بەڵام دەنگێکی زۆر کەمی هێنا.

ئێستاش بەهەمانشێوە کوردی هێلسنکی داوای پاشەکشە لەو کوڕە 24 ساڵانە دەکەن کە لەسەر لیستی ئەو پارتە خۆی کاندید کردووە.

### ڕکابەر و دۆست..

لەسەر ئاستی شاری هێلسنکی ڕکابەریی بەهێز لەنێوان دوو بەربژێری پارتی چەپ و سۆسیال دیموکراتدایە. ئەو دوو بەربژێرە کوردە لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ڕابردووشدا ڕکابەری یەکدی بوون، بەڵام هیچیان نەبوونە ئەندامی پەرلەمان.

ئەو دوو بەربژێرە: (بنار مستەفا) و (وڵات نەهری)، یەکەمیان خەڵکی باشووری کوردستانە و نەهریش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە.

بنار مستەفا کە تەمەنی تەنیا 12 ساڵ بووە هاتووەتە فینلاند، لەگەڵ ئەوەی دووجار ژمارەی دەنگەکانی نەیهێشتووە ئەندامێتی بەدەست بهێنێت، بەڵام هێشتا کۆڵ نادات.

بنار گوتی "هەرچەندە دەرنەچووم، بەڵام زۆریی دەنگەکان وای کرد ببمە ئەندامی لیژنەی خوێندنی گەورە ساڵان کە سەر بە ئەنجوومەنی شارەوانییە. گەیشتنم بەو لیژنەیەی شارەوانیی هێلسنکی، بەرچاوڕوونییەکی زۆری پێدام لە ئەرک و کارەکانم. ئەوەش بووەتە بنەمایەکی بەهێز بۆ ئەم هەڵبژاردنە و کارەکانی داهاتووم".

بەربژێرانی کورد دەڵێن لەم هەڵبژاردنەدا زۆر بە ئومێدەوە لە دەنگی کورد ناڕوانن، چونکە ڕەوەندێکی یەکگرتوو نین.

محەممەد ئالامورادی، بەربژێری پارتی چەپ لە شارەوانییەکانی شاری تورکۆ دەڵێت "دەرچوونی ئێمە زۆر ئاسانە، ئەگەر تەنیا کەمێک یەکگرتوویی لەنێو دەنگدەرانمان هەبێت".

ئەو نموونە بە سۆماڵییەکانی ئەو شارە دەهێنێتەوە کە بە یەکگرتوویی و کاراییان لە دەنگدان، لە داهاتوودا کاریگەرییەکی زۆریان دەبێت.

وڵات نەهری، بەربژێری پارتی سۆسیال دیموکرات لە هێلسنکی، هیوایەکی زۆری بە دەنگدەرانی کورد نییە، ڕەخنەی لە پارتە کوردییەکانیش هەیە و دەڵێت "نە ڕەوەندی کوردی و نە پارتە سیاسییە کوردییەکان، هیچ بایەخێکیان بۆ هەڵبژاردنەکانی شارەوانی نییە. بەشێکی پەیوەندی بە واقیعی ژیانەوە هەیە کە لە ڕابردوودا خۆشم ئەو کێشەیەم هەبووە، ئەویش ئەوەیە کە هەمیشە هەست دەکەی میوانی و ڕۆژێک لە ڕۆژان دەگەڕێیتەوە، بەڵام پارتە کوردییەکان لێرە نوێنەرایەتی و ڕێکخستنیان هەیە، نەدەبوو ئەوان بەو شێوەیە بن".

هەموو کەسێکی دانیشتووی فینلاند کە لانیکەم دوو ساڵ لەو وڵاتە ژیابێت، مافی ئەوەی هەیە ببێتە بەربژێر بۆ ئەو شارەوانییە. هەموو بیانییەکیش ئەگەر تەنیا مافی مانەوەی هەبێت، مافی دەنگدانی هەیە.

یەکێک لە کێشەکانی ڕابردووی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان ئەوە بوو کە زۆر لە بیانییەکان وایانزانیوە هاوشێوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی، تەنیا ئەوانە بۆیان هەیە دەنگ بدەن کە وڵاتینامەی فینلاندییان هەیە، بەو هۆیەشەوە ژمارەیەکی زۆر لە کوردی ئەو وڵاتە دەنگیان نەدابوو. نەهری دەڵێت "لە هەڵبژاردنی ڕابردوودا دەنگی دەنگدەرانی کورد نەدەگەیشتە 20%".

### دەنگدەرانی کورد دووقات زیادیان کردووە

بەپێی ئامارەکانی هەڵبژاردنی ڕابردووی شارەوانییەکان، لە فینلاند 137 هەزار بیانی مافی دەنگدانیان هەبوو، کە 16 هەزاریان کورد بوون، بەڵام ئەمساڵ ژمارەی دەنگدەرانی کورد دوو هێندە زیادی کردووە.

ئازاد حەمەدەمین کوردی دێرینی دانیشتووی فینلاند کە لێکۆڵەری سیاسییە، دەڵێت "کوردی فینلاند هاوشێوەی سوێد و ئەڵمانیا ئێستا زۆرتر لە جاران بایەخ بە سیاسەت دەدەن، بۆیە کاریگەرییان لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنە نێوخۆییەکانی فینلاند دەبیٚ".

# لە فینلاند هاوڕەگەزخوازانی کورد بە فەرمی دەبنە هاوژین

**ڕووداو- هێلسنکی، ستۆکهۆڵم**

### هاوڕەگەزخوازێکی کورد:

### ئازادم لەگەڵ هەر ڕەگەزێک خێزان پێکەوە بنێم، بۆ ئەو ئازادییەش هاتوومەتە ئەورووپا

پەرلەمانی فینلاند لە سەرەتای ئەم مانگەدا دەنگی لەسەر یاسای هاوژینی لە نێوان هاوڕەگەزخوازانی ئەو وڵاتە دا، لەو ڕۆژەدا ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕەگەزخوازانی ئەو وڵاتە کە کوردیشیان تێدایە، بەشێوەیەکی فەرمی بوونە هاوژینی یەکدی.

ئەمساڵ لە مێژووی فینلانددا زۆر تایبەتە. لەلایەک فینلاندییەکان یادی 100 ساڵەی سەربەخۆیی وڵاتەکەیان دەکەنەوە، لەلایەکی دیکەش هەڵبژاردنی شارەوانییەکان بەڕێوەدەچێ کە بەلای فینلاندییەکانەوە زۆر گرنگە، بە تایبەتی دوای نەمانی چەپەکان لە پەیکەری دەسەڵاتی ئەو وڵاتەدا. تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەمساڵ بۆ فینلاندییەکان، جێبەجێکردنی یاسای هاوژینیی نێوان هاوڕەگەزخوازانە کە وەک یەکێک لە ڕووداوەکانی ساڵ باس دەکرێت و لە 2017/3/1 بووە فەرمی.

لەو ڕۆژەدا دەیان چالاکی بەڕێوەچوون، ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕەگەزخوازان لەو ڕۆژەدا ئاهەنگی هاوژینییان گێڕا. لە هەندێک شوێن ئاهەنگەکان بە کۆمەڵ بوون، ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕەگەزخوازەکان کۆببوونەوە. لەنێو هاوڕەگەزخوازانی فینلاند، کەسێکی کوردیش هەبوو. بۆ پشتگیریی ئەوانیش لە چەند وڵاتێکی ئەورووپییەوە هاوڕەگەزخوازی کورد و چالاکڤانانی ئەو بوارە هاتبوونە فینلاند.

زریان ناوی خوازراوی ئەو کوڕە کوردەی باشووری کوردستانە کە لەگەڵ پیاوێکی فینلاندی بەناوی تۆمی، ڕۆژی 2017/3/1 بە فەرمی بوونە هاوژینی یەکدی. زریان دەڵێت: "بڕیارم داوە لەگەڵ پیاوێک وەکو دوو هاوژین پێکەوە بین، تەمسیل نییە و شتێکی دروستکراو نییە، ئەوە سروشتی کەسیی خۆمە و شانازیشی پێوە دەکەم".

گوتیشی: "من کەسێکی نامۆ نیم، ئەوە کۆمەڵگەیە کە منی قبوڵ نەبوو".

زریانی تەمەن 23 ساڵ، دوای دوو ساڵ مانەوە لە ڕێگای قاچاخ، ماوەی ساڵ و نیوێک دەبێت گەیشتووەتە فینلاند. ئەو گوتی "شانازی دەکەم وەک یەکەم کوردی هاوڕەگەزخوازی فینلاند، یەکێکم لەوانەی لە مێژووی ئەم وڵاتە ناومان تۆمار کرا و مەراسیمەکەمان خستە ئەم ڕۆژە مێژووییەوە".

بەپێی قسەکانی بۆ (ڕووداو)، زریان لە ڕابردوودا دەیانجار تووشی کێشە بووە، چەند جارێکیش لەلایەن کەسوکارییەوە هەوڵی کوشتنی دراوە "دووجار بە مەبەستی کوشتن لێیانداوم و بریندار کراوم".

زریان ناخۆشیی زۆری بینیوە، تا ئەو کاتەی لەلایەن خاڵییەوە ڕزگار دەکرێت و دەگەیەندرێتە تورکیا و لەوێشەوە خۆی گەیاندە فینلاند. ئێستا هاوژینی گەنجێکی فینلاندییە کە دوو ساڵ لە خۆی بچووکترە.

زریان دەڵێت ئەو تاکە کوردی هاوڕەگەزخواز نییە لە فینلاند "کوردی دیکەش وەکو من هەن لە هێلسنکی، بەڵام نایانەوێت بکەونە بەرچاوی میدیا و هەر بەو هۆیەش مەراسیمی هاوژینییان نەخستووەتە ئەم ڕۆژە".

زریان نەیویست ناوی ڕاستەقینەی ئاشکرا بکات و وێنەکەشی لە میدیاکانی کوردستان بڵاوببێتەوە "لەبەر خاتری کەسوکارم، تا ئەوانیش تووشی ئازارەکانی من نەبن، چونکە کۆمەڵگەکەمان بۆ ئەو بابەتانە زۆر زاڵمە". زریان وایگوت.

سەبارەت بە هاوسەرێتییەکەی لەگەڵ پیاوێکی فینلاندی کە جێی گومان و لێکدانەوە و پرسیاری خەڵکانی دەوروبەریەتی، بە تایبەتی بۆ دەستهێنانی مافی مانەوە، زریان دەڵێت "هیچ شتێک لە پشت ئەو بابەتەوە نییە، تەنیا ئەوەیە لە شوێنێک یەکمان بینی و بووینە هاوڕێ، کار گەیشتە ژیانی پێکەوەیی، بە کورتییەکەی ڕێکەوت بوو".

پارساڵ و لە ڕۆژی هاوڕەگەزخوازاندا لە سوێد، ژمارەیەک کوردی هاوڕەگەزخواز و چالاکڤانانی ئەو بوارە و چالاکانی مافەکانی مرۆڤ، بە ئاڵای کوردستان و بە گۆرانیی کوردییەوە ئەو یادەیان کردەوە و داوای پاراستنی هاوڕەگەزخوازە کوردەکانیان کرد. بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە کوردی ئەو وڵاتە دژی وەستانەوە و پێیانوابوو ئەوە پێچەوانەی نەریتی کۆمەڵگەی کوردییە.

ژمارەیەک لەو چالاکڤانانەی سوێد، ڕۆژی 1ی ئادار بۆ پشتگیری لە هاوڕەگەزخوازە کوردەکە لە هێلسنکی بوون، بەڵام بەشێکی دیاری کوردی تاراوگە ئەم دیاردەیە بە نامۆ دەبینن و پێیانوایە بەرژەوەندیی کەسیی لە پشتەوە هەیە.

هادی ئەمین کە کوردێکی تاراوگەنشینە و ساڵانێکە لە فینلاندە، دەڵێت: "مرۆڤ ئازادە چۆن بیر دەکاتەوە و چۆن بڕیار لە داهاتووی خۆی دەدات، نازانم چیرۆکی زریان چۆنە، بەڵام لەو باوەڕەدام تەنیا بۆ بەدەستهێنانی ئیقامە ئەو کارەی کردووە".

هادی ئەمین لە خۆیەوە ئەو گومانە ناکات و دەڵێت "چیرۆکی زۆر لەو کوردانە دەزانم، تەنیا لە ترسی ئەوەی دیپۆرت نەکرێنەوە، چیرۆکی جیاواز دروست دەکەن و شتی لەو شێوەیەشی تێدایە".

بەڵام زریان ئەو گومانەی هادی ڕەتکردەوە و گوتی "زۆر پێش ئەوەی بڕیاری هاوسەرگیری لەگەڵ تۆمی بدەم، مافی مانەوەم لە فینلاند وەرگرتووە، وەک گوتم ناسینی تۆمی تەنیا ڕێکەوت بوو".

دلۆڤان شینۆ یەکێکە لەو کوردانەی بۆ پشتگیری لە کەسانی وەک زریان لە سوێدەوە چووبووە فینلاند. دلۆڤان گوتی "لە کۆمەڵگەدا ڕەنگی تەواو جیاواز هەیە و جوانیی هەر کۆمەڵگەیەکیش ئەوەیە کە ئەو فرەڕەنگییە بپارێزێت".

شینۆ ڕەتیکردەوە هاوڕەگەزخواز بێ، بەڵام کار بۆ پاراستنی مافی ئەوان دەکات "وەک هەر کۆمەڵگەیەکی دیکە، لە نێو هەر چوار پارچەی کوردستانیش هەزاران کەسی لەو شێوەیە هەن کە ژیانیان لە مەترسیدایە، بۆیە دەبێ کار بۆ چەسپاندنی مافەکانیان بکەین".



### 120 هاوڕەگەزخوازی کورد لە ئەسکەندەناڤیان

زیادبوونی دیاردەی هاوڕەگەزخوازی لە نێو کورد، بابەتی گەرمی نێو کوردی تاراوگەیە. ساڵی پار ریکی مارتن، هونەرمەندی ناسراوی ڕۆکی جیهانی کە لە ئەمریکا دەژی، لەگەڵ کوردێکی دانیشتووی سوێد بوونە هاوژین. ئەمەش بووە هەواڵی گەرمی میدیای ئەورووپا و جیهان.

زریان کە هاوڕەگەزخوازێکی کوردی دانیشتووی فینلاندە، دەڵێت "ئەوەندەی من ئاگادار بم، 120 کوردی هاوڕەگەزخواز لە سوێد و فینلاند و دانیمارک هەن کە بەشێکیان لە نێو خۆیان و بەشێکیان لەگەڵ ئەورووپییەکان بوونەتە هاوژین".



## ژنە پەرلەمانتارێک داوای فرەژنی دەکات

**رووداو ـ بەغدا**

جەمیلە عوبەیدی، پەرلەمانتاری ئیئتیلافی وەتەنیە، کە ئەیاد عەلاوی سەرۆکایەتی دەکات، ئاشکرایکرد "ژمارەی قەیرەکچان و بێوەژنان و ئەو ژنانەی لە پیاوەکانیان جیابوونەتەوە لە عێراق چوار ملیۆنی تێپەڕاندووە، ئەو دیاردەیەش داوا لە ژنان دەکات دادەپەروەربن لەگەڵ خوشکەکانیان و کار لەسەر هاندانی پیاوان بکەن بۆ ئەوەی هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێکی دیکەدا بکەن". جەمیلە عوبەیدی داوای لە سەرۆکی پەرلەمان و پەرلەمانتاران کرد یاسایەک بۆ دابینکردنی هاوکاری دارایی بۆ پیاوان بەتایبەتی گەنجان بۆ ئەوەی هاوسەرگیری لەگەڵ بێوەژنان و ئەو ژنانە بکەن، کە لە پیاوەکانیان جیابوونەتەوە.

# "خوشکی شەهید" پرۆژەیەک بەناوی شیفا گەردی دەکات

**دیمەن بورهان**
**رووداو- هەولێر**

ئەڤرێست دوای شەهیدبوونی ماردینی برای، ئازاری مەرگی براکەی لە لەخۆدان و گریانەوە گۆڕی بۆ ئەنجامدانی کارێک کە رۆحی براکەی ئاسوودە بکات و دەیان کچ و کوڕی شەهیدیش لێی سوودمەند بن. ئێستاش بەنیازە کار و پرۆژەکانی فراوان بکات و بە کارە خێرخوازییەکانی رۆحی شەهید شیفا گەردیش ئاسوودە بکات.

ماردین عەبدوڵڵا، تازە زانکۆی تەواو کردبوو، وەکوو چەندین گەنجی دیکەی کورد بۆ پاراستنی خاکی کوردستان بڕیاری دا ببێتە پێشمەرگە، بەڵام لە سەرەتای شەڕی داعش و دوای یەک مانگ پێشمەرگایەتی، لە دووز شەهید بوو. دوای شەهیدبوونیشی، ئەڤرێستی خوشکی و خێزانەکەی بڕیاریاندا باخچەیەکی ساوایان بەناوی شەهید ماردینی برایان بکەنەوە، ئەم باخچەیە تایبەت بێت بە کوڕ و کچی شەهید و پێشمەرگەی کەمدەرامەت.

ئەڤرێست عەبدوڵڵا کە تەمەنی 31 ساڵانە و خاوەنی دوو منداڵە، خۆی مامۆستایە و بە مووچەکەی خۆی و شەهیدانەی براکەی و هاوکاریی خێزانەکەی، باخچەیەکی ساوایانی لە گەڕەکی شۆراو لە شاری کەرکوک بۆ کچ و کوڕی شەهیدان کردووەتەوە.

ئەڤرێست دەڵێت "ساڵی پار نزیکەی 100 منداڵی شەهید و کوڕ و کچی پێشمەرگە لە باخچەکەم بوون، ئەمساڵیش نزیکەی چل منداڵم لەلا بوون کە بە ئۆتۆمبێلی تایبەت بە باخچە و بەبێ بەرامبەر هاتوچۆیان پێدەکرێت".

ئەڤرێست، لەلایەن وەزارەتی پێشمەرگەوە نازناوی "خوشکی شەهید"ی پێبەخشراوە. ئەوانەی کاریشی لەگەڵ دەکەن هەر خۆبەخشن. ئەڤرێست گوتی "لە باخچەکەدا پێنج مامۆستا بەشێوەی خۆبەخش لەگەڵ من وانە دەڵێنەوە، زۆر ستایشی هەڵوێستەکەیان دەکەم کە ئامادەن بەبێ بەرامبەر خزمەتی کچ و کوڕی شەهیدی پێشمەرگە بکەن".

تەنانەت خاوەنی ئەو خانووەش کە ئەڤرێست بۆ باخچەکە بە کرێی گرتووە، بەڕێژەیەکی بەرچاو کرێکەی بۆ کەم کردووەتەوە "لەبەر ئەوەی ئەو باخچەیەمان بەبێ بەرامبەر کردووەتەوە بۆ ئەو کچ و کوڕانەی باوکیان پێشمەرگە بووە و لە پێناوی ئەم خاکە شەهید بوون، بۆیە زۆربەی خەڵک هاوکاریمان دەکەن".

ئەم ژنە کە جگە لە براکەی، خاوەنی چەندین شەهیدی دیکەیە لە بنەماڵەکەی، دەیەوێت زیاتر پەرە بەو پرۆژەیە بدات و دەڵێت "دەمەوێت بەردەوامی بەو کارە خێرخوازییە بدەم و نامەوێت تەنیا لە چوارچێوەی شاری کەرکووک بمێنێتەوە، دەمەوێت لە هەموو سوچێکی کوردستان کە منداڵێکی شەهیدی لێیە باخچەیەک بۆ ئەوان بکەمەوە، وەک یەکەم هەنگاویش دەمەوێت دوای باخچەی شەهید ماردین، باخچەیەک لە هەولێر بەناوی ژنێک بکەمەوە کە شەهید بێت و شایەنی ئەو کارە خێرخوازییە بێت".

ئەڤرێست، هیچ جیاوازییەک لە نێوان شەهیدانی کوردستان ناکات، بەڵام دەڵێت ئەو شەهیدەی کە شایستەیە باخچەیەکی بەناو بکات لە شاری هەولێر، شەهیدی رۆژنامەنووس شیفا گەردیە. ئەڤرێست گوتی "دوای شەهیدبوونی شیفا گەردی، دەمەوێت باخچەیەکیش لە هەولێر بەناوی (شەهید شیفا گەردی) بکەمەوە. دڵنیام دەیان ژن و پیاو بەبێ بەرامبەر پاڵپشتیم دەکەن".

ئەڤرێست لەبارەی شەهید شیفا گەردیشەوە دەڵێت "نابێت ئێمەی ژن، قەڵەمی شیفا کە تا دواساتی شەهیدبوونی بەدەستییەوە بوو، ون بکەین، بۆیە دەمەوێت بە دروستکردنی ئەو باخچەیە، قەڵەمەکەی شەهید شیفا بدەمە دەستی منداڵانی شەهید و پێشمەرگە تا لەیادی نەکەن".

شیفا گەردی، بەڕێوەبەری ئاوتپووتی کەناڵی رووداو و پێشکەشکاری بەرنامەی (فۆکەس مووسڵ)، رۆژی 2017/2/25 لەکاتی ئامادەکردنی ئەڵقەیەکی نوێی بەرنامەکەی لە شاری مووسڵ، بۆمبێکی چێنراوی پێدا تەقییەوە و بەوهۆیەوە شەهید بوو، کامێرامانەکەشی، یونس مستەفا، بە سەختی بریندار بوو.



## کەمپینێکیان راگەیاندووە

# ژنانی کورد چیدی لە بڵاوبوونەوەی وێنەکانیان ناترسن

**رەویدا مستەفا رابەر**
**رووداو- هەولێر**

"حەز دەکەی سووکت بکەم؟" کۆمێنتێک و وێنەیەکی لەنجە خاوێ کە لەلایەن بەکارهێنەرێکی ئینستاگرامەوە بۆ ئەو کچە چالاکوانە نێردرابوو، بووە هەوێنی کەمپینێک. لەنجە بەو وێنەیە نەک هەر تێکنەچوو، بەڵکو وێنەیەکی دیکەی خۆی بۆ ئەو کەسە نارد و بۆی نووسی: "ئەوەش منم، نەوەک ئەوەشت پێویست بێ گیان، فەرموو ئەزیزەکەم". ئێستا لەنجە سەرکردایەتی کەمپینێک دەکات لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک و بەو جۆرە کەسانە دەڵێ لە بڵاوکردنەوەی وێنەکانمان ناترسین.

سەدان ئافرەتی کورد دەستیان داوەتە کەمپینێک، بۆ ئەوەی بەرەنگاری ئەو هەڕەشە و تۆقاندنە ببنەوە کە لە رێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە رووبەڕووی ئافرەتانی کورد دەکرێتەوە. ناونیشانی کەمپینەکە (KurdishWomenPower#) واتە "هێزی ئافرەتانی کورد"ە کە لەلایەن لەنجە خاوێ، کچە چالاکوانێکی خەڵکی سلێمانی دەستپێکرد.

پاش راگەیاندنی کەمپینەکە، سەدان ئافرەتی کورد وێنەی خۆیان لەسەر لاپەڕەی تایبەتی خۆیان لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک بڵاوکردەوە. لەگەڵ وێنەکەدا هاشتاگی (KurdishWomenPower#) و پەیامێکیان بڵاوکردەوە کە لە بەشێکیدا هاتووە: "ئێمەی کچان و ژنانی کوردستان ئیتر ناترسین، چیتر لە خەمی بردن و بڵاوبوونەوەی وێنەکانماندا نین. ئێمە بڕوای تەواوەتیمان بە خۆمان هەیە. ناترسین لەو هەڕەشانەی لە رێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە پێمان دەگات".

دەستپێکی کەمپینەکە بۆ کۆمەڵێک نامەی هەڕەشە و تۆقاندن دەگەڕێتەوە کە لە ئەکاونتێکی ساختەی سەر فەیسبووکەوە بۆ لەنجە خاوێ نێردرابوو. لەنجە بە (رووداو)ی گوت "ئەکاونتێک هەبوو بەردەوام نامەی هەڕەشەی بۆ من دەنارد و وێنەی خۆمیان بەکاردەهێنا. منیش لە وەڵامدا وێنەیەکی دیکەی خۆمم بۆ دەنارد، بۆ ئەوەی بزانن من بێدەنگ دانانیشم".

دەستپێشخەری کەمپینەکە هەروەها دەڵێت "ژمارەیەکی زۆر نامەی لەو جۆرەم بۆ هاتووە، بەڵام بۆ یەک چرکەش تووشی دوودڵی نەبووم، چونکە دەمزانی ئەم خەڵکە هیچیان پێناکرێ".



لەنجە خاوێ، خاوەنی بیرۆکەی کەمپینی هێزی ژنانی کورد

لەنجە یەکەمجار لە رێگەی پۆستێکەوە ئەو جۆرە هەڕەشانەی ئاشکرا کرد کە لەسەرەتاکەیدا هاتووە "کچان با نەترسین و رووبەڕووی شتەکان ببینەوە. ئەمە (واتە ئەو ئەکاونتەی نامەکەی بۆ لەنجە ناردووە) ئەکاونتێکی ساختەیە لە ئینستاگرام. وێنەی سەر پرۆفایلەکەی خۆمی بۆ ناردوومەتەوە و دەڵێ (حەز دەکەی سووکت بکەم؟) خاوێ لە پۆستەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئامانجی ئەو لە دانانی ئەو پۆستە ئەوە نییە کەسەکە "ریپۆرت" بکرێ، "چونکە ئەویش قوربانییە".

چالاکڤانە گەنجەکە لەبارەی پێشوازیی ئافرەتان لە کەمپینەکە گوتی: "ژمارەیەکی زۆر ئافرەت لە بواری جیاجیا ـ وەکوو نووسەر، چالاکڤان، قوتابی ـ بە شێوازی جۆراوجۆر پشتگیرییان لەم کەمپینە کردووە و بەدەم پەیامەکەی منەوە هاتوون. سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە بە پیر کەمپینەکەوە هاتوون. زۆر گرنگە کە ئێمە بێدەنگ نەبین".

## قوبادی جەلیزادە: لە پێناو کپکردنی عەقڵی کۆنەپەرستی، پشتگیری کەمپینەکە بکەن

گەورەترین پشتگیری لەم کەمپینە لەلایەن د.چۆمان هەردی، کەسایەتی ئەکادیمیکی بواری جێندەرەوە بوو. د.چۆمان هەردی دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری ناوەندی لێکۆڵینەوەی جێندەر و پێشکەوتن (CGDS) لە زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی، باسی لە رەهەندە پیاوسالارانەکەی ئەم کەڵەگایەتییەی سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کرد و ئاماژەی بەوە دا کە لە کاتی وانەگوتنەوەدا هەوڵ دەدات ئەم رەهەندە بۆ قوتابییەکانی شی بکاتەوە.

د.چۆمان سەبارەت بەم دیاردەیە بە (رووداو)ی گوت "من سوورم لەسەر ئەوەی دروستکردنی ئەو قسە و قسەلۆکە، میکانیزمێکی دیکەی کۆمەڵگایەکی پیاوسالارە بۆ بێدەنگکردنی ئافرەتان و ترساندنیان، بۆ ئەوەی دواجار ملکەچ بن. واتە دەمانترسێنن کە تۆ بڵێی خەڵک چۆن باسی ئێمە بکەن، بەمەش سیستەم (واتە سیستەمە کۆمەڵایەتی و سیاسییە باڵادەستەکە) قازانج دەکات. ئەگەر ئافرەتان لەو رەخنە بەدنیازانە نەترسن کە ئاراستەیان دەکرێ، بەمە یەکەم هەنگاویان بەرەو گەیشتن بە هەموو تواناکانی خۆیان ناوە".

لێکۆڵەرەکەی بواری جێندەر و پرسی ئافرەتان بەردەوامە و دەڵێت "جیا لەمە ئافرەتان بە بەردەوام بەهۆی شێوەیان، قسەکانیان و کرداریان وایان لێدەکرێت شەرم لە خۆیان بکەن. بۆیە گرنگە ئەم پەیامە بەگوێی نوێنەرەکانی کۆمەڵگای پیاوسالاردا بدەین (جا چ ئافرەت بێت و چ پیاو) کە ئێمە لە ئێوە ناترسین و شانازیش بە خۆمانەوە دەکەین وەک ئەوەی هەین، جا ئێوە بە دڵتان بێت یان نا بۆ ئێمە گرنگ نییە".

ئەگەرچی چاوەڕێ ناکرێ ئەم کەمپینە کاریگەرییەکی گەورە و بەرچاو لەسەر کۆی سیستەمە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکە دابنێ، بەڵام د.چۆمان هەردی پێیوایە بەرەنگاربوونەوەی نایەکسانیی جێندەری لە کوردستان پێویستی بە هەوڵی بەردەوام و نەپساوە هەیە. ئەو خۆی بەهۆی گوتارەکانی لە دژی ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە رووبەڕووی هەڕەشەی سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بووەتەوە.

سەبارەت بە کرۆک و هۆکارە بنەڕەتییەکانی ئەو جۆرە هەڕەشانەی ئاراستەی خۆی کراون، چۆمان هەردی بە (رووداو)ی گوت "لەپاڵ قسە سووکەکاندا وێنەیەکی خۆشم لەسەر ئەو لاپەڕانە بەشکراوە کە ژمارەیەکی زۆر لایەنگریان هەیە. هەندێکیان لەبەر ئەوە هێرشیان دەکردە سەرم، چونکە بە بۆچوونی خۆیان گوتارەکەم بەپێی پێویست درێژ نەبووە، هەندێکیان تۆمەتباریان دەکردم بە گەندەڵی (ئەمەش تۆمەتێکە لەم هەرێمەی خۆماندا بە ئاسانی دەدرێتە پاڵ ئافرەتان)، هەندێکیشیان پێیانوایە من بێڕێزیم بە نۆرمە کۆمەڵایەتی و ئاینییەکان کردووە. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە هەندێکجار ئەم هێرشانە، کە لەلایەن کەسانی ناوزڕێنەوە دەکرێن، ئاکامی پێچەوانەیان لێدەکەوێتەوە".

کەمپینەکە لە رۆژی پێنجشەممەی رابردووەوە بە شێوەیەکی بەرچاو پەرەی سەندووە. سەدان ئافرەتی کورد بەشدارییان تێدا کردووە و پشتگیری خۆیان بۆ کەمپینەکە دەربڕیوە کە بە بۆچوونی لەنجە خاوێ کەمپینێک نییە تەنیا پەیوەندی بە نەوەی ئێستاوە هەبێت، بەڵکو هەنگاوێکە بۆ رزگارکردنی کچانی نەوەی داهاتووش، بۆ ئەوەی "کچەکانیشمان بە هەمان ترسەوە ژیانیان بەسەر نەبەن".

ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتان بە دەربڕینی بۆچوونی خۆیان بەشدارییان لە کەمپینەکەدا کردووە. ئەوەی گرنگە پەیامە بنەڕەتییەکەی کەمپینەکەیە کە دەڵێت "ئێمە ناترسین" لەو هێرشە ئینتەرنێتییەی دەکرێتە سەر ئافرەتان.

### پیاوانیش پشتگیرییان دەکەن

هەر ژنان نا، بەڵکو بەشێک لە پیاوانیش پشتگیریی کەمپینەکەی "هێزی ئافرەتانی کورد" دەکەن. شاعیری کورد قوبادی جەلیزادە، کە پەیامی کەمپینەکەی لە ئەکاونتەکەی خۆی لە فەیسبووک پۆست کردووە و وێنەیەکی خۆی و خێزانەکەی و سێ کچی پۆست کردووە، نووسیویەتی "لە پێناو کپکردنی عەقڵی کۆنەپەرستی، پشتگیریی ئەو کەمپینە بکەن".

هەروەها عەبدوڵڵا ئەحمەد کە رۆژنامەنووسێکی خەڵکی سلێمانییە، لەگەڵ پۆستکردنی پەیامی کەمپینەکە لە ئەکاونتەکەی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک، نووسیویەتی "جوانترین کەمپین لە کوردستاندا بینیبێتم، پشتگیریکردنیش لەو کەمپینە ئەرکی هەمووومانە".

### پەیامی کەمپینەکە

ئێمەی کچان و ژنانی کوردستان. ئیتر ناترسین. چیتر لە خەمی بردن و بڵاوبوونەوەی وێنەکانمان نین. ئێمە بڕوای تەواوەتیمان بە خۆمان هەیە. ناترسین لەو هەڕەشانەی کە لەرێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە پێمان دەگات. چیتر ئێمە لەترسی بردن و بڵاوبوونەوەی وێنەکانمان خۆمان ناشارینەوە. تۆی کچ و ژن. ئەگەر لەگەڵ ئەم پەیامەی مندایت. ئەوا وێنەیەکی خۆت بە پەبلیک لە فەیسبووکی خۆت دابنێ و ئەو هاشتاگەی لەگەڵ دابنێ (#Kurdistanwomenpower).

ڕووداو
کۆمەڵایەتی
ژمارە ( 449 ) - دووشەممە 2017/3/13



## گەنجێک 60 ملیۆن دیناری باوکی دەدزێ

**ڕووداو- قەسرۆک**

بەرپرسی ڕاگەیاندنی پۆلیسی دهۆک ڕایگەیاند کوڕێک لەگەڵ سێ هاوڕێی 60 ملیۆن دیناریان لە قاسەی ماڵەکەیان دزیوە. دواتر هەرسێکیان لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراون. ڕائید هێمن سلێمان بەرپرسی ڕاگەیاندنی پۆلیسی دهۆک بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "تاوانبارێک لەگەڵ کوری مالێک لە ناحیەی قەسرۆکی سەر بە قەزای شێخانی شاری دهۆک ڕێکەوتوون قاسەی ماڵەوەیان بدزن، ڕۆژێکیان کە ماڵەوەیان لەماڵ نەبووە، کوڕەکە لەگەڵ 3 هاوڕێی قاسەکەیان بردووەتە دەرەوە و شکاندوویانە، 60 ملیۆن دیناری نێو قاسەکەیان بردووە، پاشام چوونەتە زاخۆ و زۆربەی پارەکەیان خەرج کردووە، بەڵام دواتر هەرسێکیان لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکران".

# قوتابییەکی زانکۆ خۆی فڕێدەداتە نێو خەرەندی ڕواندز

**مەهدی محەممەد ڕواندزی**
**ڕووداو- خەلیفان**

کەسوکارەکەی 12 ڕۆژ بوو ئیسراحەتیان لێ هەڵگیرابوو، بەردەوام سۆراغیان دەکرد، خزم و دۆست و ناسیاو و دەزگا ئەمنییەکانیان لە دیارنەمانی ئاگادار کردبووەوە، بەڵام دواتر شوانێک هەواڵێکی ناخۆشیان دەداتێ، کاتێک دەزگا ئەمنییەکان لە دۆزینەوەی تەرمێک لەنێو خەرەندی ڕواندز ئاگادار دەکاتەوە.

هەڵکەوت ئەسعەد، تەمەن 22 ساڵ، دانیشتووی ناحیەی خەلیفانی سەر بە قەزای سۆران، قوتابیی کۆلێژی شەریعەی زانکۆی کۆیە بوو، ڕۆژی 2017/2/23 لە ماڵ چووە دەرەوە و نەگەڕایەوە، دوای 12 ڕۆژ تەرمەکەی لەلایەن شوانێکەوە لەنێو خەرەندی ڕواندز دۆزرایەوە.

بە گوتەی براکەی، هەڵکەوت تووشی نەخۆشیی دەروونی بووبوو، بۆیە دوو ساڵ بوو وازی لە خوێندن هێنابوو.

یەکێک لە هاوڕێ نزیکەکانی لەبارەی هۆکاری تووشبوونی هەڵکەوت بە نەخۆشیی دەروونی دەڵێت: "بەهۆی وەرگیرانی لە کۆلێژی شەریعە تووشی نەخۆشیی دەروونی بوو، چونکە بەردەوام دەیگوت ئەو کۆلێژە لەگەڵ حەز و ئارەزووی من ناگونجێت، زۆر دڵگرانم دەکات و بەردەوام ئازاری دەروونیم دەدات".

هەڵمەت کە لە هەڵکەوت گەورەترە، بەمدواییە هەستی بەوە کردووە کە باری دەروونیی براکەی ناجێگیرە، بۆیە ماوەی مانگێک بە بەردەوامی چاودێریی کردووە، هەڵکەوت بۆ هەر شوێنێک چووبێت، ئەو بەدوایدا چووە.

هەڵمەت قسەی هاوڕێکەی هەڵکەوت پشتڕاست دەکاتەوە کە ئەو برایەی بە خواستی خۆی لە کۆلێژی شەریعە وەرنەگیراوە، دەڵێت هەر ئەوەش هۆکاری تووشبوونی بووە بە نەخۆشیی دەروونی. هەڵمەت گوتی "بەڵێ هەڵکەوت حەزی لە کۆلێژی شەریعە نەبوو، لەگەڵ خواست و حەزی ئەو نەدەگونجا، ئەو کەسێکی دونیایی بوو، زۆر تێکەڵی ئاین نەبوو، حەزی نەدەکرد هیچ ڕێگرییەک لەبەردەم ئازادییەکانی هەبێ".

بە گوتەی هەڵمەت، براکەی تەنیا ساڵێک لە کۆلێژی شەریعە خوێندوویەتی، دوای ئەو ساڵە بە تەواوی باری دەروونیی تێکچووە "هەڵکەوت ڕۆژ بە ڕۆژ هەڵسوکەوتی دەگۆڕا و بەتەواوی لە ژیان بێزار بوو، بەر لەچوونی بۆ کۆلێژ کەسێکی زۆر ئاسایی بوو، بەڵام دوای وەرگیرانی لە کۆلێژی شەریعە هەڵسوکەوتی تەواو گۆڕا، هەتا تووشی نەخۆشیی دەروونی بوو".

هەڵمەت باسی دیارنەمانی براکەی دەکات و دەڵێ "بەمدواییە ڕەوشی دەروونیی زۆر باش نەبوو، نزیکەی مانگێک دەبوو بەردەوام چاودێریم دەکرد، بۆ هەر شوێنێک دەڕۆیشت بەدوایدا دەچووم، زۆرجار لێم توورە دەبوو، دەیگوت بۆچی دوامکەوتووی، ئیدی بڕیارم دا لەدوورەوە چاودێریی بکەم بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکات، بەداخەوە ئەو ڕۆژەی براکەم ون بوو، وەکو ئەوە وابوو زەوی قووتی دابێ، بە ماوەیەکی زۆر کەم لەبەرچاوم ون بوو، تەواوی شوێنەکە گەڕام نەمدۆزییەوە، ئێستاش چرکەساتەکانی دوایین ڕۆژی ونبوونی ئەوم هەر لەپێش چاوە، زۆر زەحمەتە ئاوا بە زوویی لەبیری بکەم".

وەک بڵێی خەرەند دەمێکە باوەشی بۆ مەرگی هەڵکەوت کردبێتەوە، هەڵکەوت پێشتریش هەوڵی داوە خۆی فڕێبداتە نێو خەرەند، بەڵام ڕێگری لێکراوە.

کەنعان عەبدوڵڵا، ئامۆزای هەڵکەوت بە (ڕووداو)ی گوت "نزیکەی ساڵێک بەر لەئێستا، هەڵکەوت دەچێ بۆ ڕواندز، لە بازگەی هەوارگەی پانکی گەشتیاری، لەگەڵ کارمەندەکانی ئەوێ دەبێتە کێشەیان، هەڵکەوت بە کارمەندەکانی هەوارگەی پانک دەڵێ من نەهاتووم بۆ شنگلبانە، هاتووم خۆم هەڵدەمە نێو خەرەند، بۆیە کارمەندەکان یەکسەر ئاسایش ئاگادار دەکەنەوە و ئەوانیش فریای دەکەون".

کەنعان باس لەوەش دەکات کە چەندینجار بردوویانەتە لای پزیشک و چەندین جۆر چارەسەریان بۆ بەکارهێناوە، بەڵام سوودی نەبووە. کەنعان گوتی "هەر پزیشکێک بە جۆرێک باسی نەخۆشییەکەی دەکرد، هەندێکیان دەیانگوت نەخۆشیی دەروونی هەیە، هەندێکیان دەیانگوت کێشەیەک لە دەمارەکانی مێشکی هەیە. بەمدواییە هەستی بیستنیشی لاواز بووبوو، تووشی شەقیقەش بووبوو، بۆیە نەدەچووە زانکۆ و مۆڵەتی وەرگرتبوو".

سیستمی وەرگرتنی قوتابیان لە زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان بەپێی بەرزترین کۆنمرە دەبێ، بۆیە بەشێک لە قوتابیان بە خواستی خۆیان لە زانکۆ و پەیمانگا وەرناگیرێن. هەرچەندە سیستمی وەرگرتن ساڵانێکی زۆرە ڕەخنەی لێدەگیرێ، بەڵام سیستمەکە نەگۆڕاوە. ساڵانە چەندین قوتابی لە کۆلێژ و بەشی وا وەردەگیرێن کە لەگەڵ توانا و ئارەزووی ئەوان یەکناگرێتەوە.

کەنعان دەڵێت: "بۆ ئەوەی ڕووداوی تراژیدی هاوشێوەی خۆکوشتنی هەڵکەوت دووبارە نەبنەوە، پێویستە چاوێک بە سیستمی وەرگرتنی قوتابیاندابخشێنرێتەوە".

کاتێک هەڵکەوت دیارنامێنێ، خێزانەکەی پەیوەندی بە خزم و دۆستانیانەوە دەکەن، بەڵام کەسیان هیچ لەبارەی دیارنەمانی نازانن، ڕۆژی دواتر دەزگا ئەمنییەکان ئاگادار دەکەنەوە. دواتر لە ڕۆژی شەشی ئەم مانگە، شوانێک هێزە ئەمنییەکان لە دۆزینەوەی تەرمێک لە نێو خەرەندی ڕواندز ئاگادار دەکاتەوە.

کەنعان دەڵێت: "باوکی هەڵکەوت هەر زوو بیری بۆ لای خەرەند چوو، چونکە هەڵکەوت ساڵی ڕابردوو ویستبووی خۆی هەڵبداتە نێو خەرەند، بۆیە ڕۆژی دواتر لەگەڵ دوو لە کوڕەکانی چوونە خەرەندی ڕواندز، زۆر گەڕابوون، بەڵام هیچیان نەدۆزیبووەوە".

گەیلان سلێمان، بەرپرسی هێزی ئامادەباشی سەر بە پۆلیسی ڕواندز بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ڕۆژی 2017/3/6 لەلایەن شوانێکەوە ئاگادار کراینەوە لە دۆزینەوەی تەرمێک لەنێو گەلی ڕواندز، دەستبەجێ هێزەکانمان چوونە شوێنەکە و تەرمەکەیان لە خەرەند دەرهێنا". گوتیشی "تەرمەکە لەژێر پانکی گەشتیاری کەوتبوو، دیارە چووەتە پانکی گەشتیاری و لەوێ خۆی فڕێداوەتە نێو خەرەند".



### خەرەند گیانی 20 کەسی بردووە

بەپێی بەدواداچوونێکی (ڕووداو)، لە ماوەی 30 ساڵی ڕابردوودا، زیاتر لە 20 کەس کەوتوونەتە نێو خەرەندی ڕواندز و گیانیان لەدەستداوە. جگە لەو کەسانەی کەوتوونەتە نێو خەرەند و ڕزگارکراون. هەندێک لەوانە بە مەبەستی خۆکوشتن خۆیان فڕێداوەتە نێو خەرەند. بە تایبەتی کچان. هەندێکیشیان لە کاتی یاریکردن، یان کۆکردنەوەی گژوگیای بەهار، کەوتوونەتە خوارەوە. بەپێی سەرچاوە مێژووییەکانیش لە کاتی هێرشی ڕووسەکان بۆ سەر ڕواندز، چەندین ئافرەت لە ترسی دەستدرێژیی سەربازانی ڕووس، خۆیان فڕێداوەتە نێو خەرەند.

# کوڕێک بە لەچکی دایکی، خۆی دەخنکێنێ

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

### باوکی چێواز: کوڕەکەم بەهۆی هەژارییەوە خۆی خنکاند

چێواز تاوەکو درەنگانی شەو لەگەڵ منداڵەکانی دیکەیان یاری کردووە و جاروباریش خۆی بە مۆبایلەکەی مەشغوڵ کردووە، هەڵسوکەوت و قسەکانی ئەوەی لێ نەخوێندراوەتەوە کە ئەوە دوایین شەوی دەبێ لەنێو خێزانەکەیدا. لە کاتێکدا خێزانەکەی لە شیرینیی خەودا بوون، چێواز لە چێشتخانەی ماڵەکەیاندا خۆی هەڵدەواسێ و کۆتایی بە ژیانی خۆی دەهێنێ.

ڕۆژی 2017/3/1 قوتابییەکی تەمەن 17 ساڵ بەناوی چێواز ڕێبوار، دانیشتووی گەڕەکی فەرمانبەرانی شارۆچکەی کەلار لە چێشتخانەی ماڵەکەیاندا، خۆی بە شیشی پانکەوە هەڵواسی و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. باوکی چێواز هۆکاری خۆکوشتنی کوڕەکەی بۆ هەژاری دەگەڕێنێتەوە.

ڕێبوار قادر کە تەمەنی 46 ساڵانە و باوکی چێوازە، زۆر پەسنی کوڕەکەی دا و پێی سەیرە خۆی خنکاندووە. ڕێبوار قادر بە (ڕووداو)ی گوت "کوڕەکەم زۆر هێمن و لەسەرخۆ بوو، هیچ کێشەی لەگەڵ کەس نەبوو، بەڵام دەیبینی من ناتوانم وەکو هاوڕێکانی دیکەی خواستەکانی جێبەجێ بکەم، بۆیە خۆی خنکاند، هەرچەندە بە ژیانی لە بەردەمم داوای هیچی نەدەکرد، چونکە موراعاتی گوزەرانی منی دەکرد و دەیزانی نیمە و بێکارم".

ڕێبوار لەو باوەڕەدا نەبووە خراپیی باری ئابوورییان بگاتە ئەو ڕاددەیەی کە کوڕەکەی، خۆی بخنکێنێ. باوکی چێواز باسی ئەو شەوەی ڕووداوەکە دەکات "ئەو شەوە هەتا نزیکەی دووی شەو لەگەڵ منداڵەکانم بووم، هیچ کێشەیەک نەبوو، چێواز بە مۆبایلەکەی یاریی دەکرد، گوتم کات درەنگە بخەون".

کاتێک هەموویان لە شیرینی خەودا بوون، چێواز دەرفەتی هێناوە و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە.

باوکی چێواز دەڵێت: "هەموومان نووستبووین، کچە بچووکەکەم زۆرجار خەبەری دەبێتەوە بۆ ئاو خواردنەوە، لەناکاو لە قیژەی ئەو خەبەرمان بووە کە نزیکی بانگی بەیانی بوو. کاتێک ڕامانکرد. بینیمان چێواز لە شوێنی پانکەکەی مەتبەخ بە لەچکەکەی دایکی، خۆی هەڵواسیوە".

چێواز چەند ساڵێک لە خوێندن دابڕاوە، بەهۆی ئەوەی تەمەنی گەورە بووە، ناچار بووە بچێتە قوتابخانەی شەوان. باوکی چێواز دەڵێت "ناردمەوە بۆ قوتابخانەی شەوان و لە قۆناغی حەوت دەیخوێند".

هاوڕێکانی زۆر بە پەرۆشن بۆ مەرگی چێواز، ئەوان دەڵێن هەستیان بەوە کردبوو کە کێشەیەکی هەیە، بەڵام لەلای ئەوان باسی نەکردبوو. (ز، ش) کە هاوڕێی قوتابخانەی چێواز بوو بە (ڕووداو)ی گوت "چێواز لەسەرخۆ بوو، بەڵام پێوەی دیاربوو کە کێشەی هەیە، هەرچەند زۆر پێمدەگوت کێشەت چییە با هاوکاریت بکەین، بەڵام قەت باسی نەکرد و نەیدەدرکاند".

هاوڕێکەی چێواز لەو باوەڕەدایە کە بەهۆی دواکەوتن و مانەوەی لە خوێندن، خۆی خنکاندووە، چونکە لە قوتابخانە و هاوڕێکانی تەمەنی دابڕابوو، ئەوەش زۆر بێتاقەتی کردبوو.

ڕائیدی مافپەروەر عەلی جەمال قەدووری، گوتەبێژی پۆلسی گەرمیان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەرەبەیانی ڕۆژی 2017/3/1 تەرمی گەنجێکی دانیشووی گەڕەکی فەرمانبەرانیان هێنایە بەشی فریاکەوتنی شەهید هەژار، دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت کە ئەو گەنجە لەنێو ماڵەکەیدا بە لەچێک خۆی هەڵواسیوە و خۆی خنکاندووە".

سەبارەت بە هۆکاری خۆخنکاندنەکەی، گوتەبێژی پۆلیسی گەرمیان دەڵێت "قسەمان لەگەڵ باوکی کردووە، باوکی دەڵێت تاوەکو درەنگانی شەو بە یەکەوە بوون و هیچ کێشەیەکی نەبووە، بەیانی کە خەبەریان بووەتەوە بینیویانە کوڕەکەیان خۆی خنکاندووە".



### تووشی تێکشانی دەروونی دەبن

سروە ئەنوەر، توێژەری دەروونی سەبارەت بە دواکەوتنی منداڵ لە قۆناغەکانی خوێندن و چوون بۆ قوتابخانەیەکی دیکە بە (ڕووداو)ی گوت "کێشەی دەروونی وەک ئەوەی چێواز لە قوتابخانەکان زۆرە، کاتێک قوتابییەک ناتوانێت لە قوتابخانەکەی کە دەوامی ڕۆژە سەرکەوتوو بێت، دوای چەند ساڵێک مانەوە کە سێ ساڵ و زیاترە، دەنێردرێت بۆ قوتابخانەی شەو کە ئەو مێردمنداڵە پێی نامۆیە، بەبێ ئامادەکردنی و گونجاندنی لەگەڵ ئەو شوێنە، چونکە کەسی وای تێدایە تەمەنی هێندەی باوکی قوتابییەکە دەبێت، ئەمەش زۆرجار قوتابی تووشی تێکشکانی دەروونی دەکات".

سروە پێیوایە "دەبێت خولێکی دەروونی هەبێت لەلایەن کەسانی شارەزا، تاوەکو هەر کەسێک نێردرایە قوتابخانەی شەو، لەسەر ژیانی ئاسایی خۆی بەردەوام بێت، بەڵام وەزارەتی پەروەردە بیری لەم لایەنە نەکردووەتەوە".



موقەدەمی مافپەروەر
**ژیلەمۆ عەبدولقادر**

## قۆڵی ژنەکەی بڕی

ئافرەتێک لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە کوڕێک دەناسێ، پەیوەندییان ڕۆژ بە ڕۆژ بەهێزتر دەبێ، دواتر کوڕەکە داوای هاوسەرگیریی لێ دەکات، بەڵام تەمەنی هاوسەرگیرییەکەیان تەنیا سێ مانگ بوو.

ئەو ژنە فەرمانبەر بوو، باری دارایی باش بوو، بەردەوام وێنەی خۆی و کەسوکار و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی خێزانەکەی بڵاوکردووەتەوە. ڕۆژێکیان کوڕێک ئادی بۆ دەنێرێت. ژنەکە سەرەتا دوودڵ دەبێ لە قبوڵکردنی، بەڵام دواتر قبوڵی دەکات. دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی کەم بەسەر هاوڕێیەتییەکەیان، کوڕەکە بە کچەکە دەڵێت دێمە خوازبێنی، چەند جارێک دەچێتە خوازبێنی کچەکە و براکانی کچەکەش وەکو عورفێک و ناسینی زیاتری کوڕەکە بڕیار دەدەن سۆراغی کەسایەتییەکەی بکەن، بەڵام وەڵامێکی ئەوتۆیان لەبارەی خێزانەکەی و ڕابردووی کوڕەکە دەستنەکەوتبوو، چونکە ئەو گەڕەکەی ماڵی کوڕەکەی لێیە، دراوسێکانیان زۆر بە کەمی هاتوچۆی یەکدییان کردووە، جگە لەوەش کوڕەکە ماوەیەکی کەم بوو ماڵیان چووبووە ئەو گەڕەکە. بەڵام ئەوە ڕێگر نەبوو لە بەیەکگەیشتنیان.

کوڕەکە ماڵی لە شارێکی دیکە بوو، وەکو پێشاندانی نیازپاکی بەرامبەر کچەکە، شارەکەی خۆی جێدێڵێ و دەبێتە دراوسێی ماڵی باوکی کچەکە. کوڕەکە هەر زوو چاو دەبڕێتە سامانی ژنەکە. پێیدەڵێت ئێمە هەردووکمان ئۆتۆمبێلی ئاساییمان هەیە، با هەردوو ئۆتۆمبێلەکەمان بفرۆشین و ئۆتۆمبێلێکی مۆدێل بەرز بکڕین. ئافرەتەکە ڕازی دەبێ، کوڕەکە ئۆتۆمبێلە تازەکە بەناوی خۆی دەکات. ئەمجارەیان کوڕەکە داوای لێدەکات بۆچی ناوماڵ بە قیست نەهێنن و ژنەکەش ببێتە کەفیل، چونکە فەرمانبەرە؟ ژنە ڕازی دەبێ، بەڵام بێ ئاگا لەوەی کە ئەو کوڕە خەریکە تەڵەی بۆ دادەنێتەوە.

ئەو کوڕە لەلای ئەو ئافرەتە گوتبووی کاری ئازاد دەکات، بەڵام زۆری پێناچێت ئۆتۆمبێلەکە دەفرۆشێ، پاشان لە دەرفەتێکدا کە ئافرەتەکە لە ماڵ نابێ، نێو ماڵەکەشی دەفرۆشێ، کاتێک ئافرەتەکە لێی دەپرسێ بۆچی ئۆتۆمبێل و نێو ماڵەکەت فرۆشتووە، دەڵێت قەرزدار بووم.

ئەو ژن و پیاوە ماوەی سێ مانگ بەیەکەوە بوون، ژنەکە هەرچی پارەی هەبووە لە دەستی پیاوەکەی کردووە، دواتر بۆی دەرکەوتووە ئەو پیاوە موفلیسە، تەنانەت کرێی سێ مانگی خانووەکەشی لە پارەی ئافرەتەکە دابوو.

پیاوەکە پەلپ بە ژنەکە دەگرێت و پێیدەڵێت ناتوانێت لە شارەکەی ئەودا کار بکات و دەیەوێ بگەڕێتەوە ماڵی باوکی، داواش لە ژنەکە دەکات لەگەڵی بچێت، بەڵام ئەو ڕازی نابێ.

ئەو ژنە داوای دەکرد ڕێوشوێنی یاسایی بۆ بدۆزینەوە و پارەکەی کە 30 هەزار دۆلارە، لە هاوژینەکەی وەربگرێتەوە و دواتر لێی جیاببێتەوە، چونکە ئەو ژنە بۆی ڕوونبووەوە کە ژیان لەگەڵ پیاوێکی قۆڵبڕ زۆر زەحمەتە.

بە ئافرەتەکە ڕاگەیەنرا کە دەتوانێ لە دادگای شارستانی سکاڵا تۆمار بکات و داوای پارەکەی لە هاوژینەکەی بکاتەوە. بەڵام ژنەکە گوتی هیچ بەڵگەنامەیەک لە نێوانیاندا نییە بیسەلمێنێ کە ئەو پارەی داوەتە مێردەکەی، جگە لەوەش دەیگوت ئەو دڵنیایە لەوەی مێردەکەی لە دادگا بە درۆ سوێند دەخوات. بەڵام پێیڕاگەیەنرا ئەگەر سەلماندی، ئەوا دادگا پارەکەی بۆ دەکات بە قیست. سەبارەت بە جیابوونەوەکەی دەبێت لە دادگای باری کەسی داوا تۆمار بکات، ڕەنگە داواکەش ماوەی ساڵێک بخایەنێ. بۆیە ئافرەتەکە یەکسەر بڕیاری دا و گوتی تاقەتی هاتوچۆی دادگام نییە، دەستبەرداری هەموو مافەکانم دەبم و جیادەبمەوە.

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

## کیم سێ یۆن، ئەندامی پەرلەمانی کۆریای باشوور بۆ (ڕووداو):

# کورد دەبێ سەرمایەگوزاری لە خوێندندا بکات

ئەیوب نووری
ڕووداو– سیئۆل



ناسینی سیاسەتمەدارێکی کورد لە کۆنگرەی پارتە دیموکراتەکان کە ساڵی 2012 لە سیئۆلی پایتەختی کۆریای باشوور بەڕێوەچوو، هەلی بۆ پەرلەمانتارێکی ئەو وڵاتە ڕەخساند، ساڵی دواتر سەردانی هەڵەبجە بکات. هەر ئەو پەرلەمانتارە توانی قەناعەت بە پەرلەمانتارانی وڵاتەکەی بکات، سەرکۆنەی ئەو کارەی سەدام بکەن کە بەرامبەر هەڵەبجە کردی.

کۆریای باشوور کە ئێستا یەکێکە لەو وڵاتانەی ئابوورییەکی بەهێزی هەیە و نموونەی بەرزی پێشکەوتنە، لەمێژووی خۆیدا، وەک کوردستان، قۆناغەکانی جەنگ و دابەشبوون و داگیرکاری و هەژاریی بینیوە. نوێترین نموونە داگیرکردنیان بوو لەلایەن ژاپۆنەوە بۆ ماوەی 36 ساڵ، لەگەڵ جەنگێکی خوێناوی کە وڵاتەکەی کردن بە دوو بەشەوە. هەر بۆیە کەسێکی وەک کیم سێ یۆن کە نۆ ساڵە ئەندام پەرلەمانی ئەو وڵاتەیە، باش لە نەهامەتی و گرفتەکانی کورد تێدەگات.

کیم سێ یۆن یەکەمجار ساڵی 1991، ئەو کاتەی یەکەم ساڵی خوێندنی بوو لە زانکۆ، باسی کوردی بیست و هەر زۆر زوو لێکچوونی نێوان کورد و کۆریای بینی "مێژووی ئێوە لە چاوی مندا لە مێژووی کۆریا دەچوو. هەرچەندە ئێمە بۆ ماوەی 36 ساڵ وڵاتمان لەدەستدا، هێشتا هەر ناکرێ لەگەڵ نەهامەتییەکانی ئێوە بەراورد بکرێ. هەروەها دەزانم چەند ئەستەمە بونیاتنانەوەی نەتەوەیەک پاش ئەو هەموو کارەساتە."

کیم سێ یۆنی تەمەن 45 ساڵ، دوای ناسینی سیاسەتمەدارێکی کورد لە ساڵی 2012 لە کۆنگرەی پارتە دیموکراتەکانی جیهان لە سیئۆل، ساڵێک دواتر هات بۆ کوردستان بۆ ساڵیادی هەڵەبجە. پاش گەڕانەوەی، ئەندام پەرلەمانانی دیکەی ڕازی کرد کە دەنگ بدەن بۆ سەرکۆنەکردنی جینۆسایدی کورد.

ڕەنگە لە ڕووکەشدا سەرکۆنەیەکی لەمشێوەیە لەلایەن وڵاتێکی وەک کۆریا و پاش ئەو هەموو ساڵە شتێکی زۆر تایبەت نەبێ، بەڵام گرنگە. چونکە حکومەتی کۆریا هەستیارە بەرامبەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتە ناوەندییەکانی جیهان لەوانەش بەغدا، حەز ناکات ئەندام پەرلەمان دەست بۆ هەندێ بابەتی هەستیار ببەن. هەروەها، ئەمە یەکەمجار بوو لە لەمێژووی خۆیدا کۆریا بابەتێکی مافی مرۆڤ لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی بورووژێنێ.

"دەستووری ئێمە دەڵێ ئەندامانی پەرلەمان دەبێ ئەرکی خۆیان بەپێی ویژدانی خۆیان جێبەجێ بکەن، منیش شوێن ویژدانم کەوتم. وەزارەتی دەرەوە هەمیشە خەمی پەیوەندیی خۆیەتی لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی عێراق و چین بۆ نموونە. هەر بۆیە دەرکردنی ئەم سەرکۆنەیە ئاسان نەبوو، چونکە حکومەت حەزی نەدەکرد و خەمیان بوو. دەربارەی مەترسییەکانی ئەم کارەم قسەیان لەگەڵ کردم، بەڵام من هاوکارانم ڕازی کرد کە ئەم مەسەلەیە لە سەرووی هەموو شتێکی دیکەوەیە و مەسەلەی مافی مرۆڤە."

دوای چەندین ساڵ داگیرکاری و چەوساندنەوە لەلایەن دراوسێ زەبەلاحەکانیانەوە، زۆر لە خەڵکی کۆریا پشتوێنیان لێکردەوە و نائومێدبوون لەوەی بتوانن هیچ بکەن. عەقڵیەتی قوربانیبوون زاڵ بوو بەسەریاندا، بەڵام کەسێک ئەو بیرکردنەوەیەی گۆڕی و کۆریای خستە سەر ڕێڕەوەی پێشکەوتن و هەستانەوە.

"گرنگترین هەنگاو لەلایەن سەرۆک پارک چونگ هی نرا. ئەو بە کودەتایەک لە ساڵی 1961 هاتە سەر دەسەڵات، هەتا ساڵی 1979. ڕۆحی خەڵکی کۆریای گۆڕی. بۆ ماوەیەکی زۆر لە دوای 500 ساڵ و دوای 36 ساڵ داگیرکاری، زۆربەی خەڵک ئەو هەستەیان هەبوو کە دۆڕاون و دەیانگوت ناتوانین هیچ بکەین. بەڵام ئەو گوتی نەخێر، دەتوانین ئەم ڕێڕەوە پێچەوانە بکەینەوە. یەکەم هەنگاویشی زیندووکردنەوەی ناوچەی گوندنشین بوو، لەگەڵ بە پیشەسازیکردنی وڵات. هەروەها بواری خوێندنی ریفۆرم کرد."

کیم سێ یۆن باوەڕی وایە کە پشتگیریکردنی خەڵک بۆ سەرۆکەکەیان، ڕەگەزێکی گرنگە بۆ سەرکەوتنی وڵات. نموونەش لی کوان یوی، سەرۆکی سەنگاپۆر بوو لەگەڵ پارک چونگ هی لە کۆریای باشوور، بەڵام لەهەمانکاتیشدا ئەو ڕاستییەش دەڵێ کە "ئەمەش دیسپلین و قوربانیدانی سەرکردەکانی دەوێ، ئەگینا خەڵک بەدڵ دوایان ناکەون."

کیم سێ یۆن دەڵێ ئێستا کۆریا خۆی بە یەکسان دەزانێ لەگەڵ دراوسێ گەورەکانی وەک ژاپۆن و چین، یان هەر وڵاتێکی دیکە "بەڵام ئەمەش بەهۆی هاوپەیمانیمان بووە لەگەڵ ئەمریکا. لەم سەردەمەدا هیچ وڵاتێک ناتوانێ بەتەنیا خۆی بپارێزێ و پێویستت بە هاوپەیمانی بەهێز هەیە لەڕووی سەربازی و دیپلۆماسییەوە."

دوا ئامۆژگاریی کیم سێ یۆن بۆ کورد بایەخدانە بە پەروەردە و خوێندن، هەمان ئەو کارەی کە کۆریای بەم ڕۆژە گەیاند. "دەبێ خوێندن بەردی بناغە بێ. دەبێ ئەوەش بزانن کە ئەمە سەرمایەگوزارییەکی پەلە نییە و قازانجەکەی یەکسەر دەرناکەوێ. ئەنجامەکەی ساڵانێکی دەوێ."

کۆریای باشوور ئێستا هێندە لە ژێردەستەیی و ڕابردووی خۆیەوە دوورە کە وەک وڵاتانی ژاپۆن و ئەمریکاو زلهێزەکانی دیکە، دەیەوێ لەڕێی دەزگای جیاوازەوە خەڵکان و کارمەندانی حکومیی وڵاتانی دیکە بانگهێشت بکات و نموونەی فەرمانڕەوایی و سەرکەوتنی خۆیان نیشان بدات. ئەمەش یەکەم نیشانەی ئەوەیە کە وڵاتێک لەژێردەستەوە بووە بە سەرکردە و ڕێبەر.

### حکومەت دژی ئەوە بوو کە بۆ هەڵەبجە کردمان

### کۆریا بە کشتوکاڵ و پیشەسازی و ریفۆرم لە خوێندن گەیشتە ئەم ڕۆژە

## مافی وەرگێڕانی کتێبەکەی داوەتە (ڕووداو)

# خاوەنی کتێبی "چیاکان تاکە هاوڕێمانن" ماڵئاوایی کرد



دارا ئیبراهیم
ڕووداو– ستۆکهۆڵم



تۆرد ڤاڵستڕۆم، ڕۆژنامەنووس و نووسەری سویدیی دۆستی کورد، لە تەمەنی 89 ساڵیدا لە ڕۆژی 2017/2/8 کۆچی دوایی کرد. ڤاڵستڕۆم، بە یەکێک لە گەورەترین ڕۆژنامەنووسانی نەوەی کۆنی سوید لەقەڵەم دەدرا کە لە ساڵانی 1968 و 1991 خەڵاتی ڕۆژنامەوانیی وەرگرتووە.

لە تشرینی یەکەمی 1974 لە گەرمەی شەڕی هێزەکانی پێشمەرگە و ڕژێمی عێراقدا، ڤالستڕۆم بە گەشتێک دەگاتە چیاکانی باشووری کوردستان، بەرهەمی ئەم گەشتەش کتێبێکە بەناوی "چیاکان تاکە هاوڕێمانن: ڕاپۆرتێک لە کوردستانەوە". پێش ئەم گەشتە، نووسەرە سویدییەکە زیاتر لە دوو دەیە ئەزموونی نووسین و ڕاپۆرتی لە ناوچە جیاجیاکانی جیهان هەبووە. یەکەم کتێبیشی "ئاندارین: گەشتێک بۆ ئەمریکای نێوەڕاست" بوو کە لە ساڵی 1953 چاپکرا.

لە ماوەی ئەو بیست ساڵەی یەکەمی کارکردنیدا، شۆڕش و سەرهەڵدانی کەمینەکان و جەنگی نێوخۆیی بابەتی سەرەکی کتێب و ڕاپۆرتە مەیدانییەکانی ڤاڵستڕۆم بووە. کاتێکیش لە تارانەوە دەگاتە کوردستان، ماوەی 13 ساڵ بووە شەڕ و پێکدادان لە نێوان هێزەکانی کورد و سوپای عێراق لە ئارادا بووە. بەر لە گەشتەکەی بۆ کوردستان "بیافرا" ئەو کتێبە بوو کە ڤاڵستڕۆمی پێ دەناسرایەوە. ناوەڕۆکی کتێبەکە ڕاپۆرتێکی مەیدانی تێروتەسەل بوو لەسەر جەنگی نێوخۆیی نایجیریا و سەرهەڵدان و جوداخوازیی خەڵکی بیافرا. ئەو کتێبە چوار ساڵ بەر لە گەشتەکەی بۆ کوردستان چاپکرا.

"چیاکان تاکە هاوڕێمانن" تەنیا ڕاپۆرتێک نییە لەسەر شەڕ، بەڵکو ئاکامەکانی ئەو شەڕەش لەسەر ژیانی خەڵکی ناوچەکە دەخاتەڕوو، بۆیەش بەشێک لەو کتێبە باسی ڕەوشی ئەو ئافرەت و منداڵە کوردە ئاوارانە دەکات کە لە ترسی بۆردومانی هێزی ئاسمانیی عێراق ڕوویان لە سنوورەکانی نێوان ئێران، تورکیا و عێراق کردبوو، لە کاتێکدا "هاوژینەکانیان لە مەیدانەکانی شەڕ بوون". ناوی کتێبەکەش لە یەکێک لە گەڕانەکانی نووسەر بە شاخەکانی کوردستاندا هەڵبژێردراوە، کاتێک ڤاڵستڕۆم و پێشمەرگەیەک بەناوی فازڵ بە ڤاڵستڕۆمی گوتبوو "چیاکان دەمانپارێزن. چیاکان تاکە هاوڕێمانن".

جیا لەو کتێبە، ڤاڵستڕۆم نامیلکەیەکی فۆتۆستۆری لەسەر ڕەوشی ئەو ناوچانە لە کاتی گەشتەکەیدا ئامادە کردووە کە لە 26 لاپەڕە وێنە و کاپشنی تێر و تەسەل پێکدێت. لەو نامیلکەیەدا لە پاڵ زۆربەی وێنەکان ڕوونکردنەوەی درێژ لەسەر کەسەکانی ناو وێنەکان و بارودۆخی ئەو کاتەی کەسەکان خراوەتەڕوو. تێیدا هەم دیمەنێکی ڕوون لە بارودۆخی ژیانی خەڵکی ناوچەکان و هەمیش دیمەن و شێوازی ژیانی خەڵکی کورد لەو سەردەمەدا دەخاتەڕوو.

کتێبە 150 لاپەڕەییەکەی ڤاڵستڕۆم بەرهەمی دوو مانگ مانەوە لە شاخەکانی کوردستان و ژیان لە نێو خەڵکی لێقەوماوی ئەو کاتی باشووری کوردستانە. هەر بۆیە لای ئەو خۆیشی کتێبەکە بەرهەمێکی ئاسایی نییە، بەڵکو کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر خۆیشی دانابوو، بۆیە لەبارەی ناوەڕۆکی کتێبەکەیەوە دەیگوت "هەر کاتێک ئەو گەشتەم بیر دەکەوێتەوە، چاوەکانم پڕ دەبن لە فرمێسک، من ئەو کتێبەم نووسی بۆ ئەوەی ویژدانی هەموو جیهان بهەژێنم".

لە میدیا و ناوەندەکانی توێژینەوەی سوید، ناوی کوردستانی عێراق و شۆڕشەکانی ئەو پارچەیە بەستراوەتەوە بە ناوی تۆرد ڤاڵستڕۆمەوە. لەبەر ئەوەی هەتا ئەم ساتەوەختەش کتێبەکەی ئەو ڕۆژنامەنووسە بە سەرچاوەیەکی مێژوویی باوەڕپێکراو دادەنرێ. بۆیە لە ئینسایکلۆپیدیای سویدیدا لە پاڵ ناوی ڤاڵستڕۆمدا هاتووە: "کتێبەکانی تۆرد ڤالستڕۆم لەبارەی ماڵدیف، بیافرا و کوردستان کاریگەریی بەرچاویان هەبووە لەسەر دروستبوونی ڕای گشتی لەبارەی ئەو وڵاتانە و کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی هەبووە".

ڕۆژنامەنووسە سویدییەکە چاوی بە مەلا مستەفا بارزانیش کەوتبوو، بەڵام بەر لەو دیدارە چاوی بە کوڕەکانی بارزانی کەوتبوو. لە بەشێکی کتێبەکەشدا سەبارەت بەوان نووسیویەتی "بەر لەوەی لەگەڵ ژەنەراڵ بارزانی دانیشم، چاوم بە ئیدریس بارزانی و مەسعود بارزانی کەوت، لەگەڵ مەسعود بارزانی، برابچووکی ئیدریس، قسەم کرد، زۆر گەنج دیار بوو، لای خۆم 18 ساڵم بۆ دانابوو، کەچی دەرکەوت تەمەنی 28 ساڵ بوو! بە ڕواڵەت زۆر لە یەک دەچوون، بەڵام لە قسەکردندا ئیدریس بارزانی دیپلۆماسی بوو، وشەکانی بە وریاییەوە هەڵدەبژارد، بەڵام مەسعود بارزانی بە دڵێکی فراوان... ئەو زۆر نەرم و لەسەرخۆ بوو، زۆر بە باشیش شتەکانی ڕوون دەکردەوە".

لە درێژەی ئەو بەشەدا ڤاڵستڕۆم باسی گفتوگۆی نێوان خۆی و مەسعود بارزانی دەکات و دەڵێت "لە مەسعود بارزانیم پرسی دوای تەواوبوونی شەڕ کوردستان بە چ سیستەمێک بەڕێوەدەبەن؟ چونکە کاتێک دەگەڕێمەوە سوید خەڵک پرسیاری ئەوەم لێدەکەن کە کوردستان دوای شەڕ چی بەسەردێت؟ کوردستان دەبێ بە وڵاتێکی سۆسیالیست، چەپ، ڕاست یان موحافەزەکار؟ دەمەوێ بزانم چۆن وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەمەوە؟ مەسعود بارزانی گوتی: ساڵانێکی زۆرە شەڕ دەکەین، زۆر بە پەرۆشەوە چاوەڕێی هاتنی ڕۆژی دوای شەڕ دەکەین، کە تێیدا خەریکی کاروباری قۆناغی ئاشتی دەبین. من زۆر بە دڵنیاییەوە دەتوانم پێت بڵێم کە ئێمە دەبینە کۆمەڵگایەکی دیموکراتیکی خاوەن سیستەمێکی پەرلەمانی".

دوای دانیشتن لەگەڵ مەسعود بارزانی و ئیدریس بارزانی، ئەوجار چاوی بە مەلا مستەفا کەوتبوو. وەکوو لە نامیلکەی فۆتۆستۆرییەکاندا هاتووە، بارزانی لە ژوورێکدا بە تەنیا چاوەڕێی ئەوانی کردبوو. ڤالستڕۆم پرسیاری لە بارزانی کردبوو "ئایا ئیمکانی ئەوە ماوە (لەگەڵ حکومەتی ناوەندی) دانوستاندن بکەن؟" بارزانی لە وەڵامی پرسیارەکەدا بە جدییەتێکی زۆرەوە گوتبووی: "نەخێر! ئێمە هەرگیز جارێکی دی لەگەڵ ئەم حکومەتەدا دانوستاندن ناکەین. ئەمە حکومەتێکی تاوانکارە کە هەموو خەڵکی عێراق ڕقیان لێی دەبێتەوە... ئێمە دوژمنێکی بێبەزییمان هەیە. (لەو بارودۆخەشدا) تەنیا ماوینەتەوە و دەتوانم بڵێم هیچ دۆستێکمان نەماوە. ئێمە ڕووبەڕووی دوژمنێک بووینەتەوە کە هیچ هەستێکی مرۆیی ناناسێت".

بەرلەوەی کۆچی دوایی بکات، ڤالستڕۆم بە (ڕووداو)ی گوت "بۆچوون و پێشبینییەکانی مەسعود بارزانی (سەرۆکی هەرێمی کوردستان) لە ڕاستییەوە نزیکن، بەڵام مەترسی گەورەشی دێتەڕێ". لەو لێدوانەدا باسی ئەوەشی کردبوو کە بە نیازە کتێبێکی دیکە لە درێژەی کتێبەکەی پێشووی لەسەر کوردستان بنووسێ، لەبەر ئەوەی "بە ئەرکی خۆمی دەزانم چاوپێداخشاندنەوەیەک بۆ ئەو کتێبەم بکەم، دەمەوێ کتێبی نوێ بنووسم لەبارەی کوردستان، چونکە پێویستە باسی ئەوە بکەم پاش ئەو هەموو خەبات و قوربانیدانە میللەتی کورد بە چی گەیشت. چونکە دوور نییە خەڵکی کوردستان، ئێستاش هێندەی ئەوکات پێویستیان بە یارمەتی و دۆستایەتی هەبێت".

### تۆرد ڤاڵستڕۆم:
### ئەو کتێبەم نووسی بۆ ئەوەی ویژدانی هەموو جیهان بهەژێنم

#### ژەنەڕاڵە بەساڵاچووەکە ناخەوێت

تۆرد ڤالستڕۆم لە ڕێگەی ئیمەیلێکەوە مافی وەرگێڕانی "چیاکان تاکە هاوڕێمانن" بۆ زمانی کوردی بە (ڕووداو) بەخشیوە. ئەو بەرهەمە لە ساڵی 2002 بۆ زمانی عەرەبی وەرگێڕدرا و لە هەرێمی کوردستانیش چاپکرا. لە "چیاکان تاکە هاوڕێمانن". ڤالستڕۆم بەمجۆرە باسی کۆتایی دیدارەکەی خۆی و مەلا مستەفا بارزانی دەکات "کاژێر یەکی شەوی تێپەڕ کردووە. هەموو بەرەکانی جەنگ کپ و بێدەنگن. لە هەموو گوندەکان ئاگرەکان کوژێنراونەتەوە و چوونەتە خەوەوە. بەڵام ژەنەڕاڵە بەساڵاچووەکە هێشتا بەخەبەرە".

## زۆرترین حاڵەتی مردن بە نەخۆشیی گورچیلە لە دهۆکە

# 14%ی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان گرفت لە گورچیلەیاندا هەیە

ڕووداو – سلێمانی

ڕۆزا سەیفەددین، تەمەن 18 ساڵ، بەدەست هەڵاوسانی جەستە و ئازاری درێژخایەنەوە دەیناڵاند. کاتێک سەردانی پزیشکی کرد، هەواڵیان پێدا کە گورچیلەکانی زۆر لەوە سستترن بتوانن کارە ئاساییەکانی خۆیان بکەن. بۆیە پێشنیازیان بۆ کرد گورچیلە بچێنێ، ڕۆزا یەکسەر پێشنیازەکەی قبووڵ کرد، ئێستا لەگەڵ گورچیلە چێندراوەکەی ئاسوودەیە.

"پزیشکەکان ئومێدیان بۆ گێڕامەوە و هەر ئەوکات گوتیان نەخۆشییەکەت بە واتای کۆتایی ژیان نییە، هەر واش دەرچوو، ئێستا تەندروستیم زۆر باشە".

لای پزیشکان، چیرۆکی ڕۆزا شتێکی ناچاوەڕوانکراو نییە، چونکە لە زانستی پزیشکیدا هاتووە، ڕەنگە تەنیا کاتێک بزانی گورچیلەت سست بووە کە 75%ی تواناکانی لەدەستداوە و تەنیا 25%ی ئەرکەکانی جێبەجێ دەکات.

دووەم پێنجشەممەی مانگی ئاداری هەموو ساڵێک وەک ڕۆژی جیهانیی گورچیلە دیاریکراوە. ئامانجی ئەمساڵی ئەو ڕۆژەش بریتی بوو لە ڕوونکردنەوەی پەیوەندیی نێوان قەڵەوی و پەککەوتنی گورچیلە.

"تاوەکوو بابەتێک نەبێتە گرفتێکی بەهەند وەرگیراو، ڕۆژی جیهانیی بۆ دیاری ناکرێ، هەر دیاریکردنی ئەم ڕۆژە جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەرپرسانی بواری تەندروستی لە جیهاندا هەستیان بە مەترسییەکانی نەخۆشکەوتنی گورچیلە لەسەر مرۆڤ کردووە". ئەوە گوتەی د.عەبدولفەتاح هەورامی، مامۆستای زانکۆی سلێمانی و بەرپرسی هۆبەی توێژینەوە زانستییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانییە. وەک د.هەورامی باسی دەکات، یەک لە دەی دانیشتووانی جیهان تووشی نەخۆشیی گورچیلە دەبن.

بەپێی ئامارە جیهانییەکان، ساڵی 2013 نزیکەی یەک ملیۆن کەس بەهۆی نەخۆشییە درێژخایەنەکانی گورچیلەوە مردوون. لە ئەمریکا لە نێوان ساڵانی 1999 - 2004 لانیکەم 16.8%ی کەسانی پێگەیشتووی ئەو وڵاتە تووشی گرفتی درێژخایەنی گورچیلە بوون. لە بەریتانیاش لە ساڵی 2008ـەوە نزیکەی یەک لە دەی دانیشتووانی ئەو وڵاتە تووشی نەخۆشیی درێژخایەنی گورچیلە بوون.



### ئامارەکانی گورچیلە لە کوردستان

بەپێی ئامارێک کە (ڕووداو) لە وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەریگرتووە، ساڵی ڕابردوو 698 هەزار و 408 حاڵەتی جۆراوجۆری نەخۆشیی گورچیلە لە کوردستان هەبوون. ئەگەر ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بە 5 ملیۆن کەس بخەمڵێنین، ئەوا ژمارەکە دەکاتە 14%ی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان.

بەپێی هەمان ئامار، ساڵی ڕابردوو لە کوردستان 386 کەس بە نەخۆشییەکانی گورچیلە مردوون کە 376 کەسیان بە پەککەوتنی گورچیلە و 10 کەسەکەی دیکە بەهۆی شێرپەنجەی گورچیلەوە مردوون.

زۆرترین حاڵەتی مردن بە نەخۆشیی گورچیلە لە سنووری پارێزگای دهۆک بووە کە 178 حاڵەت بووە. لە سلێمانی 120 کەس و لە هەولێریش 88 کەس بە نەخۆشیی گورچیلە مردوون. لە ساڵی 2015شدا هەر پارێزگای دهۆک پێشەنگ بووە کە 166 کەس بە نەخۆشیی گورچیلە مردوون. لە سلێمانی 109 کەس و لە هەولێریش 84 کەس بەو نەخۆشییە مردوون.

د.میران محەممەد، بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی سلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت، ساڵی ڕابردوو لە سنووری پارێزگای سلێمانی 29 هەزار کەس شووشتنی گورچیلەیان بۆ کراوە کە پرۆسەیەکە تایبەت بەو کەسانەی تووشی پەککەوتنی گورچیلە هاتوون، ئێستاش 28 نەخۆش ئامادەکراون بۆ چاندنی گورچیلە، پێشتریش 338 کەس چاندنی گورچیلەیان بۆ کراوە.

### پاراستن پێش نەخۆشکەوتن

دکتۆر شێرکۆ حەمەئەمین، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، گوێی بۆ چەند خوێندکارێکی پزیشکیی ڕادێرابوو کە بۆیان ڕووندەکردەوە فرمانی گورچیلە چییە و چۆن دەبێ بیپارێزین. ئەو دڵخۆش بوو بەو کەمپەینەی خوێندکارەکان لەنێو باخچە و مۆڵەکانی سلێمانی دەستیان پێکردبوو بۆ هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتییان.

"سیستمی تەندروستیی ئێمە ئەوەندەی بیر لە چارەسەرکردنی نەخۆش دەکاتەوە، ئەوەندە بیری لەلای پاراستنی کەسانی لەشساخ نییە بۆ ئەوەی نەخۆش نەکەون" ئەوە لێدوانی دکتۆر شێرکۆیە بۆ (ڕووداو).

د.دانا ئەحمەد شەریف، پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە نەخۆشییەکانی گورچیلە، سەبارەت بە خۆپارێزی لە نەخۆشییەکانی گورچیلە دەڵێ "دەبێ ڕۆژانە ئاوی پێویست بخۆنەوە و خۆتان وشک نەکەنەوە بە تایبەت لە هاویندا کە بەهۆی ئارەقەکردنەوە بڕێکی زۆری ئاو لەدەستدەچێ، بەجۆرێک وەها بکە ڕەنگی میزت ڕوون بمێنێتەوە و زۆر زەرد نەبێ، هەروەها دەبێ خوێ لە ژەمەکانماندا کەم بکەینەوە، چونکە خوێ بارگرانییەکی زۆر لەسەر گورچیلەکان دروست دەکات".

هەرچی دکتۆر هەورامییە کە دکتۆراکەی لە بواری خۆپارێزیی تەندروستی و پزیشکیی کۆمەڵە، دەڵێ پاراستنی گورچیلە پێویستی بە گۆڕینی شێوازی ژیانە بەگشتی "دەبێ بڕیار بدەین شێوازێکی تەندروستانەی خۆراکمان هەبێ، چالاکیی جەستەییمان زۆربێ، جگەرە نەکێشین، ئاو زۆر بخۆینەوە و زۆر بە وریایی مامەڵە لەگەڵ هەموو دەرمانێکی پزیشکی بکەین و لە ڕێنمایی پزیشک لانەدەین".

بە گوتەی د.هەورامی، بەرزیی گوشاری خوێن و شەکرە دوو هۆکاری هەرەبڵاوی سستبوونی گورچیلەن، بۆیە گرنگە کەسانی پێگەیشتوو پێوانەی گوشار و شەکری خوێنیان بکەن، ئەگەر بەرزبوون، کۆنترۆڵیان بکەن.

### قەڵەوی و نەخۆشکەوتنی گورچیلە

ئەوە ناونیشانی ڕۆژی جیهانیی گورچیلەیە بۆ ساڵی 2017 لەسەر ئاستی جیهان. لە ڕاگەیێندراوی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی تایبەت بەو ڕۆژەدا هاتووە "قەڵەوی بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی تووشبوون بە نەخۆشیی درێژخایەنی گورچیلە. مەبەست لە ڕاستەوخۆ ئەوەیە کە جەستەی قەڵەو پێویستی بە کارکردنێکی زۆرتری گورچیلەیە بۆ پاڵفتەکردنی خوێن و ئەوەش بە تێپەڕبوونی کات گورچیلەکان کەنەفت و سست دەکات. هەرچی کاریگەرییە ناڕاستەوخۆکەشە، ئەوە لەو ڕێگەوەیە کە قەڵەوی هۆکارێکی سەرەکییە بۆ تووشبوون بە بەرزیی گوشاری خوێن و شەکرە، ئەو دووانەش لە هۆکارە سەرەکییەکانی تووشبوونی گورچیلەن بە سستبوون و نەخۆشیی درێژخایەن.

### کێ زۆرتر تووش دەبێ؟

1 - ئەگەر لەنێو خێزان و خزمی نزیکدا تووشبووی ئەو نەخۆشییە هەبوون
2 - کاتێک تەمەن لە 60 ساڵ تێپەڕ دەبێ
3 - ڕەقبوونی خوێنبەرەکان
4 - گیرانی ڕاڕەوەکانی میز
5 - هەوکردنی درێژخایەنی گورچیلە.
6 - شەکرە، هۆکاری یەکەمی تووشبوونە بە نەخۆشیی درێژخایەنی گورچیلە.
8 - بەرزیی گوشاری خوێن
9 - نەخۆشیی گورگەسوورە
10 - بەرکەوتن لەگەڵ هەندێک ژەهر
11 - هەندێک دەرمانی پزیشکی

### نیشانەکانی نەخۆشیی درێژخایەنی گورچیلە

- کەمخوێنی
- میز لە خوێندا
- میزی ڕەنگ تۆخ
- گێژبوونی نائاسایی
- کەمبوونەوەی میز
- هەڵاوسانی جەستە، بە تایبەت پەلەکان
- هەستکردن بە ماندوویی بەردەوام
- بەرزبوونەوەی گوشاری خوێن
- خورانی بەردەوامی پێست
- تێکچوونی خەو
- نەمانی ئارەزووی خواردن
- ڕەپنەبوونی چووک
- هەناسەتوندی
- دابەزینی نائاسایی کێش

## خانمان نابێت ئەو حەوت نیشانەیە فەرامۆش بکەن

# کە بڵقی سپیت هەبوو سێکس مەکە

ڕووداو– DW

جۆرناڵی "فروێندین"ی ئەڵمانی دەڵێ هەندێک نیشانە هەن لە کۆئەندامی زاووزێی خانماندا دەبێ بە هەند وەربگیرێن و لەکاتی پەیدابوونیان پێویست بە ڕاوێژی پزیشک دەکات. جۆرناڵەکە ئەمانە بە گرنگترین ئەو گرفتانە دادەنێ:

### 1 - خوران:

خوران و وشکبوونەوەی پێستی ناوچەی زێ هۆکاری زۆری هەن، لەوانە جلی نەگونجاوی ژێرەوە، یان هەستەوەری بە جێڵ و ماددەکانی دیکەی موولابردن، یان کەڕووکردنی زێ، بەڵام ئەگەر ئەو خورانە بۆ چەند ڕۆژ بەردەوام بوو، یان کاتێک هەڵاوسانی پێستەکەی لەگەڵ بوو، یان ڕەنگەکەی زۆر سوور بووەوە، ئەوە دەبێ ڕاوێژ بە پزیشک بکەی.

### 2 - بڵقی سپی:

دەرکەوتنی بڵقی سپی لە زێ ئەگەری زۆرە بەهۆی ڤایرۆسی هێرپس بێ. هەرکات ئەمە پەیدا بوو دەبێ سێکس نەکەی تاوەکوو سەردانی پزیشک دەکەیت و حاڵەتەکەت چارەسەر دەکات و ڕێوشوێنت بۆ دیاری دەکات، چونکە ڤایرۆسی هێرپس لە ڕێگەی سێکسەوە دەگوازرێتەوە.

### 3 - سووتانەوە لەکاتی میزکردن:

دیارترین نیشانەی هەوکردنی میزڵدانە، ئەو هەوکردنەش ئەگەر چارەسەر نەکرێ دەبێتە بارێکی درێژخایەن و لێکەوتەی نەرێنیی زۆری دەبن. بۆیە لەگەڵ هەستکردن بە سووتانەوە لەکاتی میزکردن، دەبێ ڕاوێژ بە پزیشک بکەی.

### 4 - بۆنی نائاسایی:

بۆنی هاوشێوەی بۆنی ماسی، یان بۆنێکی ترشاو لە ناوچەی زێ، ئاماژەیەکی بەهێزی تووشبوونە بە هەوکردنی بەکتریایی زێ کە پێویستی بە چارەسەری پزیشکییە.

### 5 - دەردراوی زێ:

دەردراوی سپی لە زێ، کە شل و ڕوونە، بارێکی ئاساییە و بەشێکە لە پرۆسەی خۆ خاوێنکردنەوەی کۆئەندامی زاوزێی مێیینە، بەڵام ئەگەر دەردراوەکە خەست بوو وەک پەنیر، ئەوە دەبێ سەردانی پزیشک بکەی، چونکە ئەگەری زۆرە تووشی کەڕووی زێ بووبی و ئەوەش دەبێ چارەسەر بکرێ و تاوەکو چاک دەبێتەوە خۆت لە سێکس بەدوور بگری. خۆ ئەگەر دەردراوەکە زەرد یان سەوز بوو، ئەوە ئاماژەیەکی تووشبوونە بە کلامیدیا و گۆنۆریا (سەیلان) و ئەوانەش بێگومان دەبێ چارەسەر بکرێن و تاوەکو چاک دەبنەوە سێکس نەکەی.

### 6 - خوێنبەربوون:

بەدەر لە سووڕی مانگانە، دەرچوونی خوێن لە زێ نائاساییە و دەبێ ڕاوێژ بە پزیشک بکرێ و داوای ڕوونکردنەوە و چارەسەری لێ بکرێ. هۆکارەکە ڕەنگە تێکچوونی هۆرمۆنی بێ، یاخود لێکەوتەی نەخوازراوی حەبی مەنع، یان حاڵەتی مەترسیدار و نەخۆشیی گەورەتر بێ.

### 7 - وشکبوونەوەی زێ:

ئەگەر سێکس بۆ خانمەکە زۆر بە ئازار بوو، ئەوە نیشانەیەکی وشکیی زێیە. کاتی نەمانی یەکجارەکیی سووڕی مانگانە، وشکبوونەوەی زۆرتر ڕوودەدات، هەروەک دوای منداڵبوونیش بۆ ماوەیەک وشکبوونەوە ڕوودەدات. هەموو ئەوانەش حاڵەتی ئەوتۆن کە هاوسەنگیی هۆرمۆنیی جەستەی ئافرەت تێکدەچێ. جگە لەوە، دەرمانە کیمیاییە دژە شێرپەنجەکانیش ئەو گرفتە دروست دەکەن. هەندێک دەرمانیش هەن وشکیی زێ زیاد دەکەن، لەوانە دەرمانەکانی دژە هەستەوەری، هەڵامەت و ڕەبۆ.



# دەرفەتێکی دیبلۆماسیی دەگمەن

مەجید نیزامەدین گلی

مـن بـۆ نووسـینی ئـەم بابەتە لـە هۆڵی ئەنجوومەنـی ئاسایشـی نێودەوڵەتـی لـە نیویۆرک دانیشتووم و لە هەوڵی کۆکردنەوەی زانیاریـی زیاتردام بۆ ئەم وتارە، بەڵام دڵنیام لەوەی ئێستا دەرفەتێکی زێڕین هەیە بۆ کورد کە پێشتر خەیاڵ بوو.

ئەگـەر دەرفەتەکـە بقۆزرێتـەوە دەتوانین بـە یـەک دەنگـدان لـەم هۆڵە ساردوسـڕەی ئەنجوومەنی ئاسایش هەنگاوێکی گەورە بنێین بەرەو گەیشتن بەم ئامانجانە:

1 – شـەنگال لە پلانگێڕی و دەستدرێژیی دەرەکی بپارێزرێت.

2 – دوای شـەڕی داعـش ئەنجامدانـی کۆمەڵکوژی ڕێکخراوی هاوشـێوەی ئەنفال لە ناوچە دابڕاوەکان زەحمەتتر بێت.

3 – کـوردی ئێزیـدی قەرەبووی پێویسـت بکرێنەوە و ماڵ و حاڵە رووخاوەکانیان بنیات بنرێتەوە.

4 – دەرگایەکی یاسایی بکرێتەوە بۆ ئەوەی لـە داهاتـوودا کۆمەڵکوژییـە لەبیرکراوەکەی ئەنفالیـش لای کەمـی چانسـێکی هەبێـت بۆ لێکۆڵینەوە و دادگایی نێودەوڵەتی.

## دەرفەتە دیبلۆماسییەکە:

نزیکەی شەش مانگە بەریتانیا بە هاوکاریی نادیە مـوراد و پارێزەرە بەناوبانگەکەی ئامال کلوونـی، پێشـنیازێکیان ئامـادە کـردووە. پێشـنیازەکە بریتییە لـەوەی کە ئەنجوومەنی ئاسایشـی نێودەوڵەتـی بـە بڕیارێـک داوا لە نەتەوەیەکگرتووەکان بـکات لێکۆڵینەوەیەکی نێودەوڵەتی ئەنجام بدات دەربارەی تاوانەکانی داعش لە دژی کوردی ئێزیدی.

بە پێچەوانەی لێدوانی بەرپرسانی عێراقی، رووداو زانیاری باوەڕپێکراوی دەسـتکەوتووە کـە حکومەتی عێراق لە بەرزترین ئاسـتدا لە دژی پێشنیازەکەیە.

چـۆن ئـەو بڕیارە ڕێخۆشـکەر دەبێت بۆ گەیشتن بەو چوار ئامانجەی سەرەوە؟

## داهاتووی شەنگال و ناوچە دابڕاوەکان:

ئەگـەر ئـەو پێشـنیازە بـەو فۆرمـەی ئێسـتای پەسـەند بکرێـت (مـن دەقـی پێشـنیازەکەم نەبینیوە، بەڵام دیپلۆماتکاران خاڵە سـەرەکیەکانیان بۆ روونکردوومەتەوە)، تیمێکی لێکۆڵینەوە لـە نەتەوەیەکگرتووەکان بـە مەبەسـتی کۆکردنـەوەی بەڵگـە دێنـە شـەنگال و ئـەو ناوچانەی کە داعش تاوانی تێـدا ئەنجامـداون. ئەنجوومەنی ئاسـایش بۆ بەدواداچوون لە بەرێوەچوونی ئەو لێکۆڵینەوە دەبێـت لای کەمی سـێ تاوەکو شـەش مانگ جارێـک کۆببێتـەوە و سـکرتاریەتی گشـتی نەتەوەیەکگرتـووەکان دەبێـت راپۆرتی خۆی پێشـکەش بکات. ئـەم لێکۆڵینەوانەش درێژە دەکێشێت و لەوانەیە چەند ساڵێک بخایەنێ.

لەگەڵ تێپەڕینی کات، ئەگەرێکی زۆر هەیە کـە ئەو تیمـەی نەتەوەیەکگرتـووەکان ناچار بچنە کەرکووک و مووسڵ و ناوچەکانی دیکەی عێـراق. سروشـتی ئـەم جـۆرە لێکۆلینەوانە وایـە، بەڵگـە بەڵگە رادەکێشـێت و ئەو تیمە لێکۆڵینەوەیـە دەکرێـت بچنـە مووسـڵ و کەرکـووک و حەویجـە و ناوچەکانـی دیکەی کوردسـتان و عێـراق بـۆ ئەوەی: بـۆ نموونە بزانن داعش چی لەو کچە ڕفێنراوانە کردووە یـان بۆ ئـەوەی لێکۆڵینەوە لەسـەر گۆڕێکی بەکۆمەڵـی کوردانی ئێزیدی لە نزیک مووسـڵ بکەن.

ئەمـە وا دەکات کـە چاوی هەر پێنج وڵاتە زلهێزەکـە و نەتەوەیەکگرتووەکان راسـتەوخۆ لەسەر شەنگال و ناوچە دابڕاوەکان بێت.

لەم حاڵەتەشـدا، لە دوای شەڕی داعش، لە کاتی هەر هێرشـێکی هێزەکانی حەشدی شـەعبی یـان هـەر هێزێکی دیکـە لە دژی پێشـمەرگە، زەحمەتتـر دەبێـت بـۆ ئەو هێزانە کە کۆمەڵکوژیی ڕێکخراو و بە پلان ئەنجام بدەن.

هـەر وڵات و لایەنێـک چەندێـک بەهێـز بێـت، لە چاودێریی نێودەوڵەتی دەترسـێت. حکومەتی سـووریا و رووسـیا و ئێران پێنج ساڵ لە پێش کامێراکان بۆردومانی حەلەبیان کـرد، بـەڵام مـن لێـرە دەمبینی کـە چۆن بەرپرسـانی باڵای دیمەشـق و مۆسـکۆ خێرا دەهاتنە نەتەوەیەکگرتـووەکان بۆ رێگەگرتن لـە دەرچوونـی بڕیارێـک بۆ ناردنی سـەدان چاودێـری نەتەوەیەکگرتـووەکان بۆ حەلەب. یانیش ئێسـتا چۆن دەبینـم دیپلۆماتکارانی بەریتانیـا و ئەمریکا هەمـوو هەوڵێک دەدەن بۆئەوەی ئەنجوومەنی ئاسایشـی نێودەوڵەتی لەسـەر رەوشی مرۆیی مووسـڵ کۆنەبێتەوە. لەبەر هۆکاری سیاسی و یاسایی، وڵاتان ئەگەر ناچـار بن، ئامادەن لە پێش چاوی کامێراکان خەڵکـی مەدەنی بکوژن، بەڵام نەک لە پێش چـاوی چاودێرانـی نەتەوەیەکگرتـووەکان. بەتایبەتـی بۆ وڵاتێکی وەکـو عێراق کە زۆر پێویسـتی بەوەیە جیهان وەکو هێزێکی دژە-تیرۆر و باش بیناسن.

## قەرەبووی کوردی ئێزیدی:

لـە هـەر لێکۆڵینەوەیەکـی نێودەوڵەتـی دەربـارەی کۆمەڵکوژیـەک، زانیارییەکی زۆر کۆدەکرێتەوە نەک تەنها لەسـەر قوربانییان، بەڵکـو ئـەو وێرانکاریـەی کـە ئەنجامدراوە. ئەمـەش دەبێتـە ڕێکۆردێکـی نێودەوڵەتـی باوەڕپێکـراو بۆ ئـەوەی کوردانی ئێزیدی پێ قەرەبوو بکرێنەوە. جگە لەوەی لێکۆڵینەوەکە سەرنجی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی زیاتر بۆ ئەو ناوچانـە رادەکێشـێت و وا دەکات ڕێکخراوە خێرخوازیە نێودەوڵەتییەکان زیاتر یارمەتیدەر بن لە دووبارە بنیاتنانەوەی شەنگال و هەموو ئەو ناوچانەی داعش وێرانی کردوون.




## ئەنفال:

لێکۆڵینەوەکـە دەبێتـە یەکەمیـن لێکۆڵینـەوەی نێودەوڵەتـی لـە مێـژووی عێراقـدا کە دەربـارەی کۆمکوژییـەک ئەنجام بدرێـت. ئەمـەش پێشـینەیەکی سیاسـی گرنگە کە دەکرێت کاری زۆری لەسـەر بکرێت بـۆ فراوانترکردنـی ئـەو لێکۆڵینەوانـە. جگە لەوە لـە لایەنی یاسـاییەوە دوای تەواوبوونی لێکۆڵینەوەکە، بیانوویەکی سیاسی و یاسایی بەهێـز دەکەوێتـە دەسـت قوربانیانی داعش کـە داوای دادگاییەکـی نێودەوڵەتـی بکـەن. من دڵنیام تیمی یاسـایی باش بە پشـتگیری سیاسی پێویسـت لە داهاتوودا دەتوانێت ئەم لێکۆڵینەوەیـە وەکـو پێشـینەیەکی یاسـایی بەکاربێنێـت لـە دادگا نێودەوڵەتیەکانـدا بۆ دەسـتپێکردنی لێکۆڵینـەوەی نێودەوڵەتـی دەربـارەی کۆمەڵکوژییەکانـی ئەنفـال. ئەوە پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و زۆر زەحمەتە، بەڵام ئەم

# کۆشکی سپی چی لە گرێکوێرەی رەققە دەکات؟

رووداو– هەولێر

پلانی گرتنەوەی رەققە، بەهۆی مشتومڕی توندی نێوان بەرپرسانی ئەمریکییەوە کێشەی تێکەوتـووە. ئەو مشـتومڕە دەتوانـێ بڕیارە گرنگەکانی پەیوەندیدار بە ئۆپەراسیۆنی رەققە بۆ ماوەیەکی نادیار دوابخات. بەشی سەرەکیی مشتومڕەکەیش پەیوەندیی بە بەشداریی هێزە کوردییەکان و نیگەرانییەکانی ئەنقەرەوە هەیە.

رۆژنامـەی (وۆڵ سـتریت جورنـاڵ)ی ئەمریکـی لـە راپۆرتێکیـدا لەوبارەیـەوە دەڵێت، ئیدارەی کۆشـکی سپی سەبارەت بە سـتراتیژی کۆنترۆڵکردنەوەی رەققە تووشـی دووبەرەکـی بـوون، بەشـێک لە بەرپرسـانی ئەمریکی نایانەوێت لەم ئۆپەراسیۆنەدا تورکیا، هاوپەیمانی ئەمریکا لە ناتۆ، پشتگوێ بخرێت، لـە کاتێکـدا ئەنقـەرە دژی هاوکارییەکانـی ئەمریکایـە بۆ هێـزە کوردییەکانـی رۆژئاوای کوردستان.

بەگوێـرەی راپۆرتەکـەی (جورنـاڵ)ی ئەمریکـی، رەنگـە ئـەم ناکۆکییـە وابکات پەسـەندکردنی پلانی ئیدارەی نوێی ئەمریکا بـۆ دوای گشتپرسـییەکەی تورکیـا لـە 16ی نیسـانی داهاتـوو دوابخرێ کە دەنگ لەسـەر زیادکردنـی دەسـەڵاتەکانی سـەرۆک کۆماری تورکیا دەدرێت.

لـە کاتێکـدا لە کۆشـکی سـپی ناکۆکیی قووڵ لـە نێوان بەرپرسـانی ئەمریکیدا هەیە، لە مەیدانەکانی شـەڕ لە باکووری سـووریاش رەوشـەکە تاوەکوو دێـت ئاڵۆزتر دەبێت. ئەم ئاڵۆزییانە بە تایبەتی لە ناوچەکانی دەوروبەری منبـج بەرچـاو دەکـەون کـە لە چەنـد رۆژی رابردوودا بەشێکی لەلایەن هێزەکانی سووریای دیموکراتـەوە رادەسـتی سـوپای سـووریا و رووسـیا کرانـەوە. جگە لەوش لـەو ناوچانە هێزەکانی ئەمریکا و رووسیا لە یەک نزیکن.

تێکشـکاندنی داعـش و دەرکردنیـان لـە شـارەکان یەکێـک لـە ئەولەوییەتـە باڵاکانی دۆناڵـد ترەمپ، سـەرۆکی ئەمریکایـە تا ئەو رادەیەی ئامادەیە هێزەکانی ئەمریکا بنێرێتە مەیدانی شـەڕ، بەڵام کێشەی ئیدارەی ترەمپ لەوەدایـە کـە ئامانجەکانـی لەگـەڵ ئامانجی سـتراتیژی تورکیـا و هێـزە کوردییەکانـی رۆژئـاوادا یەکناگرێتـەوە. نـە تورکیا و نـە هێـزە کوردییـەکان تەنیا بـەوە رازی نابن کە داعـش لەو ناوچانـە دەربکـرێ، بەڵکو خاڵی یەکلاکـەرەوە بەلای ئەوانـەوە ئەوەیە کام هێز لەم ئۆپەراسیۆنەدا بەشدار دەبێ و ئاکامەکانی چی دەبن.

بۆیە یەکێک لە گرێکوێرەکانی پلانی ئیدارەی نـوێ بـۆ گرتنـەوەی رەققـە بریتییـە لەوەی ئەمریکا بە هاوکاریی کام هێز ئۆپەراسـیۆنەکە جێبەجـێ بـکات. بەپێـی راپۆرتـی رۆژنامە ئەمریکییەکـە، ژمارەیـەک لـە بەرپرسـانی ئەمریکـی سـوورن لەسـەر ئـەوەی واشـنتن دەبێـت بـە هاوپەیمانێتی خـۆی لەگەڵ هێزە کوردییەکانـی رۆژئـاوادا بچێتـەوە. ژمارەیەک لە بەرپرسـانی دیکەش نیگەرانن لەوەی ئەگەر هاوکاریی هێزە کوردییەکان بکرێ، ئەوە رەنگە دوای تەواوبوونـی پلانەکە، ئیدارەی ناوچەکان بدرێتەوە بەو ئەنجوومەنانەی کە لە حکومەتی سووریا و رووسیاوە نزیکن.

بەرپرسـێکی سـەربازیی ئەمریکـی بـە رۆژنامـە ئەمریکییەکەی راگەیاندووە "ئێسـتا بەهیچ شـێوەیەک لـە رێککەوتن یـان دانانی پلان نزیک نین. هەموو شـتەکان کەوتوونەتە دەسـت کۆشـکی سـپی". حکومەتـی تورکیا چاوەڕێی بڕیاری کۆتایی کۆشکی سپی دەکات، بـەڵام وەک بینالـی یڵـدرم، سـەرۆکوەزیرانی تورکیـا رایگەیاندووە، ئەگـەر ئەمریکا بڕیاری هاوکاریکردنـی هێـزە کوردییەکانـی رۆژئـاوا بدات، ئەوە پەیوەندییەکانی واشنتن و ئەنقەرە کێشەیان تێدەکەوێت.

بەگوێـرەی راپۆرتێکی (واشـنتن پۆسـت)ی ئەمریکـی، بەرپرسـانی تورکیا و ئۆفیسـی سـەرۆکایەتی کۆمـاری تورکیـا سـەرکەوتنی ترەمپ وەکوو دەرفەتێک بۆ دروسـتکردنەوەی پەیوەندییەکانـی ئەمریـکا و تورکیـا دەبینن. بۆیـە ئیبراهیـم کالین، گوتەبێـژ و راوێژکاری باڵای رەجەب تەیب ئەردۆغان (سەرۆککۆماری تورکیا)، بە رۆژنامە ئەمریکییەکەی راگەیاندووە "تورکیا پێیوایە لە ئیدارەی ترەمپدا کەسانێک هەن بایەخ بە نیگەرانییەکانی تورکیا دەدەن و بیر لە ئەڵتەرناتیف دەکەنەوە".

بەرپرسـێکی باڵای دیکەی کۆشـکی سپی بـە (جورناڵ)ی راگەیانـدووە "رەنگە چەندین هەفتـەی بوێـت هەتا ترەمپ بڕیـاری کۆتایی لەسـەر پلانەکـە دەدات"، بـە گوتـەی ئـەو بەرپرسـە، پلانـی گرتنـەوەی رەققـە "دەبێ لەگەڵ پلانێکـی گەورەتـردا یەکبخرێتەوە کە پلانی شەڕی دژی داعشە لە عێراق و سووریا.

هەر بۆیە بەرپرسـانی واشـنتن لە هەوڵدان بۆ ئەوەی بزانـن چۆن پلانـی کۆنترۆڵکردنەوەی رەققە لەگەڵ سـتراتیژە گشـتییەکەی شەڕی دژی داعشدا هاوئاهەنگ بکەنەوە".

بەرپرسـە ئەمریکییەکـە کە نەیویسـتووە ناوی ئاشکرا بکرێت، نەیشاردووەتەوە "پرسی گرووپە کوردییەکان یەکێک لەو کێشـانەیە کە دەبێ یەکلایی بکرێتەوە".

کۆتایـی مانگـی پێشـوو، جیـم ماتیـس، وەزیری بەرگریی ئەمریکا، پلانی نوێی شـەڕی دژی داعشـی رادەستی سەرۆکی ئەمریکا کرد.

پێنتاگـۆن چاوەڕێی دەکـرد ترەمپ وەڵامێکی خێـرای ئـەو پلانـە بداتـەوە، بـەڵام دۆخـی نێوخۆیی کۆشکی سپی شتێکی دیکە دەڵێت.

بەپێـی ئـەوەی بەرپرسـانی ئەمریکـی ئاشـکرایان کردووە، پلانەکە زۆر لە پلانەکەی ئیدارەی پێشـووی ئەمریـکاوە نزیکە کە تێیدا هێزەکانـی سـووریای دیموکـرات هـەم رۆڵی سەرەکی دەگێڕن و هەم بڕێکی بەرچاو چەک و تەقەمەنی لە وڵاتانی رۆژئاوا وەردەگرن.

دیپلۆماتێکـی پایەبـەرزی ئەورووپیـش کە ئەندامـی هاوپەیمانێتـی وڵاتانـی دۆسـتی سـووریایە، ئامـاژەی بـەوە داوە کـە "ئامانج گرتنـەوەی خێـرای رەققەیـە، بـەڵام ئێمـە چاوەڕێـی ئەمریکا دەکەین بۆ ئـەوەی بەپێی پلانێک دەست بە کارەکە بکات".

بەگوێـرەی راپۆرتەکەی (جورناڵ)، یەکێک لە لایەنەکان لایەنگری پڕچەککردنی راستەخۆی هێـزە کوردییەکانە، لایەنێکی دیکەش پێیوایە دەبێ نیگەرانییەکانی رەجەب تەیب ئەردۆغان، سـەرۆککۆماری تورکیـا، لەبەرچـاو بگیرێن. بەشـێک لـە بەرپرسـانیش پێیانوایـە دوای تەواوبوونـی ئۆپەراسـیۆنی رەققـە، ئەمریـکا دەتوانێ بە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ هێزە کوردییەکاندا بچێتەوە.

بـەڵام وەکـوو بەرپرسـانی پێنتاگـۆن گوتوویانـە، پچڕاندنـی پەیوەندییـەکان لەگـەڵ یەپەگە کارێکی ئاسـان نییـە، لەبەر ئـەوەی ئەمریـکا سـەدان هێـزی تایبەتی بۆ پێشکەشـکردنی مەشـق و راوێـژ بـە هێـزە کوردییـەکان رەوانەی سـووریا کردووە. جگە لەمە دۆزینەوەی هێزێکی پیادەی ئەڵتەرناتیف بـۆ هێزەکانی یەپەگە و هەسـەدە بـەردەوام شکسـتی هێناوە. بەرپرسـانی ئەمریکیش بە چـاوی گومانەوە لـە بەڵێنەکانـی تورکیا بۆ ناردنی هێزی عەرەبی سوننە بۆ ئۆپەراسیۆنی رەققـە دەڕوانـن، بـە تایبەتیش لـە کاتێکدا ئیدارەی ترەمپ دەیەوێ هەرچی زووترە شاری رەققە لە چەکدارانی داعش پاک بکاتەوە.




## دوو سەر لە مەنجەڵێکدا ناکوڵێن

خراپترین ئەڵتەرناتیف کە بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی رەققە بیری لێبکرێتەوە. بەشدارکردنی هاوبەشـی هێزە کوردییەکان و هێزەکانی نزیک لە تورکیایە. چونکە دەکرێ دوژمنایەتیی نێـوان ئەو دوو هێزە. شکسـت بە ئۆپەراسـیۆنەکە بهێنێ. لەو حاڵەتـەدا بۆ ڕێگری لە پێکدادانی ئەو دوو هێزە. پێویسـتە ئەمریکا هێزی خـۆی رەوانەی ناوچەکە بکات. وەکوو چۆن ژمارەیەک سـەربازی رەوانەی منبج کردووە بۆ ئەوەی نەهێڵـێ هێزەکانی تورکیا و هێزە کوردییەکان تووشی پێکداادان ببن.

# بۆ کورد



پێشینە یاسایە یارمەتیدەر دەبێت.

## حکومەتی هەرێم چی بکات؟

دیبلۆماسیەت تەنها خوێندنەوەی لیستی داواکاری نییە لە کۆبوونەوە داخراوەکان یانیش زۆر جار تەنها دەربارەی دروستکردنی پەیوەندی و وتار خوێندنەوە نییە، بەڵکو باشترین دیپلۆماتکار دەگاتە ئەو ئامانجەی کە دەیەوێت بێ ئەوەی نیەتی وڵاتەکەی بۆ بەرامبەرەکەی ئاشکرا بکات. دیپلۆماتکارێکی بە ئەزموون بە منی گوت "باشترین دیپلۆماتکار ئەوەیە کە ئاگای لە نیەتی ڕاستەقینەی حکومەتەکەی نەبێت".

حکومەتی عێراقی لە دژی ئەو پێشنیازەی بەریتانیایە، بەڵام لە هەموو کۆبوونەوەکاندا بە نوێنەرانی وڵاتان دەڵێن ئێمە کێشەمان لەگەڵی نییە و دەستیان کردووە بە دانوستاندن. بەغدا ناتوانێت لە گەرمەی شەڕ لە دژی داعش وا دەربکەوێت کە بەتەواوی لە دژی لێکۆڵینەوەن دەربارەی تاوانەکانی داعش. هیچ وڵاتێک پشتگیری ئەو هەڵوێستە ناکات.

لە جیاتی ئەوە بەغدا خاوە خاو دەکات. ئەوە شەش مانگە بەریتانیا چاوەڕێی نامەیەک دەکات لە عێراقەوە بۆ ئەوەی ئەنجومەنی ئاسایش دەنگ لەسەر ئەو پێشنیازە بدات. باڵیۆزی عێراق لە نەتەوەیەکگرتووەکان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە "بڕیاری ناردنی ئەو نامەیە لای سەرۆک وەزیرانە".

نازانم بەغدا تا چ ڕادەیەک جدییە لە شکستهێنان بەو پێشنیازەی بەریتانیا، بەڵام ئەگەر حکومەتی هەرێم هەر ئاوا بێ ئاگا بێت لەم بابەتە و ساحەی دیبلۆماسی بۆ بەغدا بە چۆڵی بهێڵێتەوە، ئەوە ئەوان دەتوانن زۆر شت بکەن.

ئەگەر بەغدا ڕازیش بێت لەسەر ناردنی نامەکە و ئەنجومەنی ئاسایش کات دیارییکات بۆ دەنگدان لەسەر پێشنیازەکەی بەریتانیا، ئەوە ئەو کات عێراق دەتوانێ بە نهێنی ڕێکبکەوێت لەگەڵ وڵاتانی ئەندام لە ئەنجومەنی ئاسایش بۆ ئەوەی ڤیتۆی پرۆژە بڕیارەکە بکەن. یانیش عێراق دەتوانێت لەگەڵ بەریتانیا دانوستاندن بکات و وردەکاری پرۆژە بڕیارەکە بەشێوەیەک دابڕێژێت کە زۆر گشتی بێت و دەربارەی هەموو تاوانەکانی داعش بێت لە عێراق (کە من زانیاریم هەیە نووسینگەی سەرۆک وەزیران ئەوەی پێشنیاز کردووە).

یانیش ئەگەر پرۆژە بڕیارەکەش بەو سیخەیەی ئێستای دەرچوو، ئەو کات عێراق دەتوانێت لە ڕێگەی پەیوەندیەکانی وا بکات سکرتاریەتی نەتەوەیەکگرتووەکان تەگەرە بخاتە پێش جێبەجێکردنی بڕیارەکە. کە من لەو باوەڕە نیم بەغدا ئەوەندە بە هەژموون بێت بەڵام دەکرێت هەوڵ بدەن.

دەتوانم دەیان تەکتیک و جووڵەی دیبلۆماسی دیکەش بژمێرم کە عێراق لەوانەیە بیانگرێتە بەر. لەبەر ئەوە گرنگە کە لەم پرۆسەیە حکومەتی هەرێم هەنگاو بە هەنگاو ئاگادار بێت لە هەموو وردەکارییەکان و هەڵوێستی هەبێت. پێویستە بە پەلە تیمێکی تایبەتی دیبلۆماسی بۆ پشتگیری لە پێشنیازەکەی بەریتانیا دابنرێت.

ڕاستە حکومەتی هەرێم دەوڵەت نییە و ئەندام نییە لە نەتەوەیەکگرتووەکان، بەڵام ئەمە ڕێگر نییە لە لۆبیکردن بۆ ئەو پێشنیازەی بەریتانیا. ئەمە ڕێگری ناکات لەوەی لەگەڵ دیپلۆماتکارانی ڕووسیا و ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسا و چین دانیشن و باسی ئەوەیان بۆ بکەن کە لە بەرامبەر پشتگیری لەو پێشنیازە هەولێر ئامادەیە چییان بۆ بکات.

*** مەجید نیزامەدین گلی: بەرپرسی نووسینگەی نیویۆرک و نێردراوی تۆڕی میدیایی ڕووداوە لە نەتەوەیەکگرتووەکان. هەڵگری بڕوانامەی ماجستێرە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی نیویۆرک.**

# میلیشیا شیعەکان حەلەب لەدەستی سوپای سووریا دەردێنن

ڕووداو- هەولێر

لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا هێزەکانی لایەنگری حکومەتی سووریا توانییان کۆمەڵێک ناوچەی گرنگ لە چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆن وەربگرنەوە کە گرنگترینیان ڕۆژهەڵاتی حەلەب بوو. ئەمەش پێگەی حکومەتی سووریای لە دانوستاندنەکانی چارەسەری قەیرانی سووریادا بەهێزتر کرد، بەڵام هەر ئەو هێزانە، ئێستا بوونەتە مەترسی لەسەر دەسەڵاتی سوپاکەی ئەسەد لەو ناوچانەدا.

دوای پێنج ساڵ و چوار مانگ، دواجار شەڕی حەلەب لە دوا ڕۆژەکانی ساڵی ڕابردوودا بە قازانجی هێزەکانی لایەنگری ڕژێمی سووریا یەکلایی بووەوە. لەو شەڕەدا میلیشیا شیعەکانی سەر بە ئێران لە پاڵ هێرشە ئاسمانییەکانی ڕووسیا ڕۆڵێکی باڵایان هەبوو لە گرتنەوەی بەشە وێرانبووەکەی ڕۆژهەڵاتی حەلەب. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی گۆڤاری (دێر شپیگل)ی ئەڵمانی، ئێستا ئەو میلیشیایانە دەستیان بە تاڵانکاری و کوشتنی خەڵکی شارەکە کردووە و هێزەکانی حکومەتیش هیچیان پێناکرێ.

لە ڕاپۆرتی گۆڤارە ئەڵمانییەکەدا قسە لەگەڵ ژمارەیەک لە دانیشتووانی ڕۆژهەڵاتی حەلەب کراوە، هەمووشیان ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە میلیشیا شیعەکان چیدی لە ژێر کۆنترۆڵی دیمەشقدا نەماون.

یەکێک لەو دەیان کەسەی لە ڕاپۆرتەکەدا قسەی لەگەڵ کراوە، پیاوێکی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی حەلەبە کە پێشتر وەستای چاککردنەوەی مۆتۆرسیکلێت بووە، بەڵام بەهۆی شەڕەوە ئەو ناوچەیەی جێهێشتبوو. لەگەڵ یەکلابوونەوەی شەڕەکە، دەگەڕێتەوە ناوچەکەی خۆی، بەڵام دەبینێ هاتنەوەکەی درەنگ کەوتووە و میلیشیا شیعەکان قوفڵی دوکانەکەیان شکاندووە و خەریکی تاڵانکردنی دوکانەکەی ئەون. بۆیە هیچی لەدەست نەدەهات جگە لەوەی شوێنەکە جێبهێڵێت، چونکە دوو لە میلیشیاکان چەکیان لەسەر سەری ڕاگرتبوو.

تاڵانکاری و کوشتن چیرۆکێکی باوی ئێستای ڕۆژهەڵاتی حەلەبە. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە زۆربەی ئەو چیرۆکانە بە نهێنی و بە ترس و لەرزەوە گێڕدراونەتەوە، چونکە لە هەر ساتەوەختێکدا ئەگەری دەرکەوتنی یەکێک لە ئەندامانی میلیشیای "بازی بیابان" هەیە کە یەکێکە لە دوو میلیشیا گەورەکەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەسەد.

بەپێی ڕاپۆرتەکەی (دێر شپیگل)، دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی حەلەب و ناوچە تازە کۆنترۆڵکراوەکانی سووریا دەریدەخات کە گرتنەوەی ئەو ناوچانە بۆ ئەسەد بەبێ باج نەبووە، لەبەر ئەوەی دەسەڵاتداری ڕاستەقینەی ئەو ناوچانە میلیشیاکانن نەک هێزەکانی سوپای سووریا.

سوپای سووریا لە ساڵی 2012ەوە بەرەو لاوازی چوو، لەبەر ئەوەی هەزاران سەربازی سووری ڕایانکرد و خەڵک چیدی ئامادە نەبوون خۆیان لە سوپادا ناونووس بکەن، هەزارانی دیکەش لە شەڕی نێوخۆیی سووریادا کوژران. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، سوپای سووریا لە ساڵی 2015دا تەنیا 6000 سەربازی هەبووە.

ئەم بارودۆخە حکومەتی سووریای ناچار کرد پەنا بۆ گرووپە چەکدارییەکان بەرێت و ڕێگەیان پێبدات لەلای خۆیانەوە گرووپی میلیشیایی دامەزرێنن. لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا ئەندام و سەرکردەکانی ئەم میلیشیایانە پێشتر لە باندی قاچاخ و تاواندا کاریان کردبوو. ئەم ڕێککەوتنە ژمارەیەکی زۆر چەکداری بۆ ئەسەد کۆکردەوە، ڕێگەشی بۆ سەرکردەی ئەو گرووپانە خۆشکرد بە ئاسانی خەریکی قاچاخچێتی بن. دوو گەورەترین میلیشیای لەو جۆرە بازەکانی بیابان و هێزەکانی پڵنگن. بارەگای سەرەکیی بازەکانی بیابان لە لازقییە لە باکووری سووریایە. ئەوەی دووەمیشیان لە ناوچەکانی دەوروبەری حەمان. هەرکام لەم دوو گرووپە نزیکەی شەش هەزار چەکداریان هەیە. جگە لەم دوو هێزەش سەدان گرووپی بچووکی میلیشیایی دیکەی لایەنگری ئەسەد هەن.

جگە لە چاودێریی ڕەوشی ئەمنیی ناوچەکان و شەڕی دژی گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆن، ئەرکی دابەشکردنی نان، گازوایل و دەرمانیش بەم گرووپانە سپێردراوە. ئەوان بەوهۆیەوە پارەیەکی زۆریان دەستدەکەوێت، لە هەمانکاتدا دەتوانن ژمارەیەکی زیاتر لە خەڵکی ناوچەکە بۆ لای خۆیان ڕابکێشن.

ڕاپۆرتی گۆڤارە ئەڵمانییەکە ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە ئەو کەسانەی ئامادەنین بچنە ڕیزەکانی سوپای سووریاوە، بە ئاسانی ڕوو لەو میلیشیایانە دەکەن، لەبەر ئەوەی هەم مووچەیان زیاترە و هەمیش ڕێگەی دیکەی پارە پەیداکردنیان هەیە، وەکوو قاچاخی مادە هۆشبەرەکان و وەرگرتنی باج لە خەڵک.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، کێشە تەنیا ئەوە نییە ئەسەد پێویستی بە یارمەتیی ئەم گرووپانە هەیە، بەڵکو ئەگەر پێویستیشی پێیان نەبێ، هیچی لەگەڵیان پێناکرێ، لەبەر ئەوەی هەم سامان و هەم دەسەڵاتێکی زۆریان لە ناوچەکەدا هەیە. لە سەرەتای مانگی شوباتی ئەمساڵ، لە ڕۆژهەڵاتی حەلەب کێشەی کەمیی دەرمان دروستبوو، کاتێکیش دەرمان ڕەوانەی ناوچەکان کرا، میلیشیاکانی سەر بە عەلی شیلی کە لەگەڵ تەڵاڵ دەکاک بەرپرسی میلیشیای "هێزەکانی پڵنگ"ن، دەستیان بەسەردا گرت بۆ ئەوەی دواتر بە قازانج بیفرۆشنەوە. جگە لەمە میلیشیاکانی شیلی هیچ کێشەیان نییە ئەگەر بازرگانیی چەک لەگەڵ گرووپە چەکدارەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریادا بکەن.

خەڵکانی ناوچەکە بۆ گۆڤارە ئەڵمانییەکەیان ئاشکرا کردووە کە چەکدارانی سەر بەم میلیشیایانە ڕۆژانە ماڵ و حاڵی خەڵک تاڵان دەکەن، خەڵک دەرفێنن و بۆ دەستکەوتنی پارە کێشەیان نییە ئەگەر خەڵکی ناوچەکەش ئەشکەنجە بدەن. نموونەی ئەمەش لە گوندێکی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەسەد بەسەر خێزانی پزیشکێکدا هاتووە. هاوژینی پزیشکەکە دەڵێت میلیشیاکان خۆیان کردووە بە ماڵەکەیاندا و ژنەکەیان بە دارێکەوە بەستووەتەوە و هێندەیان ئەشکەنجەداوە هەتا ناچار بووە شوێنی شاردنەوەی پارەی هاوژینەکەی ئاشکرا بکات. بە گوتەی پزیشکەکە، زۆربەی ڕفاندن و تاڵانییەکان لەسەر دەستی میلیشیاکانی تەڵاڵ دەکاک دەکرێن، بەڵام کاری قاچاخ هی چەکدارەکانی سەر بە عەلی شیلییە.

ئەو خەڵکەی قسەیان بۆ گۆڤارە ئەڵمانییەکە کردووە، دەڵێن میلیشیاکان لەسەر جادە خەڵک دەڕووتێننەوە، دەست بەسەر ئۆتۆمبێل و پارەکانیاندا دەگرن و باج لە جووتیارەکان وەردەگرن. بۆیەش لە ژمارەیەک گوند هێزی لۆکاڵی پێکهێنراوە بۆ ئەوەی بەرەنگاری دەستدرێژییەکانی ئەو میلیشیایانە ببنەوە.

ئەگەر بازرگانەکانی جەنگ لەوەی ئێستا بەهێزتر بن، دیار نییە دەسەڵاتی بەشار ئەسەد لە داهاتوودا هەتا کوێ بڕ دەکات. لە کاتێکدا کاندیدەکانی نزیک لەم میلیشیایانە لە دوایین هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا سەرکەوتنی گەورەیان بەدەستهێنا، بەمەش نەک هەر لە مەیدانە سەربازی و داراییەکە، بەڵکو لە مەیدانی سیاسیشدا بوونەتە خاوەنی دەسەڵات.

# ئەمریکا بۆ جڵەوکردنی ئێران پێویستی بە ئەوروپایە

ڕووداو- هەولێر

چارەنووسی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران یەکێک لە پرسە سەرەکییەکانی کەمپینی هەڵبژاردنی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا بوو. ئەوکات پرسیارە سەرەکییەکە ئەوە بوو ئایا ترەمپ ڕێککەوتنەکە هەڵدەوەشێنێتەوە یان نا. بەڵام مایکڵ سینگ، بەڕێوەبەری بەشی توێژینەوەکانی پەیمانگای واشنتن، پێیوایە کۆشکی سپی هەڵەیەکی گەورە دەکات ئەگەر هەموو تەرکیزی خۆی لەسەر ئەم پرسە چڕ بکاتەوە. بۆیە کۆمەڵێک پێشنیار بۆ ئیدارەی نوێ دەخاتەڕوو.

## خاڵە سەرەکییەکان:

بەبۆچوونی سینگ ئیدارەی نوێی ئەمریکا بەر لە هەموو شتێک دەبێ کۆمەڵێک ئامانج دیاری بکات و ڕێڕەوێکی ستراتیژیش دابنێ بۆ ئەوەی ئەم ئامانجانە وەدی بهێنێت. لە نێوان هەموو ئامانجەکانی ئەمریکاشدا سێیان بەتایبەتی گرنگن:

**یەکەم:** ڕێگری لەوەی ئێران دەستی بە چەکی ئەتۆمی بگات، یان نەتوانێ توانای خۆی بۆ ئەو مەبەستە پەرە پێبدات.

**دووەم:** بەرەنگاربوونەوەی هەوڵەکانی ئێران لە ناوچەکەدا کە دەیەوێ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کێشە بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دروست بکات.

**سێیەم:** ڕێگری لە پشتگیرییەکانی تاران بۆ گرووپە تیرۆریستییەکان وهێرشە سایبرییەکان.

## ئێرانی ئێستا و ئێرانی 2009

سینگ پێیوایە بەرلەوەی باس لە پێشنیازەکان بۆ ئیدارەی نوێ بکرێ، پێویستە جیاوازییەکانی ئێرانی ئێستا لەگەڵ ئێرانی 2009 (ساڵی دەستبەکاربوونی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا) بخرێنە بەرچاو. یەکەم خاڵی جیاوازییش پەیوەندی بە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی حوزەیرانی 2015 و بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە بەگشتی هەیە.

بەڕای سینگ ئێرانی ئێستا نەک هەر ڕێککەوتننامەکەی ڤیەننای بەدەستەوەیە، بەڵکو "بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێستای ئێران گەورەترە لەوەی 2009". جگە لەمە ئێران لە چوارچێوەی ڕێککەوتنەدا "درێژە بە توێژینەوە و پەرەپێدانی ئەتۆمی دەدات و پرۆگرامی بەرهەمهێنانی سیستەمی مووشەکییەکەی بەرەوپێش دەبات". جگە لەوە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە، ئێران و ئەوروپای زۆر لێکدی نزیک کردووەتەوە، بە جۆرێک ئەوروپییەکان ئامادە نین ڕێککەوتنەکە هەڵوەشێننەوە.

وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست (واتە ئیسرائیل، تورکیا و وڵاتانی عەرەبی سوننەی ناوچەکە) هەڵوێستێکی جیاواز لەوەی ئەوروپییەکانیان هەیە. بەپێی گوتارەکەی سینگ ئەو وڵاتانە "نایانەوێ ڕێککەوتنەکە هەڵبوەشێتەوە، چونکە نیگەرانن لەوەی ئەڵتەرناتیڤەکەی لەوەی ئێستا خراپتر بێت"، بەڵام هەموویان خوازیاری ئەوەن واشنتن دەورێکی باڵاتر بگێڕێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەوڵەکانی ئێران لە ناوچەکەدا کە بەربەستی گەورەی بۆ ئەو وڵاتانە لە عێراق، یەمەن، سووریا و لوبنان دروستکردووە.

خاڵی جیاوازیی دیکە لە نێوان ئەو دوو ئێرانەدا بۆ جموجۆڵەکانی ئێران لە ناوچەکەدا دەگەڕێتەوە کە بە بۆچوونی توێژەرە ئەمریکییەکە "لە ماوەی هەشت ساڵی ڕابردوودا بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە". بۆ نموونە حیزبوڵڵا پێی خۆی لە لوبنان قایمتر کردووە"، میلیشیاکانی سەر بە ئێران بەهێزترین گرووپی چەکدارین لە جەنگی نێوخۆیی سووریادا". میلیشیا شیعیە عێراقییەکانی سەر بە ئێرانیش "ڕۆڵێکی سەرەکییان لە جەنگی دژی داعشدا بینیوە، بە جۆرێک نەک هەر حکومەت وەک هێزێکی فەرمی دانی پێداناون، بەڵکو حکومەتی ئەمریکاش (بە پێچەوانەی خواستی خۆی) قبووڵی کردوون". جگە لەمانەش چەکدارانی حووسی لە یەمەن (کە ئێران پشتگیرییان دەکات) توانیویانە بەرپەرچی هەوڵەکانی ئیمارات و سعودیە بدەنەوە بۆ گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی حکومەتی یەمەن. هەموو ئەوانەش بەو مانایەیە ئێرانی ئێستا لەچاو ئێرانی هەشت ساڵ لەمەوبەر دەستێکی باڵاتری لە دەستنیشانکردنی گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەیە.

## ڕێککەوتنێکی پڕ لە هەڵە

سینگ پێیوایە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی نێوان ئێران و گرووپی 5+1 "ڕێککەوتنێکی پڕ لە هەڵەیە، لەبەر ئەوەی ڕێگە بە زۆر چالاکیی ئەتۆمی ئێران دەدات، ئاماژە بە بەرنامەی سیستەمی مووشەکیی ئێران ناکات و ڕێوشوێنی پێویستی تێدا نییە بۆ ئەوەی ئێران نەتوانێ کار لەسەر چەکی ئەتۆمی بکات".

بەڵام بەبڕوای سینگ هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنەکە چارەسەری کێشەکان ناکات، بۆیەش لەبری هەڵوەشاندنەوەی دەبێ "ئێران تێبگەیەنرێت کە مەرجی مانەوەی ڕێککەوتنەکە دانانی ڕێوشوێنی سەختە بۆ جێبەجێکردنی". ڕاپۆرتەکە جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە کە ئێران ئەگەر بیەوێ ڕێککەوتنەکە پێشێل بکات بە نهێنی دەیکات. بۆیە بۆ ڕێگری لەوە ئەو هەنگاوانەی خوارەوە پێویستن:

**یەکەم:** پەرەپێدانی شەفافیەت: پێویستە ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی ڕاپۆرتی چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران بە وردەکارییەکی زیاترەوە بخاتەڕوو.

**دووەم:** ئاڵوگۆڕی زانیاریی هەواڵگری: سەرچاوەی دارایی و تەکنیکی پێویست بۆ چاودێریکردنی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران دابین بکرێت، میکانیزمی ئاڵوگۆڕی زانیاری لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپی، ئاسیایی و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دابنرێ.

**سێیەم:** پشکنین و مسداقیەت: لەلایەکەوە ئێران ناچار بکرێت هەموو بەشەکانی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی بەڕوونی بخاتەڕوو، لەلایەکی دیکەشەوە گوشار لە ئاژانسی وزە بکرێ هەموو دەسەڵاتی خۆی بۆ پشکنین بەکاربهێنێ.

**چوارەم:** سزاکان و دانانی ڕێوشوێن بۆ سەپاندنەوەی سزاکان: ئەمریکا بەرپرسیارێتی خۆی لە ئاست پاراستنی ڕێککەوتنەکە زۆر نەکات، ئەمریکا وڵاتانی 5+1 تێبگەیەنێ کە ئەرکی ئەوان تەنیا جێبەجێکردنی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە نییە، بەڵکو دەبێ بڕیارنامەی 2231ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانیش جێبەجێ بکەن کە تایبەتە بە قەدەغەکردنی سیستەمی مووشەکیی ئێران، وڵاتانی ئەوروپی ناچار بکرێن کۆمەڵێک سزا پەسەند بکەن کە ئەگەر ئێران ڕێککەوتنەکەی پێشێل کرد ئەوە ئەوانیش وێڕای ئەمریکا سزاکان بەسەر ئێراندا دەسەپێننەوە، ئێران دڵنیا بکرێتەوە کە بژارەی سەربازیی تاوەکوو ئێستاش لەسەر مێز ماوە، بۆ ئەمەش هەماهەنگی لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپی پێویستە.

## بەرەنگاربوونەوەی جموجۆڵەکانی ئێران

وڵاتانی ناوچەکە، بەپێچەوانەی ئەمریکا، وای نابینن کە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران تاکە مەترسیی ئێران بێت، بەڵکو جموجۆڵ و فراوانبوونەوەی پانتایی دەسەڵات و نفووزی ئێران لە ناوچەکەدا مەترسیی سەرەکی ئێرانە لەسەر وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. بەبۆچوونی مایکڵ سینگ، بۆ ڕەواندنەوەی ئەو نیگەرانییە لەسەر وڵاتانی هاوپەیمانی ئەمریکا لە ناوچەکە ئەم هەنگاوانەی خوارەوە پێویستن:

**یەکەم- سووریا:** پێویستە جیاوازیی هەڵوێستی نێوان ڕووسیا و ئێران تۆختر بکرێتەوە، بۆ ئەمەش دەبێ فۆکەس بخرێتە سەر دەستلەکارکێشانەوەی ئەسەد کە ڕەنگە دواجار ڕووسیا قەبووڵی بکات، بەڵام ئێران ئەستەمە پێی ڕازی بێت، دەبێ ئەمریکا کشانەوەی هێزەکانی ئێران لە سووریا بکاتە مەرجێک بۆ هاوکاریی نێوان واشنتن و مۆسکۆ لە قەیرانی سووریا و پێویستە شەڕی دژی گرووپە توندڕەوە ئایینییەکانیش تەنیا لەسەر گرووپە سوننەکان چڕنەکرێتەوە، بەڵکو گرووپی وەکوو حیزبوڵڵاش بکرێتە ئامانج کە خۆی لەلایەن ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بە گرووپێکی تیرۆریستی دادەنرێ.

**دووەم- عێراق:** ماوەی وجودی هاوپەیمانان لە عێراق بۆ دوو ساڵی دیکەش درێژ بکرێتەوە، هاوکارییە داراییەکان بۆ پێگەیاندنی هێزە ئەمنییەکانی عێراق زیاتر بکرێن، هانی بەغدا بدرێت ڕێگە نەدات ئێران بەو ڕادەیەی ئێستا دەست لە کاروبارەیان وەربدات، پێویستە هانی وڵاتانی ناوچەکە بدرێت بەشێوەیەکی چالاکتر و بەرفراوانتر بەشداری لە عێراقدا بکەن.

**سێیەم - بەرەنگاربوونەوەی گرووپە چەکدارییەکانی سەر بە ئێران:** بۆ ئەمە دەبێ لەگەڵ ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبیی ناوچەکە هەماهەنگی بکرێت بۆ ئەوەی ڕێگە لە فراوانبوونەوەی مەیدانی چالاکییەکانی ئەم گرووپانە بگیرێ و لەڕێی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەربەست بۆ ئێران دابنرێ بۆ ئەوەی نەتوانێ چەک و تەقەمەنی و ڕاوێژکار بۆ حیزبوڵڵا، حووسییەکان و میلیشیا شیعەکانی سووریا ڕەوانە بکات و ئێرانیش ئاگادار بکرێتەوە کە هەر چەشنە جموجۆڵێکی لەدژی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، کاردانەوەی توندی بەدوادا دێت.





عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# شەنگال وەک قوربانیی جوگرافیاکەی

وەک سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژەی بۆ دەکەن، بە درێژایی سەدەکانی رابردوو ئێزدییەکان 73 جاری دیکە کەوتوونەتە بەر (فەرمانی کوشتوبڕکردن). ئەگەر هۆکاری هەموو ئەو فەرمانانەی دیکە کە ئێزدیی تێدا بوونەتە قوربانی، ئاینی و نەتەوەیی بووبێت، ئەمجارە واتا فەرمانی 74، ئەوەی داعش کردی، شانبەشانی هۆکارە ئاینی و نەتەوەییەکان، شەنگال قوربانیی جوگرافیاش بوو. واتا هەڵکەوتەی جوگرافیایی شەنگال یەکێکی دیکە لەو هۆکارانە بوو کە وای کرد بکەوێتە بەردەم کۆمەڵکوژیی خەلافەتەکەی ئەبووبەکر بەغدادی.

رەنگە بۆ دەیان ساڵی داهاتوو بەڵگە و دۆکیۆمێنت و لە ئەنجامی توێژینەوەی ورد و زانستی، نهێنیگەلی زۆر لەبارەی چۆنیەتی دروستکردن و سەرهەڵدانی داعش و ئاراستەکردنیان دەربکەون. ئامانجە شاراوەکانی هاتنیان بۆ ئەم ناوچەیە، هۆکاری درێژەکێشانی تەمەنیان و مانەوەیان بۆ ماوەی سێ ساڵ، سەرچاوەی دارایی و چەک و مەشق و توانا سەربازییەکانیان کێ بوون؟ ئەگەر لە ئێستاشدا ئەمانە شاراوەو نەزانراو بن، بەڵام زۆر هۆکاری دیکە هەن مرۆ دەتوانێ بەهۆیانەوە سەرنجی زیاتر بدا و گومانی زۆرتری لادروست بێت و لانیکەم بتوانێت بڕیار بدات لەوەی دەستی زۆر لایەن کەوتووەتە ناو داعش و هەر لایەنەو دەیەوێ بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆی ئاراستەیان بکات.

سەرنج بدەینە سەرەتای هاتنی داعش، لەیەکەم بستە خاکی عێراقەوە تا ئەو شوێنانەی خۆیان ئیتر راوەستان و نەچوونە پێش، پرسیاری زۆر سادە ئەوەیە ئەی بۆ راوەستان؟ چما ئەوان بۆ ئەوە نەهاتبوون خەلافەت رابگەیەنن؟ بۆچی لەو شوێنانە زیاتر نەڕۆیشتن لە کاتێکدا هیچ بەرگرییەکیش نەبوو؟ بۆ نەچوونە سامەڕا و ئامرلی؟ ئەی بۆ روویان کردە گەرمەسێر و تا سەعدیە و جەلەولا رۆیشتن؟ بۆچی کاتێ لە دەروازەکانی بەغدا نزیک بوونەوە، روویان وەرگێڕاو گەڕانەوە بۆ شەنگال؟ ئەمانە و زۆر پرسیاری دیکە هەن، گومانی زیاتر دەخەنە سەر ناسنامە و ئامانجەکانی داعش.

ئەگەر داعش لەبری ئەو ناوەی لە خۆیان نا، ناوی خۆیان بنابا راپەڕینی سوننە، یاخود شۆڕشی سوننی و هەمان ئەو ناوچانەی کۆنترۆڵیان کرد لەژێر ناوی حوکمی خۆبەڕێوەبەرێتی سوننی خۆیان راگەیاندبایە، وەک دەگوترێت (هۆکاری دروستبوونیان بۆ پاراستنی سوننە بووە لە چەوساندنەوەی شیعە)، ئەوکات هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لەدژیان دروست دەبوو؟ ئەی بۆ ئەو ناوەیان لە خۆیان نەنا؟ بۆچی لە یەکەم دەرکەوتنیانەوە ئۆباما گوتی ئەم شەڕە سێ ساڵ دەخایەنێت؟ لە کاتێکدا ئەمریکا بە ماوەی زۆر کورت حکومەتەکانی وەک (تالیبان و بەعس)ی رووخاند.

هۆکار چی بوو تورکیا دەروازەکانی بە رووی ئەو توندڕەوە ئیسلامییانەدا کردەوە کە لە ئەورووپا و ئەمریکاوە دەهاتن بۆ عێراق و سووریا و دەبوونە چەکداری داعش؟ بۆچی هەر وڵاتە و لە فڕۆکەخانەی وڵاتەکەی خۆی دەستگیری نەدەکردن کە زۆربەیان پێشتر ناسراو و لەژێر چاودێریدا بوون؟ ئەی تورکیا بۆچی لە فڕۆکەخانەکانی خۆی یان لەو ناوچە سنووریانەی لێی دەپەڕینەوە بۆ سووریا دەستگیری نەدەکردن؟ ئەی ناگوترێت داعش مەترسیە بۆ سەر هەموو جیهان؟

لە مەیدانەکانی جەنگ و لە ناوچەکانی ژێر دەستی داعشیشدا، زۆرجار باس لە جوڵەی فڕۆکەی نەناسراو، گواستنەوەی چەکدارەکانیان بە هەلیکۆپتەر و بەردانەوەی چەک و کەلوپەلی سەربازی بۆ داعش دەکرا، چەندین جاریش گوێبیسی لێدوانی ئەو گوتەبێژانە دەبووین کە دەیانگوت بەهۆی نارێکیی کەشوهەوا و هەور و بارانەوە داعش دزەی کردووە، یان دەگوترا بەو هۆیانەوە نەتوانراوە ئامانجەکان بپێکین. دەستنەکەوتنی وەڵامی دروستی ئەم پرسیارانە سەرنجمان بۆ ئەوە دەبەن کە داعش شتێکی جیاوازترە لەوەی تا ئێستا خوێندنەوەمان بۆ کردووە.

لەم وتارەدا مەبەستم لە ورووژاندنی ئەو پرسیارانە وابەستەکردنەوەی رووداوەکانی شەنگالە بە جوگرافیای شەنگالەوە، چ ئەو تاوانکاریانەی داعش ئەنجامیدان و چ ئەو ئەگەر و پێشهاتانەش کە چاوەڕوان دەکرێن لە ئایندەدا لە شەنگال رووبدەن. گرفتی کۆمەڵگەی ئێمە ئەوەیە پرسیار ناکەین، بۆمان گرنگ نییە چی لە پشتی رووداوەکانەوەن، تەنها دیوە دیار و رووپۆشکراوەکانی دیمەنەکان دەبینین. ئێستاش نەمانپرسی بۆچی هێشتا بەشێکی ناوچەکانی شەنگال رزگار نەکراون و بۆچی هێڵدراونەتەوە بۆ دوای مووسڵ؟

ئەوە روونە کە کۆمەڵێک ئامانج و ئەجێندای رانەگەیێندراو لە پشتی دروستکردن و هاتنی داعشەوە هەن، خۆ ئەگەر ئەوەش راست نەبێت، ئەمەیان راستە کە هەر لایەنە و دەیەوێ بەشێک لە ئامانجەکانی لەشەڕی داعش و لێکەوتەو دەرئەنجامەکانی ئەو شەڕەدا بەدی بهێنێت. ئێران لەمێژە بەدوای ئەو رێچکە و رێگایەنەوەیە کە پردی پەڕینەوەی لە عێراقەوە بۆ سووریا بۆ مسۆگەر دەکات، ئەو هێڵەی ئێران بە سووریاوە دەبەستێتەوە لە مەندەلی و سەعدییەوە درێژ دەبێتەوە و بە بەشێکی ناوچەکانی شەنگالدا تێپەڕ دەبێت. شەنگال دوا خاڵی ئەو پردی بەیەکگەیشتنەیە. ئەو ئامانجە بەبێ شەنگال بەدی نەدەهات، دەبوو شەنگال بخرێتە ژێر دەستی داعش تا لە زنجیرەی تەواوکاریی پرۆسەکەدا ببێتە رێڕەوی پەڕینەوە.

هەموو دونیا ئاگاداری ئەو هەوڵانەی ئێرانن، هەواڵگریی هەموو ئەو وڵاتانەی جیهان و ناوچەکەش کە یاری بە داعش دەکەن، چاویان لەوەیە داعش وەک موگناتیس تەشەیوع بەدوای خۆیدا رادەکێشێت. بەندە لەمێژە باوەڕم وایە بۆ ئامانجی گەورەتر و ئامادەکاری بۆ بەریەککەوتنی ئیسلام و ئیسلام، رۆژئاوا پشتیوانی لە گەورەکردنی بلۆکی شیعە دەکەن وەک چۆن سەدەی رابردوو پشتیوانی گەورەکردنی سوننەیان کرد، تا لە قۆناغی دواتردا دەبێت بەریەک بکەون. کورد ناتوانێ پێچەوانەی ئەو شەپۆلە بڕوات و ناشتوانین بەر بەو ئامانجەی رۆژئاوا بگرین. لە هەر ئەگەرێکی دروستکردنی کۆسپ و لەمپەردا، دەکەوینە ژێر پێوە. لێگەڕێن با پردی بەیەکگەیشتنەکەی ئێران بۆ سووریا کۆتایی بێت و با شەنگال زیاتر نەبێتە قوربانیی جوگرافیاکەی. شەنگال باجی قورسی داوە، برین و ئازارەکانی ئێجگار زۆرن، ناکرێ ئەم جەستە زامدارە بکرێتە شوێنی یەکلاکردنەوەی کێشە هەرێمایەتییەکان. هەروەک ناشکرێ بەهۆی ئەو پێشهاتانەی شەنگالەوە ئەو هاوسۆزییە نەتەوەییەی لە شەڕی داعشدا بۆ کورد بەرهەم هات، بگۆڕدرێت بۆ شەڕی کورد بە کورد. ئەگەر وریا نەبین، پاش ئەو هەموو قوربانیە دەبین بە کاراکتەری رۆڵپێدراو، بەشێکمان دەکرێین بە پاسەوانی ئەو رێڕەوە وشکانییە و بەشێکمان جەنگاوەری رێگریکردن لێی.

ناوەندەکانی توێژینەوە، دزەکردنی زانیاریی دەزگا هەواڵگرییەکان، زانیاریی بەشێک لە میدیا باوەڕپێکراوەکانی جیهان، لەوەش زیاتر دەڵێن و باس لە رێڕەوی تاران بۆ دەریای سپی دەکەن. لەیەکەم دەرکەوتنی داعش و لێکەوتەکانییەوە کە ئەمریکا سەرکردایەتی هاوپەیمانێتیەکی جیهانی دژ بە داعش دەکات، ئاگای لە هەنگاو بە هەنگاوی ئێران هەیە. کە ئەوان نەیانەوێ رێ لە هەژموونی ئێران بگرن، خۆیان ئاسانکاری بکەن بۆ گەیشتنی ئێران بۆ سووریا، هەرێمی کوردستان نە دەتوانێ بەر بەو رێڕەوە بگرێت و نە ئەرکی ئەویشە شەڕی بکات.



زریان ڕۆژهەڵاتی

# "سولحی سارد"ی پەکەکە و پارتی

لە پانتایی جوگرافیای سیاسیی ئێستای کوردستاندا دوو هێزی گرنگ (پ.د.ک- پ.ک.ک) لە ململانێ و رکابەریی یەکتردان. هەندێکجار شەڕی یەکتریان کردووە و هەندێکجاریش ئاگری نێوانیان راگرتووە. بەڵام، هیچکات ئاشتییەکی تەواویان نەکردووە و "سولحێکی سارد" لە بەینیاندا هەبووە! لە 1999وە تا رووداوەکەی خاناسۆر لە شنگال، ئەم دوو هێزە شەڕی یەکتریان نەکردووە، بەڵام بەریەککەوتنی گوتار و بەرژەوەندیی سیاسی و دیدە ئایدیۆلۆژییەکەیان وای کردووە بەردەوام کێشمەکێشیان هەبێ و پەیوەندییەکانیان لە سولحێکی سارد و ئاشتییەکی ناچاریی بەولاوە نەترازێت.

گەرای پەیوەندییەکانی (پ.د.ک- پ.ک.ک) بەشێوەی رکابەری- هاوپەیمانیی کاتی دانراوە و ئەمەش تا رۆژی ئەمڕۆش بەردەوامە. لە ساڵی 1982دا پارتی رێگەی بۆ هاتنی پەکەکە بۆ هەرێمی کوردستان خۆش کرد و لە چەندین ناوچەی وەک زاپ و خواکورک یارمەتیی جێگیربوونی دا و بەشێک لە بنکە و بارەگاکانی خۆیشی لەگەڵ بەش کرد. بەڵام ئەمە زۆری نەخایاند و پەکەکە لە رووداوەکەی لۆلان (کەمیی رۆیشتنی ئەرزاق و خۆراک) و شەڕی شیوعی- دا پەنجەی تۆمەتبارکردنی بۆ پارتی راکێشا. بەمجۆرەش ململانێی ئەو دوو لایەنە بەشێوەی زەقتر دەرکەوت. کار گەیشتە ئەوەی کە پەکەکە لە ساڵی 1988دا لەگەڵ حکومەتی بەعس پەیوەندیی بەرقەرار کرد و پارتیش رووی لە تورکیا کرد. ئیدی پەکەکە بیری لە دروستکردنی ئەڵتەرناتیڤ بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان و هێزەکانی دیکەی باشوور کردەوە و لە 1988-1989دا پارتی ئازادیی کوردستانی بۆ باشوور دروست کرد و بەشێک لە گەنجەکانی پارتیی بۆ لای خۆی راکێشا. لە ساڵی 1992شدا، دوای دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەت لە باشوور، پەکەکە حکومەتی جەنگیی بادینان- بۆتانی دروستکرد و هەوڵی دروستکردنی بەدیلی بۆ تەواوی یەکەی سیاسیی- حکومی لە باشوور دا. بۆیە یەکێتی و پارتی پاڵپشتییان لە ئۆپەراسیۆنی سوپای تورکیا کرد و لە ئەنجامدا حکومەتەکەی پەکەکە لە زاپ شکستی خوارد و بەشێک لە گەریلاکانی بە ناچاری روویان لە زەڵێ لە سنووری باشوور- رۆژهەڵاتی کوردستان کرد. پەکەکە بە سوودوەرگرتن لە بارودۆخی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان، لە ساڵی 1995دا هێرشێکی گەورەی بۆ سەر پارتی دەسپێکرد کە لە ئەدەبیاتی سیاسیی خۆیدا وەک 15ی تەباخی دووەم ناوی دەبات. لە ساڵی 1997دا، وەرەق هەڵگەڕایەوە و ئەمجارەیان پارتی پەلاماری پەکەکەی دا و ئەوەش تا 1999 بەردەوام بوو.

## فاکتەری ئایدیۆلۆژی

هەردوو لایەنی پ.د.ک- پ.ک.ک سەر بە دوو قوتابخانەی سیاسیی جیاوازن و پرۆژەکانیشیان لە رووبەڕووبوونەوەی یەکتریدایە. پەکەکە بە پێچەوانەی رابردووەکەی کە داوای کوردستانێکی سەربەخۆ و یەکگرتووی دەکرد، داکۆکی لە گوتارێکی ئەنتی دەوڵەت و پێشخستنی مۆدێلێکی خۆسەریی دەکات کە بە کانتۆن ناوی دەبات. پاشخانێکی فیکریی چەپی هەیە و گوتارێکی سەروو- نەتەوەیی پێشدەخات. بۆیە جوڵانەوەی نەتەوەگەرا کوردییەکان بە نەتەوەگەرایی سەرەتایی و لەڕووی چینایەتیشەوە سەرکردەکانی بە نوێنەرانی دەرەبەگ و وردە بورژوازی کوردی ناودەبات و ئەمانەش بە گەورەترین ئاستەنگی بەردەم پرۆژە سیاسی- ئایدیۆلۆژییەکەی خۆی دەزانێت. هەر ئەم دیدگایەش بوو وای کرد کە پەکەکە نزیکەی حەوت ساڵ بەر لە دەستپێکردنی شەڕی دژی دەوڵەتی تورکیا لە 1984، سەرەتا شەڕی بەشێک لە کۆمەڵگەی کوردی بکات کە بە وتەی خۆی بەکرێگیراوی سیستەمی سەرمایەداری و بورژوازی بوون. ئەوەشی بە شەڕی بنەماڵەیەکی ناوداری وەک بوجاقەکان لە حیلوان- سیوەرەک دەستپێکرد.

لەبەرامبەردا، پارتی لە خانەی رەوتێکی موحافزەکاری سیاسی کوردیدا جێی دەبێتەوە کە بەشێوەی نەریتی نایەوێت دەسەڵات و پێگەی خۆی لەدەستبدات. لە دوای دروستبوونی ی.ن.ک، دەرکەوتنی پ.ک.ک وەک دووەم هێزی تەگەرەساز بۆ دەسەڵاتی پارتی، کاریگەریی گرنگی لەسەر مەیدانی سیاسیی کوردستان دانا. پارتی هێزێکی موحافزەکار- دەسەڵاتگەرابوو، لەبەرامبەردا پ.ک.ک هێزێکی چەپی- تۆتالیتەر بوو کە دەیویست نەک تەنها دەسەڵات بگرێتە دەست، بەڵکو ئەندازیاریی کۆمەڵگاش بکات. بۆیە بەریەککەوتنی ئەم دووانە وەک رووداوێکی سیاسیی بەردەوامی لێهات.

## تێکچوونی هاوسەنگیی هێز

تا نیوەی ساڵانی نەوەدەکان پەکەکە لە رووی دارایی- سەربازی و میدیاییەوە باڵادەست بوو. توانای جەنگاوەریی ئەم هێزە دەنگی دابووەوە و کەناڵی ئاسمانیی دامەزراندبوو. لەدوای 1996وە بەهۆی بازرگانیی سنوور و ساڵی 2003، بەهۆی رووخانی رژێمی بەعس و هاتنی پارە و بودجەیەکی زۆر و کرانەوەی دەرگای پەیوەندیی دەرەکی و دەسکەوتنی چەک و تفاقی سەربازی، هاوسەنگییەکە بەلای پارتی دیموکراتی کوردستاندا شکایەوە. ئەمە هەتا 2014 بەردەوام بوو. چونکە شەڕی داعش وەرچەرخانێکی لە هاوسەنگیی هێزی پەکەکە- پارتیدا دروستکرد. بەر لە هەموو شتێک سەرەڕای نارەزاییەکانی تورکیا، پەکەکە لە شەڕی دژی تیرۆردا جۆرە رەواییەکی نێودەوڵەتی وەرگرت. بەهۆی جەنگیشەوە، چەک و تفاقی سەربازیی دەستکەوت و پەیوەندییەکانیشی لەگەڵ وڵاتان زیاتر گەشەی کرد. لە رۆژئاوای کوردستان قەڵەمڕەوی سەرزەوینی دەستخست و سەرەڕای ئەوەی کە ئێستا بە گوتار ئەنتی دەوڵەتە، بەڵام بە کردەوە لە رۆژئاوا چانسی خۆی بۆ دەوڵەتداری لەسەر بنەمای کۆمۆنالیزم- خۆسەری تاقیکردەوە. لەوێ تەنگی بە پارتی هەڵچنی کە لە 2004ەوە وردە وردە جێی پێی خۆی دەکردەوە. کار گەیشتە ئەوەی کە تا 2012 کاریگەریی پارتی لە رۆژئاوای کوردستان بە کەمترین ئاستی خۆی گەیشت. لە باکووری کوردستان سەرەڕای ئەو شکستە سیاسی و سەربازییەی کە تووشی بووە، هێشتا مۆنۆپۆلی کێشەی کوردی لە دەستی خۆیدا هێشتووەتەوە و نەیهێشتووە پارتی جێی پێیەکی گەورە بۆ خۆی بکاتەوە. هەرچەندە لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش جووڵەی خۆی راگرتووە، بەڵام کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر رای گشتی هەیە. کار بەمەشەوە نەوەستا و جەنگی داعش، دەرفەتی بۆ پەکەکە رەخساند تا لە هەرێمی کوردستانیش تەنگ بە پارتی هەڵچنێت. شەڕی داعش هەلێکی گەورەی بۆ حوزرووی سیاسی- سەربازیی پەکەکە لە هێڵی جەلەولا- کەرکوک- مەخموور و دواتریش شەنگال رەخساند. بە لەبەرچاوگرتنی وجودی پەکەکە لە قەندیل و دەوروبەری رانیە و ناوچە شاخاوییەکانی بادینانیش، ئەمە واتای گەمارۆدانی حەوزەی نفوز و دەسەڵاتی پارتی وەک رکابەرە نەریتی- ئایدیۆلۆژییەکەی دێت.

ئێستا هاوسەنگیی هێزی نێوان ئەم دوو لایەنە تێکچووە. پەکەکە زیاتری دەوێت و پ.د.ک نایەوێ لە گەمارۆی رکابەرەکەیدا بمێنێتەوە. بۆیە بەردەوامیی "سولحی سارد"ەکەی هەردوولا نامومکین نییە، بەڵام کارێکی ئاسانیش نییە!



عەبدوڵڵا ڕێشاوی

# دیموکراسی و تێکدانی سنوورەکانی خیانەت

دنیای مۆدێرن و سیستمی دیموکراسی زۆر شت دەکاتە ماف کە دەشێت لە دەرەوەی دیموکراسی ئەوانە نەک هەر ماف نەبن، بەڵکو خیانەتیش بن.

بۆ نموونە سەنگەر گواستنەوە لەم حیزبەوە بۆ ئەو حیزب مافی خۆتە و دیموکراسی پێتی دەبەخشێت، لەدەرەوەی دیموکراسی هەنگاوێکی لەم شێوەیە دەتکاتە خائین و خۆفرۆش.

تۆ دەتوانی کورد بیت سەر بە عێراق بیت، عەرەب بیت سەر بە هەرێمی کوردستان بیت و تورکمان بیت و پێتخۆشبێت کەرکووک ببێتەوە بە بەشێک لە هەرێمی کوردستان.

دیموکراسی هەموو ئەم مافانە بەتۆ دەبەخشێت کە لە دەرەوەی دیموکراسی دەشێت خیانەت و نیشتیمانفرۆشی بن.

ئێستا بۆ نموونە بەشێک لە شنگالییەکان دەیانەوێت لەگەڵ هەرێمی کوردستان بن و بەشێکیشیان دەیانەوێت سەر بە حکومەتی ناوەندیی عێراق بن، بە هەموو پێوەرێک دەبێت تەرەفی دووەم خائین بن، بەڵام دیموکراسی ئەم مافەی پێ بەخشیون. دەتوانن لە راپرسییەکدا ئەو خواستە مسۆگەر بکەن.

دیموکراسی بازنەکانی "خیانەت" تا ئەوپەڕی بچووک دەکاتەوە و بێ مانای دەکات، چونکە دیموکراسی لەسەر بنەمای ئیرادەی تاک دامەزراوە.

سبەینێ دەوڵەتی کوردستان دروست بێت و من حەزم لەم دەوڵەتە نەبێت، دەتوانم بڕۆم لە شوێنێکی دیکە ببمە هاووڵاتی، دەتوانم بڕۆم لە ئیستەنبوڵ یان لە بەغدا دابنیشم. ئایا من خائینم بە کوردایەتی و بە نیشتیمان؟

ئەی ئەگەر فلیپینییەک، نا بەسراوییەک، دڵی بە هەولێر کرایەوە و پێیخۆش بوو بێت لە هەولێر و لەسایەی دەوڵەتی کوردستاندا بژی، ئەوکاتە ئەو چییە؟ ئەویش وەکو من خائینە؟

بەملیۆنان کەس ئەمڕۆ پاسپۆرتی وڵاتێکی دیکەیان لە گیرفاندایە و شانازیی پێوە دەکەن، ئەی نیشتیمانەکەی خۆیان؟

بۆچی فەلەستینییەک لە ئەمریکا ببێتە هاووڵاتی مافی خۆیەتی، بەڵام لە ئیسرائیل خائینە؟

دیموکراسی ئەو دوو بابەتە وەک یەک تەماشا دەکات و لە چوارچێوەی مافدا جێگەی دەکاتەوە. حەقی نییە بە عەقڵییەتی بەرخۆدانەوە، ئەو ماف بە ئینسان دەبەخشێت.

من کە مافم هەبێت ئاینەکەم، ناوەکەم، روخسارم و لووتم و هەموو ئەمانە بگۆڕم، بۆچی مافی ئەوەم نەبێت نیشتیمانەکەم، حیزبەکەم، بگۆڕم؟

کوردێک لە باکوور مافی ئەوەی نییە دەنگ بە ئاکەپە بدات، ئەی چۆن تورکێک مافی ئەوەی هەیە دەنگ بە "هادەپ" بدات؟

دیموکراسی ئەم دژبەریانەی تێپەڕاندووە و هەردوو مافەکە وەک یەک تەماشا دەکات.

تۆ ئەگەر باوەڕت بە دیموکراسییە، چیدی ناتوانیت نەیارەکانت بە خائین ناودێر بکەیت، دیموکراسی ماف دەبەخشێت، ئەوەی لە حوکمی تۆدا خیانەتە، بە حوکمی دیموکراسی مافە، دیموکراسی تا ئەوپەڕی بازنەکانی حەق و ناحەق خیانەت و نیشتیمانپەروەریی کاڵ دەکاتەوە و تێکیدەدات و رێکیدەخاتەوە.

من نازانم باش دەکات یان خراپ، بەڵام دیموکراسی وا دەکات.

جا ئەگەر دەتەوێت سەرکەویت و خەڵک بۆلای تۆ و ئایدیۆلۆژیا و نیشتمان و حکومەتەکەت بێن، یان بمێننەوە و نەڕۆن، ئەوا دەبێت ململانێی کردار و شەڕی نموونە بکەیت. نەک موزایەدەی ئەخلاق و نیشتمانپەروەری.

بەریتانییەکان هیچ تەفسیرێکی تەئاموری و هیچ چەکێکی تەخوینیان بەکار نەهێنا کاتێ پرۆژەی (Brexit)، مانەوە یان دەرچوون لە یەکێتی ئەوروپایان خستە دەنگدانەوە.

بەڵکو جەنگی ئارگومێنتی فیکر و بەرژەوەندییان لەگەڵ یەکتر کرد، کێ دەتوانێ قەناعەت بە جەماوەر بهێنێ ئەو براوەیە، ئەمە دیموکراسییە.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# سلێمانی لەناو (دەوڵەتەکەی بارزانی)دا دەبێ؟

1

هەوڵەکانی بارزانی لە یەک دوو ساڵی ڕابردوودا بۆ بەکردەوە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان لە کوردستانی باشوور، لەسەرەتادا هێزی دیجلەی مالیکی و دواییش سوپاکەی دەوڵەتی خەلافەتی بەگژدا کرا، ئێران لە هەردووکیاندا ڕۆڵی پرۆدیوسەری مەیدانیی هەبوو. هەردوو هەوڵەکە شکستیان هێنا و ئێستا ئێران بە شێوازێکی دیکە لەسەر ئاستی ناوخۆیی دەیەوێ لە ڕێگەی حیزبەکانی سلێمانییەوە، پرسی سەربەخۆیی لەباربەرێت و لەو پێناوەشدا، لەسەر هەموو ئاستێک دژایەتیی ئەو هەنگاوە دەکات. یەکێتی، گۆڕان و کۆمەڵ بۆ خۆڵکردنە چاوی ڕای گشتی، پشتیوانی لە (مافی بڕیاردانی چارەنووس) دەکەن و وا پیشان دەدەن کە گوایە ئەوانیش لەگەڵ سەربەخۆیین، بەڵام لە ڕاستیدا، بە کردار و گوفتار نەک هەر لەگەڵ سەربەخۆیی نین، بگرە دژیشی دەوەستن. پێداگیری لەسەر مافی بڕیاردانی چارەنووس، بەستنەوەی قەدەری میللەتێک بە ڕیفراندۆمێکەوە کە بەپێی دەستووری وڵاتی بەناو عێراق لە 2003 وە بە کەرکوک ڕەوا بینراوە، بەڵام 14 ساڵە جێبەجێ نەکراوە و، بە زەبری بازووی پێشمەرگە خراوەتەوە ناو سنووری کوردستان نەک بە بڕگە و ماددەی دەستووری.

هەر بەو ئاراستەیەشدا، یەکێتی و گۆڕان کە بڕیاردەری سلێمانی و گەرمیانن، لایەنگرانی خۆیان وا گۆش کردووە کە باسکردن لە مەسەلەی سەربەخۆیی وەک خیانەت پێناسە بکەن! تەنانەت لەسەر ئاستی پەرلەمانتارانیشیان لە بەغدا هەوڵەکانی بارزانی وەکو گورز وەشاندن لە یەکگرتوویی خاکی وڵاتی بەناو عێراق وەسف دەکەن و دژی دەوەستنەوە! ئینجا سەرباری ئەوەی کە لانیکەم یەکێتی بەشدارە لە حکومەتی هەرێمدا، لەبەرامبەر بوونی پەکەکە لە شنگال هەڵوێستێکی ڕوونی نییە، کە زانیشی هەنگاوەکانی بارزانی بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنووسی کوردستانی باشوور لەگەڵ بەغدادا چووەتە ئاستی پێشکەوتوو، بە بیانووی سەیر و سەمەرە، چوو دەستی بەسەر بەشێکی نەوتی باکووردا گرت تا لە ئەگەری ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆدا کە ئەوان لەگەڵی نابن، بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەتەکەی سلێمانی و گەرمیان سەرچاوەی داهاتیان هەبێ و بتوانن بژێویی هاووڵاتیانی ئەو ناوچانە دابین بکەن. چونکە ئێستا یەکێتی دەیەوێ ئەوە بە خەڵکی سلێمانی بڵێت کە ئەوە ئەوانن سلێمانی دەژیەنن نەک حکومەت!

مادامەکیش دەوڵەتی سەربەخۆ پێناسەکەی (دەوڵەتی بارزانی) بێت، سنوورەکانی ئەو دەوڵەتە شمولی ئەو شوێنانە دەکات کە تا ئێستا بارزانی تێیاندا سەرۆکی هەرێمە.

# یەکێتی و گۆڕان زەرەرمەندن

2

هەوڵەکان بۆ چارەسەری قەیرانی سیاسی بە بنبەست گەیشتوون، هەر بۆیە بارزانی تاکلایەنە و بێ گەڕانەوە بۆ ڕای حیزبەکانی دیکە بە تایبەتیش یەکێتی، دەستی بە زەمینەسازی بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کردووە. بەلای پارتییەوە ڕەگوڕیشەی ئەو قەیرانەی ئێستا هەیە، هەوڵی لایەنەکانی دیکەیە بۆ پەکخستنی پرۆژەی سەربەخۆیی، نە یەکێتی و نە گۆڕانیش، ئامادە نین بە پارتی بڵێن بۆ پشتیوانیی سەدی سەد لە پرۆژەی سەربەخۆیی، چییان لە پارتی دەوێت!

بە پێچەوانەوە، یاری بە کات دەکەن، بەڵام یارییەکی بێ ئەنجام. چونکە ئەگەر هەڵبژاردن بکرێت، باجی ئەم یارییە دەدەن. شەقامی سلێمانی و گەرمیان بە پێچەوانەی ئەوەی کە یەکێتی و گۆڕان وێنای دەکەن، لە دەسەڵاتی یەکێتی و گۆڕان تووڕەن. وەرەق وا هەڵگەڕاوەتەوە کە ئەوەی لە سلێمانی پێشتر دەنگی بۆ گۆڕان داوە و لەسەریشی نانبڕاو کراوە، ئەمڕۆ گۆڕان بە موسەبیبی ئەو وەزعە بزانێت نەک پارتی.

بۆیە ئەو کاتکوشتنەی ئێستا گۆڕان و یەکێتی دەیکەن، لە قازانجی پارتییە. پارتی ڕووی دەسەڵاتی ئەوانی لە ناوچەی حوکمڕانیی خۆیاندا ناشیرین کردووە و بەو چەکەی ئەوان جاران لە پارتییان دەدا، لێیان دەداتەوە. ئەگەر بڕیاردەرانی سلێمانی دڵیان بەوە خۆش بکەن کە دەتوانن هەموو دەرفەتێک لەدژی (دەوڵەتەکەی بارزانی) بقۆزنەوە و بیکەن بەکارتی گوشار لە دژی پەیامەکەی، یان تەنانەت لەو ململانێیەدا پەنا بۆ چەک ببەن، ئەوەشیان سەرناگرێت، چونکە هەر بڕیارێکی لەو شێوەیەیان دەیانخاتە ژێر باری بەرپرسیارێتییەک کە تا ئێستا پێیان جێبەجێ نەکراوە و کەمترینیشی دابینکردنی مووچە و گوزەرانی خەڵکەکەیە، ئینجا زیندووکردنەوەی دوو ئیدارەییە لە بەرگی دوو دەوڵەتیدا.

# وانەیەک لە کڵچدارئۆغڵووەوە

3

پارتی گەلی کۆماری بە سەرۆکایەتی کەمال کڵچدارئۆغڵوو لە تورکیا، یەکێکە لە سەرسەختترین ڕکابەرانی ئاکپارتی و ئەردۆغان. ئەوان ڕابەرایەتی کەمپینی (نەخێر) دەکەن بۆ ئەو ڕیفراندۆمە دەستوورییەی کە بڕیارە لە 16ی نیسان بەڕێوە بچێت. لەم چەند ڕۆژەی دواییدا کە یەکەمجار ئاڵمانیا و دواتریش هۆڵەندا ڕێگرییان لە وەزیرەکانی حکومەتی ئاکپارتی کرد تا نەتوانن بۆ بەدەستهێنانی دەنگی دەنگدەرانی تورکی ئەورووپا میتینگ ساز بکەن، سەرەتا پەرلەمانتاری پارتی گەلی کۆماری دەنیز بایکاڵ، سەردانی خۆی بۆ ئاڵمانیا هەڵوەشاندەوە و دواتریش سەرۆکی حیزبەکە کڵچدار ئۆغڵوو. سەرباری ئەوەی کە دەنگی دەنگدەرانی تورک ڕۆڵێکی چارەنووسسازی هەیە لەسەر ئەنجامەکانی ڕیفراندۆم، بەڵام سەرۆکی حیزبی ئۆپۆزیسیۆن ڕایگەیاند کە سوکایەتی بە وەزیرەکانی دەوڵەتی تورکیا قەبوڵ ناکەن و پرۆگرامی میتینگەکانی خۆیان هەڵپەسارد! هەموو دنیا دەزانێ کە ئاکپارتی بەرەو ئیستیبدادی سیاسی ڕۆیشتووە و چ ڕۆڵێکی گەورە لە ئەستۆی ئۆپۆزیسیۆنە، بەڵام ئەوە ڕووحی دەوڵەت و ڕێزگرتنە لە سەروەریی وڵات. چونکە دەزانن ئەوە بەرامبەر وڵاتەکەیان کراوە و ئەو باسە دەبەنە دەرەوەی ململانێی ناوخۆیی کە لە تورکیا هەیانە.

ئەدی ئەگەر لای ئێمە ڕوویدابایە؟ هەر ڕۆژی دواتر جەماعەتی ئۆپۆزیسیۆن دەچوون بە فەرمی سوپاسی ئەو وڵاتەیان دەکرد کە ڕێگەی نەداوە وەزیرەکەی پارتی سەردانی وڵاتەکەیان بکات و بە دەستکەوتێکی گەورەی دیموکراسی پێناسە دەکرا!



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# گرێی حەویجە

تا ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵ لە کۆتایی نزیک ببێتەوە، دڵەکوتەی کورد و کەرکوکییەکان بۆ "گرێی حەویجە" زۆرتر دەبێت. حکومەتی عێراق هیچ پاساوێکی ڕوونی نییە بۆ پەڕاندن و دواخستنی کۆنترۆڵکردنەوەی حەویجە، بەڵام وەک سەرکردەیەکی سەربازیی کورد لە کەرکوک پێیگوتم "ڕەنگە کورد لەسەر ریشە درێژەکەی حەویجە، سمێڵیشی بنێتە بانی"!

حەویجە لە بیرەوەریی کەرکوکییەکاندا سیمبۆڵی سەرکەوتنی سیاسەتی تەعریبە. ئەو شارۆچکەیەی جاران هەڕەشە نەبوو لەسەر کوردستانیبوونی کەرکوک، ئێستا ئەگەر گشتپرسییەک لەسەر ڕێژەی نەتەوەکان لەو پارێزگایەدا بکرێت، وادەکات عەرەب پشکێکی گەورەیان بەربکەوێت. زاوزێی زۆری عەرەبی سوننەی هاوردە و خێڵەکی بۆ حەویجە و دەوروبەری وایکردووە کە ڕۆژ بە ڕۆژ ڕێژەی عەرەب لە کەرکوک بەرزببێتەوە.

لەو ساڵانەدا کە مالیکی فەرمانڕەوای عێراق بوو، حەویجەییە عەرەبە سوننەکان کەوتنە ژێر زەبروزەنگێکی زۆر و برینداری خۆپیشاندانەکانیان لەلایەن کوردی کەرکوکەوە تیمار دەکران. بەڵام کاتێک داعش هات، گەنجی کوردی کەرکوکی بەنێو بازاڕی حەویجەدا ڕاکێشران و بە دیلکراوی بەردباران کران. ئێستاش کوردی کەرکوک ئەو بێوەفاییەیان لەبیرناچێت، بەڵام هەرواش بە سەدان ماڵباتی حەویجەیی لەدەست شەڕ هەڵاتوو، لە کەرکوک حەوێندراونەتەوە.

کوردی کەرکوک لەوەش واوەتر چوون و بەر لە دەستپێکردنی شەڕی موسڵ ئامادەییان پیشاندا کە بەشداربن لە دەرپەڕاندنی داعش و کردنەوەی گرێی حەویجە، بەڵام حکومەتی عێراق بەبێ پاساوێکی قایلکەر تاوەکو ئەمڕۆش ئۆپەراسیۆنەکەی دواخستووە.

زۆر کەس دەڵێن کۆنترۆڵکردنەوەی حەویجە پێویستی بە ڕێککەوتنێکی هاوشێوەی موسڵ هەیە لەنێوان هەولێر و بەغدا و دەبێ تێیدا ڕۆڵی پێشمەرگە سنووردار بکرێت، بەڵام ئەوەی مرۆڤ لێیدەترسێ، وەڕاستگەڕانی ئەو پێشبینییانەن کە دەڵێن حکومەتی عێراق بەئەنقەست حەویجەی پەڕاندووە و لەکاتی خۆیدا وا بۆی دەگەڕێتەوە کە کەرکوکیشی پێوە بگرێتەوە و ریسی چەند ساڵەی کوردی ناتەبا لەو شارە بکاتەوە خوری.

دوو ساڵە ئەوانەی ئاگاداری ڕەوشی حەویجەن و دەزانن چۆن ئەو گرێیە دەتوانێ لە ئایندەدا ببێتە پاژنەی ئاشیل بۆ کەرکووک، داد و بێدادیانە. هەموو قسەکەش لەسەر ئەوەیە کە گرتنەوەی حەویجە چەندە شەئنێکی عێراقی بێت، دووهێندە شەئنێکی کوردستانییە و ناکرێ بە هیچ پاساوێک کۆنترۆڵکردنەوەی دوابخرێ. هەرچەندە ئەوە ڕاستییە کە حەویجە تەنیا خاکەکەی کوردستانییە و چیدیکە دانیشتووانی کورد نین، بەڵام هەم ئەگەر داعشی تێدابێ دەکرێ چەکدارەکانیان لەوێوە سەرئێشە بۆ کەرکوک دروستبکەن و دروستیشیان کردووە، هەم ئەگەر بەدەست حەشد و سوپای عێراقیشەوە بێت، کەرکوک ناتوانێ ئارام بێ و دەبێ بەردەوام چاوەڕوانی دەستدرێژی بێت. بۆیە گرنگە لەئێستاوە سەرکردایەتیی کوردستان کەیسی حەویجە بجووڵێنن و ڕێگە لەوە بگرن کە لەئایندەدا ناچار بین پەرۆیەک کە ئێستا دەکرێ بچووک بێت، ئەوکات بەگەورەتر لەسەر حەویجە لەسەرمانی بەستین.



رابەر تەڵعەت

## لە یادەکانی ڕاپەڕیندا..

# خوێندنەوەی مێژوو، بەسەراوژێری!

لە یادەکانی ڕاپەڕینی گەلی کوردستاندا، خەڵکانێک خەریکە بە هەڵگەڕاوەیی خوێندنەوە بۆ مێژوو دەکەن، ئەوان گرفتەکانی ئێستا و خراپییەکانی ئەزموونی حوکمڕانیی کوردی دەخەنە ئەستۆی ڕاپەڕین و پەشیمانی لەئاستیدا دەردەبڕن. گوایە ڕاپەڕین نەیتوانی ئامانجەکانی خۆی بپێکێت. پرسیار ئەوەیە ئایا ئامانجەکانی ڕاپەڕین چی بوون؟ ئامانجەکانی ڕاپەڕین، ڕزگاربوون بوو لە ستەمی بەعس و پاراستنی شوناسی کوردبوون کە لەژێر هەڕەشەی ئەنفال و جینۆسایدا بوو، تاکە ئامانجی ڕاپەڕین وەدەرنانی حیزبی بەعس و تۆڵەسەندنەوەی میللەتێک بوو لە سیستەمێکی تۆتالیتار و زۆردار. لە مەشیاندا ڕاپەڕین و کۆڕەوی خەڵکی کوردستان بەتەواوی ئامانجی خۆیان پێکا و سەرکەوتوو بوون.

باسکردن لە ڕاپەڕین باسکردنە لە قۆناغێکی وەرچەرخان لە مێژووی کورددا لە باشوور، قۆناغێک لەڕووی کات و زەمەنەوە تایبەتمەندیی خۆی هەیە، ئاکتۆر و کارەکتەرەکانی چ لەناوخۆ و چ لە دەرەوە دەبێت وەک خۆیان خوێندنەوەیان بۆ بکەین، هاوکات دەبێت خوێندنەوە بۆ پرۆسەی چارەکە سەدەیەک لە حوکمڕانیی کوردی بکەین کە ڕاپەڕین سەرەتاکەی بوو. ناتوانین بە دراوی ئەمڕۆ دادگایی مێژووی خۆمان بکەین ئەگەر لەوەدا سەرکەوتوو نەبین کە لە چوارچێوەی ڕووداو و پرۆسەدا تەماشای ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین بکەین.

پرسیارەکەش لەوەوە دەستپێدەکات، ئایا دەتوانین بڵێین ڕاپەڕین بەرهەمی یان دەرئەنجامی خەباتی پەنجا ساڵەی شاخ بوو؟ ئەگەر وەڵام بەڵێ بێت یان نەخێر، هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە خودی ڕووداوەکە خاڵی گواستنەوە و وەرچەرخان بوو لە مێژووی باشووری کوردستاندا. خاڵی وەرچەرخان بوو لە خەباتی نەتەوەییدا بۆ بەدەستهێنانی مافی ژیان و ئازادی و خۆبەڕێوەبردن، چونکە ئەوانە بەهای سەردەمی ڕاپەڕین و پێش ڕاپەڕین بوون. ئەگەر بۆمان هەبێت پشت بەو گریمانەیە ببەستین، یەکەم ئەنجام بریتی دەبێت لەوەی کە ڕاپەڕین بۆ دیموکراسی نەبوو، بەڵکو بۆ ئازادی بوو. ڕاپەڕین لە چوارچێوە سیاسییەکەی خۆیدا توانی ئازادی بۆ خەڵکی باشووری کوردستان دەستەبەر بکات، بۆیە خودی ڕووداوەکە لە وەدیهێنانی ئامانجەکەی خۆیدا سەرکەوتوو بوو، لە سەرکەوتنەکەشیدا فاکتەر و کارەکتەری زۆر بەشداربوون و زۆربەی فاکتەر و کارەکتەرەکانیش زیاتر نێودەوڵەتی بوون لەوەی ناوخۆیی بن.

لەدوای ڕاپەڕینەوەش هەتا دەگاتە ئێستا، قۆناغێکە دەکەوێتە دوای ئەو ڕووداوەوە، دیارە لەڕووی مێژوو و کارەکتەرەکانی ناوییەوە دابڕاو نییە لە سەردەمی پێش خۆی یاخود لە سەردەمی ڕاپەڕین، بەڵام لەڕووی کردەوە و ئامانجەوە دەچێتە خانەی پرۆسەیەکی جیاوازی مێژووەوە کە وەک هەمیشە بە ئەزموونی دوای ڕاپەڕین ناودەبردرێت. هەڵەیە ئەگەر باوەڕمان وابێت، ئامانجەکانی ڕاپەڕین، بریتی بوون لە دامەزراندنی دامودەزگای مۆدێرنی دیموکراسی و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دابینکردنی یەکسانیی کۆمەڵایەتی و سیستەمی دادوەری و کۆمەڵایەتی و ئابووریی پێشکەوتوو. هیچ کام لەمانە نە ئامانجی خەڵکی ڕاپەڕیو بوون و نە ئامانجی هێزە سیاسی و چەکدارەکان.

گەشەکردنی بیرۆکەی مافە مەدەنییەکان، خواست بۆ دامەزراندنی دامودەزگای مۆدێرن و یەکسانی و دادی کۆمەڵایەتی، لە هەمان کاتیشدا گەشەکردنی گەندەڵی و ئەزموونی حوکمڕانیی خراپ و هەموو ئەو قەیران و کەموکورییانەی کە ئێستا وڵاتەکەمان و خەڵک بەدەستیانەوە دەناڵێنن، پەیوەندییان بە ڕاپەڕینەوە نییە وەک ڕووداو، بەڵکو پەیوەندییان بە ئەزموونی 26 ساڵەی حوکمڕانیی کوردییەوە هەیە وەک پرۆسە. چونکە ئەگەر نەتوانین قۆناغەکان و ڕووداوەکان لە چوارچێوەی مێژوویی خۆیاندا بخوێنینەوە، دەکەوینە هەڵەوە و ناتوانین ڕێگای بەردەمی خۆمان ببینین.



ناسر باباخانی

# خولانەوە لە بازنەی هەڵبژاردنەکاندا

(1)

دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە پاڵپشتیی ئەو ڕێکخراوانەی ڕاستەوخۆ سەر بە ڕێبەری ئەو وڵاتەن، لە هەرسێ قۆناغی هەڵبژاردن: واتە بەر لە هەڵبژاردن، کاتی هەڵبژاردن و دوای هەڵبژاردن، بە دەستتێوەردان لە سەرجەم قۆناغەکاندا، بە جۆرێ پرۆسەی هەڵبژاردنەکان موهەندیسی دەکا. دیارە پێشتر لە دوو قۆناغی یەکەم و دووەمدا بە کەیفی خۆیان بە فیلتەرینگی دەزگا ئەمنییەکان، وەفدی چاودێریی شار و پارێزگاکان، شووڕای نیگەهبان (ئەنجوومەنی چاودێری) و... کاندیداکانیان قەڵتوبڕ دەکرد، بەڵام ئەوەی لە پاش دوایین هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەیان ڕووی دا، دەریدەخات کە قۆناغی سێهەمیش، واتە قۆناغی دوای هەڵبژاردنیش بە تەواوی قۆرخ کراوە.

بۆ وێنە پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی شارەزایانی ڕێبەری دەدرێتە کەسێ کە لە هەڵبژاردنەکانی تاران دوایین دەنگی هێناوە، کەچی دەبێتە سەرۆکی ئەم ئەنجوومەنە! یان سەرۆکی پارلەمانی کۆماری ئیسلامی لە شارێکی وەک قوم بە کەمتر لە دووسەد هەزار دەنگ ئەم پۆستە وەردەگرێ، کەچی نوێنەر هەیە لە شاری تاران دە قاتی سەرۆکی پارلەمان دەنگی هێناوە! یان لە گەورەشارێکی وەک ئیسفەهان خانمێکی سەر بە باڵی ڕیفۆرمخوازان سەرەڕای هێنانی دەنگی پێویست ئیزنی چوونە پارلەمانی پێنادرێ و ڕەدی سەلاحییەت دەکرێتەوە! ئەمانە مشتێ لە هەشتێن تا بۆمان دەرکەوێ کە ئیتر ئەم قۆناغەش بە مەرەدی قۆناغەکانی پێش خۆی چووە.

(2)

لە لایەکی دیکەوە هەڕەشە و گوڕەشەکانی سەرکۆماری تازەی ئەمریکا — بەدەر لەوەی تا کوێ دەگاتە ئاستی کردەوەیی — باوکی ڕووحیی ڕیفۆرمخوازەکانی ئێران دێنێتە سەر خەت و لەبەر بەرژەوەندیی کۆماری ئیسلامی داوای "ئاشتی نەتەوەیی" دەکا، هەرچەند لە ڕوانگەی خاتەمییەوە ئاشتی نەتەوەیی نەک بەشداریی نەتەوە جیاوازەکانی ئێرانە لە دەسەڵاتی سیاسیدا (بە شێوەیەکی پێکهاتەیی)، بەڵکوو گەڕانەوەی باڵێکی پەراوێزخراوە بە ناوی ئیسلاحات بۆ لۆسەی دەسەڵات! کەچی سەرەڕای ئەوەش، ڕێبەری ئێران بە توندی وەڵامی خاتەمی دەداتەوە و ئەم پێشنیارە ڕەت دەکاتەوە، ئەمە بەو مانایە دێ ڕێبەری کۆماری ئیسلامی کە دەمێک ساڵە لە سەنگەری توندئاژۆکاندایە، ئامادە نییە بە هیچ کلۆجێک دۆخێکی وەها سازبێ کە بچووکترین هیوای چاکسازی (تەنانەت لە ڕوانگەی باڵی ڕیفۆرمخوازەکانیشەوە) بێتەدی و لە هەمان کاتیشدا وەک لە سەرەتادا باسم کرد، ئیتر ئیزن نادەن بەناو هەڵبژاردنەکانیش بە شێوەیەکی دادوەرانە بەڕێوەبچن.

(3)

تەنیا مەبەستی هێزی پاوانخوازی کۆماری ئیسلامی بە سەرکردایەتی ڕێبەری ئەو وڵاتە، بەشداریکردنی گۆترەیی خەڵکە بۆ شەرعییەتدان بە سیستەم و سەلماندنی مەشرووعییەتی خۆی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی وڵات، ئەمە ڕێک ئەو شتەیە کە لە سیستەمە تۆتالیتێرەکاندا بەدی دەکرێ. هانا ئارێنت لەم بارەدا باس لە چەمکێک دەکا بە ناوی: "بەشداریی سیاسی پێکهاتەیی". ئارێنت پێیوایە بەشداریی سیاسی ئەرێنی واتە پرۆسەی دەنگدان لە هەڵبژاردنەکاندا دەبێ بە شێوەیەکی پێکهاتەیی لە قاڵبی حیزب و لایەنی سیاسیدا بێ تا بەر بە دیکتاتۆرییەت بگرێ، بە واتایەکی تر ئارێنت دەیەوێ بڵێ سیستەمی تۆتالیتێر لە هەمان کاتدا کە بە توندی بەر بە بەشداریی سیاسی پێکهاتەیی دەگرێ، دەیەوێ ئاستی بەشداریی سیاسی ناپێکهاتەیی بەرێتە سەر، تەنانەت ئەگەر بە میکانیزمگەلێکی پۆپۆلیستی، پڕوپاگەندەیی و فرتوفێڵیش بێ و دواجار بە زەبری زۆری و تۆقاندن! بۆیە مادام پرۆسەی هەڵبژاردن لە ئێران لەسەر بنەمای بەشداریی سیاسی بەشێوەی پێکهاتەیی نییە و بۆ وێنە خەڵک لە کوردستان نایەنە قاڵبی پێکهاتە و حیزبەوە و ڕەخنەکانیان ئاراستەی دەسەڵاتی سیاسی و حوکمڕانی ناکەن، هیچ لە دۆخەکە ناگۆڕدرێ.

(4)

جگە لەم گرفتە پێکهاتەییەی باسم کرد، لە ڕاستیدا گرفتێکی جەوهەریش لەگۆڕێدایە، ئەویش ئەوەیە کە ئەگەرچی هەڵبژاردن وەک هێمای سەرەکیی دیموکراسییە، بەڵام لە نەبوونی ئازادیدا دەبێتە ئامرازێک بە دەستی دیکتاتۆرەوە بۆ سەپاندنی خۆی. خۆ کەم نین ئەو حکوومەتە دیکتاتۆرانەی کە تێیاندا پرۆسەی هەڵبژاردن بەڕێوە دەچێ، بەڵام دواجار ئەوە ویست و خواستی دیکتاتۆرە دێتە دی. ئەگەرچی دەنگدان وەک ماف بۆ شارۆمەندی وڵات دیاریکراوە تا بە دەنگی خۆی بەربژێرێک بۆخۆی هەڵبژێرێ، بەڵام سیستەم کە باوەڕی بە ئازادی نەبێ، دواجار بەربەستە بۆ سازبوونی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان، واتە ئەوە هێژمۆنی سیستەمە کە بە زەوتی ئازادی، دۆخی ئاماڵ دیموکراسییەکی سەقەت لە پرۆسەیەکی وەک هەڵبژاردندا بەرەو نزمترین ئاستی خۆی دەبات، ئەو وتە مەشهوورە کە دیموکراسی سەقەت ئەو باڵندەیەیە لە ڕکەی خۆی هاتۆتەدەر، بەڵام باڵەکانی کراون، واتە ئازادیی لێ زەوت کراوە، ڕێک گوزارە لە دۆخی ئەمڕۆی ئێران دەکات. ڕەنگە ئەم ئانالیز- ڕاپۆرتەی خوارەوە یارمەتیدەری باسەکەمان بێ:

ئانالیز- ڕاپۆرتەکەی ساڵی 2016ی ماڵی ئازادی (Freedom House) ئاماژە بەمە دەکا لە کۆی 195 وڵاتی دنیا، 86 وڵات ئازاد و سەربەستن (Free)، 59 وڵات تا ڕادەیەک ئازادن Partly (Free) و 50 وڵاتیش سەربەست نین (Not Free).

لەم ڕاپۆرتەدا کۆماری ئیسلامیی ئێران دێتە خانەی ئەم وڵاتانەی کە ئازاد و سەربەست نین. ئەم داتایانە بەم مانایە دێن کە ئەگەر تەنانەت لە وڵاتێکی وەک ئێران پرۆسەیەکی وەک هەڵبژاردنیش بەڕێوەبچێ، لەبەر نەبوونی ڕەوتێکی دیموکراتیزە و ئازادیی سیاسی، هیچ ئەنجامێکی ئەرێنی بۆ کۆمەڵگای لێناکەوێتەوە. هەربۆیە سیستەم بەگشتی و لە سەرووییەوە لۆسەی دەسەڵات واتە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، بەردەوام خەریکی سڕینەوەی چەمکی ئازادیی سیاسییە لە کۆمەڵگادا. ئەگەر هانا ئارێنت گوتەنی سیاسەت مەزهەر و هێمای ئازادییە، کەواببوو سەیر نییە، دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بەردەوام بە دژی ئەم بیرۆکەیە بوەستێ.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more




# جەژنانەی نینا گەیشتە سلێمانی

10


خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، ژیرۆ عەبدولرەحمان



هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات



نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 rudaw@rudaw.net



Good food
abc
Good feelings

زۆرترین خواردن لە گەورەترین رێستورانت
رێستورانتی ABC لە هەولێر / رێگەی بەحرکەی نوێ تەنیشت گوندی لوبنانی
ئێستا کراوەیە

11 رێستورانت، 660 جۆر خواردن لە ماوەی 2 کاتژمێردا

DAILY FRESH SEAFOOD premium quality
SHISHA LOUNGE
MIDDLE EAST RESTAURANT
Diner FAST FOOD
Pancakes & WAFFLES HAVE A SWEET DAY
STEAK BEST IN TOWN HOUSE
Soup & BREADS ALWAYS GOOD
The Best CHINESE FOOD
FARM FRESH Guaranteed Salad bar
ORIGINAL JAPANESE SUSHI BAR
AUTHENTIC ITALIAN CUISINE
The PASTRIES & CUPCAKES BAKERY Pies & Desserts







